بەختیاری

جۆن سی ماکسوێڵ

کەسانی سەرکەوتوو چۆن بیر دەکەنەوە؟

بیرکردنەوەت بگۆڕە، ژیانت دەگۆڕێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سارا ئەنوەر

Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍
بە کۆمەڵگایەکی جوان شاری شاژن Queen city more

t.me/tanyahaji7 گرۆپی نۆڤا
Invite Link

Notifications
On

له لایەن (بوڵقار جەزا)
بە pdf کراوە

Media Links

کەسانی سەرکەوتوو
چۆن
بیردەکەنەوە

بیرکردنەوەت بگۆڕە، ژیانت دەگۆڕێت

جۆن سی ماکسوێڵ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سارا ئەنوەر

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: کەسانی سەرکەوتوو چۆن بیر دەکەنەوە

نووسەر: د. جۆن سی ماکسوێڵ

وەرگێڕ: سارا ئەنوەر

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

چاپخانە: تاران

چاپی یەکەم: ٢٠٢٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٥٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٨٥١) ساڵی ٢٠٢٠ی پێ دراوە.

پێڕست

پێڕست ____ ٣

پێشەکی ____ ٥

بەشی یەکەم

پەرەدان بە بیرکردنەوەی فراوان ____ ٧

بەشی دووەم

پابەندبوون بە بیرکردنەوەی بەتەرکیز ____ ٢٠

بەشی سێیەم

بەکارهێنانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ____ ٣٥

بەشی چوارەم

بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە(واقیع بینانە) ____ ٥٣

بەشی پێنجەم

بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ستراتیژییانە ____ ٦٧

بەشی شەشەم

درك بە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بکە ____ ٨١

بەشی حەوتەم

فێربوون لە بیرکردنەوەی لێکدانەوەییەوە ____ ٩٧

بەشی هەشتەم

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی باو ____ ١١٠

بەشی نۆیەم

بیرکردنەوەی هاوبەش ____ ١٢٤

بەشی دەیەم

پەیڕەوکردنی بیرکردنەوەی بەخشندانە ____ ١٣٧

بەشی یازدەهەم

پشتبەستن بە بیرکردنەوەی ئامانجزانانە ____ ١٤٨

بیرخەرەوەی کۆتایی ____ ١٦٠

دەربارەی نووسەر ____ ١٦٢

پێشەکی

تەنها یەك شێواز لە بیرکردنەوەی باش واتای ژیانێکی باش ناگەیەنێت. ئەوانەی تاقە شێوازێکی باشی بیرکردنەوەیان هەیە و هەوڵ دەدەن تا کۆتایی لەسەر ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە بەردەوام بن، سەرەنجام تووشی ناسۆری و ناڕەحەتی دەبن. ئەوانە خوێنەری پەرتووکەکانی یەك نووسەرن، یەك هاوڕێی تێکەڵ، یەك داهێنانەر و یەك هونەرمەندی دڵخوازیان هەیە. هەموو ژیانیان تێدەکۆشن بۆ پاراستن و برەودان بەو تاقە بیرۆکەیەی کە هەیانە. سەرکەوتن بۆ ئەوانەیە کە شاخێکی تەواو لە ئاڵتوونیان هەیە و بەردەوام ئاڵتوونی لێ هەڵدەکۆڵن، نەك ئەوانەی تەنها یەك پارچە زێڕ دەدۆزنەوە و هەوڵ دەدەن بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەسەر پارەی ئەو پارچە بژین. تا ببیت بەو کەسەی ئاڵتوونی زیاتر هەڵدەکۆڵێت، پێویستە بەردەوام بیت لەسەر پرۆسەی باش بیرکردنەوە. گرنگ نییە بە هەژاری یان دەوڵەمەندی لەدایك بوو بیت، گەر پیشەوەر بیت یان خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا، گەر خاوەن پێداویستیی تایبەت بیت یان کەسێکی لەشساغ، دەتوانیت ببیتە بیرمەندێکی باش. هەموو ئەوەیشی لەسەرتە بیکەیت ئامادەبوونی ڕۆژانەتە بۆ پابەندبوون بە پرۆسەی بیرکردنەوەوە.

ئەمە پێکهاتە ڕاستەکەی دروستبیرکردنەوەیە:

هەبوونی بیرۆکەیەکی باش و گفتوگۆ لەسەر کردنی لەگەڵ کەسێکی شارەزا لە ژینگەیەکی تەندروست و کاتێکی دروستدا بۆ هۆکارێکی دروست دەرەنجامێکی باشی دەبێت.

هەر بەشێکی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ جۆرێکی بیرکردنەوە، بە خوێندنەوەیان بۆت دەردەکەوێت کە پێت نالێن بیر لە چی بکەیتەوە، بەڵکوو فێرت دەکەن چۆن بیر بکەیتەوە. کە ئاشنا دەبیت بە هەر یەکێك لەو شێوازە بیرکردنەوانە درك بەوە دەکەیت لە هەندێکیاندا زۆر باش و لە هەندێکیاندا لاوازیت. فێر ببە هەر یەکەیان لە خۆتدا پەرە پێ بدەیت، بەمەش دەبیتە بیرمەندێکی باش و ژیانت دەگۆڕێت، چونکە شێوازی ژیانی هەر یەکێکمان زادەی بیرکردنەوەمانە.

بەشی یەکەم
پەرەدان بە بیرکردنەوەی فراوان

"لە ناوەندە سەرکەوتووەکاندا خەڵکی بە بەژنوباڵا، لەشولار، بڕوانامەی زانکۆ و ناوبانگی بنەماڵەیی هەڵناسەنگێندرێن، بەڵکوو بە قەبارەی بیرکردنەوەیان هەڵدەسەنگێندرێن." _دەیڤد شوارتز

بیرکردنەوەی فراوان سوود بە هەموو کەسێك دەگەیەنێت لە هەر بوار و پیشەیەکدا. ئەو کاتەی جاك وێلچ بە کارمەندەکانی کۆمپانیای (جێنراڵ ئیلێکتریك)ی گوت بەردەوامیی پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەردا گرنگترە لە فرۆشتنی هەر بەرهەمێك، بیرکردنەوەی فراوانی وەبیر دەهێنانەوە. کاتێك دایك و باوكێك بێزار دەبن لە فێرکردنی منداڵەکانیان بۆ چوونە ئاودەست، هەراسان دەبن لە نمرە خراپەکانیان، لە پێکدادانە هاتوچۆکانی سەردەمی هەرزەکارییان، یەکێکیان وەبیر ئەوی دیکەیانی دەهێنێتەوە کە ئەم ساتە دژوارە دۆخێکی کاتییە و تێدەپەڕێت، ئەوا سوود لە بیرکردنەوەی فراوان وەردەگرن. دۆناڵد ترەمپی خاوەن پڕۆژەی بونیادنان وتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت، " هەر دەبێت بیر بکەیتەوە کەواتە بۆ فراوان بیر ناکەیتەوە؟"

بیرکردنەوەی فراوان دیدگایەکی ڕوون و دروستی و پێگەیشتووی دەداتە بیرکردنەوەی کەسەکە و پەرە دەداتە تواناکانی.

لەگەڵ کەسانی بیرفراواندا بە و بۆت دەردەکەوێت کە ئەوان:

بەردەوام فێر دەبن

کەسانی بیرفراوان هەرگیز قایل نین بەوەی دەیزانن. هەمیشە سەردانی شوێنی تازە دەکەن، کتێبی نوێ دەخوێننەوە، خەڵکی تازە دەناسن، بەهرەی زیاتر فێر دەبن. ئەمانە فێرخوازی هەمیشەیین و بەهۆی ئەم ئەزموونەیشیانەوە هەمیشە بە شتانێك دەگەن کە کەس پێی نەگەیشتووە. بۆئەوەی وەك فێرخوازێکی هەمیشەیی بمێنمەوە، هەموو بەیانییەك کات تەرخان دەکەم بۆ بیرکردنەوە لە دەرفەتەکانی فێربوونم لەو ڕۆژەدا. کاتێك تەماشای ڕۆژژمێرەکەم دەکەم تا سەیری خشتەی ئەو ڕۆژە بکەم و بزانم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کێدا هەیە، بزانم چی دەخوینمەوە و بەشداری چ کۆبوونەوەیەك دەکەم، ئاماژە لەسەر ئەو جێیەیان دادەنێم کە دەتوانم تێیدا فێری شتێکی نوێ ببم. پاشان هزرییانە بۆ خۆمی دەستنیشان دەکەم کە بەدیقەتەوە بە دوای شتێکدا بگەڕێم بەرەوپێشم ببات لەو جێیەدا. گەر خوازیاریت بەردەوام بیت لە فێربوون، داوات لێ دەکەم ڕۆژەکەت هەڵبسەنگێنیت و بەدوای دەرفەتەکانی فێربووندا بگەڕێیت.

بەوردی گوێ دەگرن

ڕێگەیەکی نایاب بۆ زیادکردنی ئەزموون و شارەزاییت گوێگرتننە بۆ کەسێك کە لە تۆ شارەزاترە لەو بوارەی تۆ تێیدا کەمشارەزایت. خودی خۆم هەمیشە بەدوای ئەو جۆرە دەرفەتانەوەم. سالێکیان وتارم دەدا بۆ نزیکەی ٩٠٠ ڕاهێنەر و دیدەوان لە سینیەر بۆوڵ، یاریزانە دەرچووەکانی تۆپی پێی تێدا بوو کە بەشداری کۆتا یاریی کۆلێژەکەیان دەکرد. لەگەڵ زاواکەم ستیڤ میلەر دەرفەتمان بۆ ڕەخسا نانی ئێوارە بخۆین لەگەڵ هەردوو سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نیشتیمانی دەیڤ وانستێد و بوچ دەیڤس. هەمیشە دەرفەتێکی لەم چەشنە نالوێت، هەر بۆیەش دەرفەتەکەم قۆستەوە و پرسیارم لێ کردن دەربارەی (هەرەوەزی و کاری بە کۆمەڵ) کاتێکی زۆرم بەسەر برد بە گوێگرتن لە قسەکانیان. لە کۆتاییی ئێوارەکەدا کاتێك من و ستیڤ دەچووینە ناو سەیارەکەمان، پێی وتم، "چۆن گرەو دەکەم ئەمشەو سەد پرسیارت لەو ڕاهێنەرانە کرد."

منیش پێم وت، "گەر بمەوێت فێر ببم و بەرەوپێش بچم پێویستە بزانم دەبێت چ پرسیارگەلێك بپرسم و چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە لە ژیانمدا بەکار بهێنم. گوێگرتن زیاتری فێر کردووم وەك لە قسەکردن."

کاتێك لەگەڵ خەڵکی کۆ دەبیتەوە، وا باشە کارنامەی فێربوونت هەبێت. ئەوە ڕێگایەکی ناوازەیە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ

ئەو کەسانەی وا دەتوانن شتگەلێك بکەن کە تۆ ناتوانیت. کەسانی بیرفراوان دەزانن کە زۆرشت نازانن. زوو زوو پرسیارگەلی زیرەکانە دەپرسن بۆ فراوانکردنی ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان. گەر دەتەوێت ببیتە کەسێکی بیرفراوانی باشتر، ببە بە گوێگرێکی باش.

وردبینن

نووسەر دەیڤد هێنری سۆرەو نووسیویەتی، "هەرچەندە زۆرینەی ماددەکان لە مەودای بینینماندان بەڵام نایانبینن، چونکە لە مەودای هزرماندا نین." مرۆڤەکان لە پێشدا هەمیشە جیهانی خۆیان دەبینن، بۆ نموونە کاتێك خەڵکی بەشداری کۆنفرانسێکی سازدراوی کۆمپانیاکەی من دەکەن کە دەربارەی سەرکردایەتیکردنە، دەیانەوێت بزانن لە کوێ ئۆتۆمبێلەکانیان ڕابگرن، ئایا کورسییەکی باش و جێیەکی ئاسوودەیان بەر دەکەوێت، ئایا بڵندگۆکە دەخرێتە ئیش، ئایا کاتی پشوو وەرگرتن ڕێك دەبێت. کاتێك منیش ئامادە دەبم تا وتار بدەم لە هەمان کۆنفرانسدا، دەمەوێت بزانم ئایا ڕووناکییەکە باشە، ئایا بڵندگۆکە بە دروستی کار دەکات، ئایا دەنگەکە باش دەگاتە گوێی ئامادەبووان و هتد... جۆری کەسایەتیت دیاریکەری مەودای بینینت و چۆنییەتیی بیرکردنەوەتە.

کەسانی بیرفراوان دەزانن لە دەرەوەی خۆیان جیهانێك بوونی هەیە، هەوڵ دەدەن بۆ دەرچوون لە جیهانە تایبەتییەکەی

خۆیان، تاکوو بە چاوەکانی خۆیان جیهانی کەسانی تر ببینن. قورسە تەواوی وێنەیەك ببینیت کە لەناو چوارچێوەدایە. تا بەو چەشنە ببینیت کە کەسانی تر دەبینن، سەرەتا پێویستە بزانیت ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، بوونت بە گوێگرێکی باش زۆر یارمەتیدەرت دەبێت لەوەدا. بەم جۆرەش بەسەر شێوازە باوەکەی خۆتدا زاڵ بیت و هەوڵی وەرگرتنی بیروبۆچوونی کەسەکەی تر دەدەیت.

دروست دەژین

وتارنووسی فەرەنسی میشێڵ دی مانتەین نووسیویەتی، "نرخی ژیان لە درێژی تەمەندا نییە، بەڵکوو لەوەدایە ئەو تەمەنە لە چیدا بەکار دەهێنین، ڕەنگە مرۆڤ زۆر بژی بەڵام کەم چێژ لە ژیان وەربگرێت." ڕاستییەکە ئەوەیە تۆ دەتوانیت ژیانت بە هەر جۆرێك ببەیتە سەر کە دەتەوێت، بەڵام تەنیا یەك جار دەژیت. بوونت بە کەسێکی بیرفراوان یارمەتیدەرت دەبێت دروست بژیت، ژیانێکی پڕدەستکەوت بژیت. کەسانی بیرفراوان شارەزاییان زیاد دەکات چونکە جیهانە تایبەتییەکەی خۆیان فراوان دەکەن. لە سەرەنجامدا زیاتر وەدەست دەهێنن لەچاو کەسانی بیرتەسکدا. کەمتر ئەزموونی هەژەندی نەخوازراو دەکەن، چونکە بەهۆی بیرفراوانییانەوە پێشبینیی زۆرینەی ئەو ئەگەرانە دەکەن کە دەشێت لە هەر دۆخێکدا بێتە ڕێیان وەك کێشەکان، کەسەکان، پەیوەندییەکان، کاتدانان و بەهاکان. هەر بۆیەش ئەمان

سنگفراوانترن دەربارەی جۆری کەسایەتیی کەسانی تر و شێوازی بیرکردنەوەیان.

بۆچی پێویستە کەسێکی بیرفراوان بیت؟

خودکارانە بۆت دەردەکەوێت بیرکردنەوەی فراوان بەسوودە. کەمینەی خەڵکی دەیانەوێت کەسانی بیرتەسك و مێشکداخراو بن، کەس ئارەزوو ناکات بەو جۆرە بێت. بەڵام گەر هێشتاش تەواو دڵقایم نیت لەوەی کە بیرفراوانی بژاردە دروستەکەیە، ئەم چەند هۆکارە جیاوازەی خوارەوە لەبەرچاو بگرە، تاکوو بزانیت بۆچی دەبێت هەوڵ بدەیت ببیتە کەسێکی بیرفراوان:

١. بیرکردنەوەی فراوان وات لێ دەکات سەرکردایەتی بکەیت

کەسانێکی زۆری بیرفراوان هەن کە سەرکردە نین، بەڵام زۆر کەم سەرکردە هەن کە بیرفراوان نەبن. سەرکردەکان پێویستە بتوانن شتگەلی گرنگ بکەن بۆ خەڵکەکەیان لەوانەش:

- **پێش خەڵکەکەیان شتەکان ببینن. ئەوەش ڕێگەخۆشکەرە بۆیان کە**

دەست بەسەر بارودۆخەکەدا بگرن، شتگەلی جیاواز بەهەند وەربگرن. سەرکردە بیرفراوانەکان لە هەر دۆخێکی نوێدا دەرفەت و ڕێگرییەکان درك پێ دەکەن بۆ ڕێکخستنی تێڕوانینیان. هەر کە ئەمەشیان کرد دەتوانن

● نەخشەڕێی ئەو ئاستە بکێشن کە تیمەکەیان پێی دەگات، وەك هەر ئاڵنگارییەکی بەسوود و کۆسپێك. ئامانجی سەرکردە نابێت تەنیا ئەوە بێت کە خەڵکەکەی هەست بە باشی بکەن، بەڵکوو دەبێت یارمەتییان بدات تا سەرکەوتوو بن و خەونەکانیان بێننە دی. ئەو تێڕوانینە ڕوونەی سەرکردەکانیش یارمەتییان دەدات کە

● پیشانی بدەن چۆن داهاتوو پەیوەندی هەیە بە ڕابردووەوە، تاوکو بەرەوپێشچوونەکەیان مانادارتر بکات. کاتێك سەرکردەکان درك بە گرنگیی ئەم پێکەوەبەستنە دەکەن دەتوانن

●دەرفەت بقۆزنەوە لە کاتی گونجاودا. لە سەرکردایەتیکردندا، کاتی دەستبەکاربوون بۆ هەر کارێك هێندەی کردنی کارەکە گرنگە. هەروەك وینستن چەرچڵ وتویەتی، " لە ژیانی هەر کەسێکدا دەرفەتێکی زێڕین دێتە پێش، ئەوە ئەو دەرفەتەیە کە ئەو کەسە لەپێناویدا لەدایك بووە، ئەو کاتەی ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە، باشترین کاتی ژیانیەتی."

گەر خەریکی دروستکردنی ڕێگەیەکیت، بەرنامەڕێژی بۆ گەشتێك دەکەیت یاخود سەرکردایەتی دەکەیت، بیرکردنەوەی فراوان وات لێ دەکات چێژ لە سەرکەوتنی زیاتر ببینیت لەو

شتەی کە دەیکەیت. کەسانی بیرفراوان باشترین دەرفەتیان هەیە تا سەرکەوتوو بن لە هەر کارێکدا.

٢. بیرکردنەوەی فراوان بە ئامانجداری دەتهێڵێتەوە

تۆماس فولەری قەشەی چارلسی دووەمی ئینگلتەرا وتویەتی، "ئەو کەسەی لە یەك کاتدا هەوڵی ڕاپەڕاندنی چەند کارێك بدات لە هیچیاندا سەرکەوتوو نابێت." هەروەك چۆن دەڵێن، "ئەوەی بەدوای دوو کەروێشکدا ڕابکات هیچیانی پێ ناگیرێت." بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێنیت پێویستە تەرکیزت هەبێت بەڵام بۆ ئەوەی کارە دروستەکان بکەیت پێویستە لە پاڵ تەرکیزەکەدا بیرفراوانیش بیت. تەنیا بە دانانی چالاکییەکانی ڕۆژانەت لەناو بیرکردنەوەیەکی فراواندا دەتوانیت بە ئامانجداری بمێنیتەوە. هەروەك ئالڤین تۆفلەر دەڵێت، "لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاری بچووکدا پێویستە بیر لە شتی گەورە بکەیتەوە، تاکوو شتە بچووکەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی دروست بڕۆن."

٣. بیرکردنەوەی فراوان وات لێ دەکات ئەوە ببینیت کە کەسانی تر دەیبینن.

یەکێك لە بەهرە هەرە گرنگەکان کە دەتوانیت پەرەی پێ بدەیت لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ خەڵکیدا توانای بینینی شتەکانە لە چاوی کەسی بەرانبەرەوە. ئەوە یەکێکە لە نهێنییەکانی درێژەدان بە پەیوەندیی هاوسەرگیری،

پەروەردەکردنی منداڵ، یارمەتیدانی کەسانی هەژار، مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیارەکان، قایلکردنی مشتەرییەکان و هتد.

تێکەڵاویی مرۆڤەکان لەناو یەکدا پەرە دەسێنێت کاتێک کەسەکان خۆیان دەخەنە جێی یەکتری. چۆن ئەوە بکەین؟ تەماشای دەرەوەی خۆت و ئارەزووەکانت و جیهانە تایبەتییەکەت بکە. کاتێک خەریکیت تا لە هەر گۆشەیەکەوە درک بە کێشەیەک بکەیت لە ڕۆشنایی ئەزموونی کەسێکی ترەوە هەڵسەنگاندنەکەت بکە، خواست و نیگەرانی کەسانی تر دەستنیشان بکە، هەوڵ بدە کارنامەی خۆت وەلا بنێیت، ئینجا ئەوە دەبینیت کە خەڵکی دەیبینن. ئەمەش شتێکی بەهێزە.

٤. بیرکردنەوەی فراوان برەو دەداتە گیانی هاوکاری و کاری هەرەوەزی

کاتێک بەشداریت کرد لە هەر جۆرە کارێکی تیمەکیدا، ئینجا بۆت دەردەکەوێت چەندێک گرنگە ئەندامانی تیمەکە بیرفراوان بن. هەر کاتێک کەسێک لە کەسەکانی ناو تیمەکە نەزانێت چۆن کارەکەی پەیوەندی هەیە بە کاری هاوکارەکەیەوە، ئەوا هەموو تیمەکە لە کێشەدا دەبن. هەتا ئەندامەکان زیاتر بیرفراوان بن، توانای هەرەوەزییان زیاد دەکات.

٥. بیرکردنەوەی فراوات بەدوورت دەگرێت لە ڕۆتینات

ڕاشکاوانە: هەندێک شتی ڕۆژانە زۆر گرنگن بەڵام کەیفمان بە هەموویان نایەت. کەسانی بیرفراوان ڕێگە نادەن بێزاری ڕوویان

تی بکات، چونکە هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ شتەکان دەکەن. دەزانن ئەو کەسەی داهاتوو لەبیر دەکات کۆیلە و وابەستەی ئێستایە.

٦. بیرکردنەوەی فراوان یارمەتیت دەدات تا نەخشەی هەرێمێکی نەخشە نەکێشراو بکێشیت.

ئایا قەت ئەم دەربڕینەت بیستووە، "بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە کاتێک گەیشتینە سەر پردەکە"؟ بێگومان ئەم دەربڕینە داهێنراوی کەسێکە کە بیرفراوان نەبووە. جیهان بونیادنراوی دەستی ئەو کەسانەیە کە پێش هەموو کەس لە مێشکی خۆیاندا بەسەر پردەکەدا پەڕیونەتەوە نەك ئەو کەسانەی چاوەڕێی ساتی پەڕینەوەیانن بەسەر پردەکەدا. تاکە ڕێگە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نوێ و ڕۆیشتنت ڕووەو هەرێمێکی نەدۆزراوە ئەوەیە کە تەنها دۆخی ئێستات نەبینیت، بەڵکوو دووربین و بیرفراوانیش بیت.

چۆن فێری بیرکردنەوەی فراوان ببیت؟

گەر دەتەوێت دەرفەتی نوێ بقۆزیتەوە و ئاسۆیەکی نوێ بە ڕووی خۆتدا والا بکەیت، ئەوا پێویستە بیرفراوانی لە خۆتدا بەرجەستە بکەیت. تا ببیتە بیرمەندێکی بیرفراوانی باشتر، ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بکە بە ئەڵقە و بیانخە گوێت:

١. هەمیشە بە دوای مسۆگەرییەوە مەبە

کەسانی بیرفراوان لەگەڵ نامسۆگەریدا تەواو ئاسوودەن. هەوڵ نادەن هەموو تێبینی و بەشەزانیارییەك بخەنە ناو خانەکانی مێشکیان. فراوان بیردەکەنەوە و بیرۆکە دژیەکەکانی ناو مێشکیان ڕێك دەخەن. گەر دەتەوێت پەرە بە تواناکانت بدەیت تا فراوان بیر بکەیتەوە، پێویستە ڕابێیت لە قبوڵکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە ئاڵۆز و هەمەچەشنەکاندا.

٢. لە هەر ئەزموونێکەوە فێر ببە

کەسانی بیرفراوان تێڕوانینیان فراوان دەکەن بە پەرۆشییان بۆ فێربوون لە هەر ئەزموونێکەوە. پشت بە سەرکەوتنەکانیان نابەستن، بەڵکوو لێیانەوە فێر دەبن. لە هەمووشی گرنگتر لە شکستەکانیشەوە فێر دەبن. ئەو کارەش بۆ ئەوان ئاسانە چونکە ئەوان فێرخوازی هەمیشەیین.

ئەزموونی هەمەچەشنەی ئەرێنی و نەرێنی بیری مرۆڤ فراوان دەکەن. ئەزموونی زیاتر و سەرکەوتنی زیاتر، توانای فێربوونت زیاتر دەکەن. گەر خوازیاریت ببیتە کەسێکی بیرفراوان هەنگاو هەڵگرە و خۆت لە قەرەی زۆر شت بدە، بەختگەلی زۆر تاقی بکەرەوە پاشان لە هەر سەرکەوتن و شکستێکەوە فێر ببە.

٣. بیرۆکەی کەسانی جیاواز وەربگرە

کەسانی بیرفراوان لە ئەزموونی خۆیانەوە فێر دەبن. هەروەها لەو ئەزموونانەیشەوە فێر دەبن کە خۆیان ئەزموونیان نەکردوون

و ئەزموونی کەسانی ترن. ئەمەش دەکەن بە وەرگرتنی بیرۆکەی کەسانی تری وەک: هاورێکانیان، سەرکردەکانیان، کارمەندەکانیان و مشتەرییەکانیان.

گەر دەتەوێت هزرفراوان بیت و زیاتر درک پێ بکەیت، ئەوا بەدوای رێنمایکاردا بگەرێ تا رێنمایت بکەن. بەڵام بزانە داوای رێنمایی لە کێ دەکەیت. رێنمایی وەرگرتن لە کەسانی جیاواز واتای ئەوە نییە هەر کەست بینی لە راڕەو و سەوزەفرۆشییەکاندا بیوەستێنیت و رایان وەربگریت دەربارەی ئەو بابەتەی کە دەتەوێت. کەسانی دروست دەستنیشان بکە. قسە بۆ ئەو کەسانە بکە کە دەتناسن و بۆیان گرنگیت، ئەوانەی شارەزان لە بوارەکەی خۆیاندا، ئەوانەی لە خۆت بەئەزموونترن.

٤. ڕوخسەت بە خۆت بدە تا جیهانە تایبەتییەکەت فراوان بکەیت

گەر دەتەوێت کەسێکی بیرفراوان بیت، پێویستە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵکی هەنگاو هەڵگریت، کۆمەڵگە دەیەوێت تاکەکان لەناو قەفەزدا بمێننەوە و جیهانبین نەبن. زۆرینەی خەڵکی وابەستەن بە بارودۆخی ئێستایانەوە، ئەوەیان دەوێت کە لەدەستیان چووە نەک ئەوەی کە بۆیان دێتە پێش. تا ببیتە کەسێکی بیرفراوان پێویستە ڕوخسەت بە خۆت بدەیت کە ڕووەو ئاراستەیەکی جیاواز بڕۆیت، ڕێگەیەکی تازە بدۆزیتەوە، فەرمانڕەوایی جیهانێکی تازەدۆزراوەی دەستی خۆت بکەیت. کاتێک جیهانەکەت فراوانتر

دەبێت، دەبێت پێی دڵخۆش بیت و ئاهەنگی بۆ بگێڕێت. بیرت بێت لە جیهاندا هەمیشە لەوە زیاتر هەیە کە تۆ ئەزموونت کردووە.

گەر دەتەوێت بیرمەندێکی باش بیت ئەوا پێویستە بەردەوام بیت لە فێربوون، بەردەوام بیت لە گەشەکردن، بەردەوام بیت لە فراوانبیرکردنەوە!

پرسیاری فیکری

ئایا من لە دەرەوەی جیهانە تایبەتییەکەی خۆم بیر دەکەمەوە، تاکوو بە تێڕوانینێکی گشتگیرەوە بیرۆکەکانم ئامادە بکەم؟

بەشی دووەم
پابەندبوون بە بیرکردنەوەی بەتەرکیز

"ئەوەندە بە تەرکیزەوە دەستی دەدایە هەر کارێك وەك ئەوەی ئەوە تاکە کار بێت تا بیکات." —چارلس دیکنس

بێرتراند ڕاسڵی فەیلەسووف گوتویەتی، "هەبوونی تەرکیز بۆ ماوەیەکی زۆر، بنەمای سەرەکی وەدەستهێنانی دەستکەوتێکی مەزنە." ڕۆبێرت لیندی کۆمەڵناسیش گوتویەتی،" زانست هێزە، تەنیا ئەو کاتەی کەسەکە بزانێت خۆی بە چ زانیارییەکەوە سەرقاڵ بکات." بیرکردنەوەی بەتەرکیز بیربڵاوی و پەرتەوازەیی هزرت ناهێڵێت، تاکوو بتوانیت تەرکیز بخەیتە سەر یەك بابەت و بەڕوونی بیر بکەیتەوە. بیرکردنەوەی بەتەرکیز دەتوانێت چەند شتێکت بۆ بکات لەوانە:

١. بیرکردنەوەی بەتەرکیز وزەت دەداتێ ڕووەو ئامانجێکی خوازراو

تەرکیز وزە و هێز دەبەخشێتە هەموو شتێك، جا ئەو شتە جەستەیی بێت یان هزری. گەر خەریکی فێربوونی چۆنییەتیی هاویشتنی تۆپی بەیسبۆڵیت و دەتەوێت پەرە بدەیتە شێوازی هاویشتنی تۆپەکەت، ئەوا لە کاتی مەشقدا بیرکردنەوەی بەتەرکیز

پەرە دەداتە شێوازی یاریکردنت. گەر دەتەوێت ڕەوتی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەت باشتر بکەیت، بیرکردنەوەی بەتەرکیز یارمەتیت دەدات باشترین شێواز پەرە پێ بدەیت. گەر دەتەوێت هاوکێشەیەکی قورسی بیرکاری شیکار بکەیت بیرکردنەوەی بەتەرکیز دەتگەیەنێتە چارەسەر. هەتا کێشە و ئاریشە گەورەتر بێت، بیرکردنەوەی بەتەرکیزی زیاتر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی.

٢. بیرکردنەوەی بەتەرکیز بوار دەداتە بیرۆکەکانت تا گەشە بکەن.

حەزم لە داهێنانی بیرۆکە و پەرەپێدانیانە. زۆر جاران تیمە داهێنەرەکەم کۆ دەکەمەوە بۆ ڕاگۆڕینەوە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە. سەرەتا کاتێك کۆ دەبینەوە، خۆمان تەواو شەکەت دەکەین ئەوەندە بیر دەکەینەوە، تاکوو هەرچەندی بیرۆکە هەیە بێت بە مێشکماندا، بەهۆی گۆڕینەوەی بیرۆکە باشەکانیشەوە هەمیشە دەگەینە چارەسەرێکی باش.

بەڵام بۆ پەرەدان بە بیرۆکەکانت بۆ ئاستێکی بەرزتر پێویستە بیرکردنەوەکانت لە پەرتەوازەیییەوە ببنە دیاریکراو. بیرۆکەیەکی باش دەگۆڕدرێت بۆ بیرۆکەیەکی باشتر کاتێك بە تەرکیزەوە کاری لەسەر بکرێت. ئاشکرایە تەرکیزکردن لەسەر تاقە بیرۆکەیەك بۆ ماوەیەکی زۆر بێزارکەرە. چەندەها ڕۆژ بەسەر دەبەم بە تەرکیزکردن لەسەر تاقە بیرۆکەیەك و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی، تەنها بۆ ئەوەی درێخی نەکەم لە هەوڵدان و دڵنیا ببمەوە کە

ناتوانم پەرەی پێ بدەم. بەڵام هەندێك جاریش ئەو بیرکردنەوە قووڵە چەند ڕۆژیە دەمگەیەنێتە شتێکی باش و خۆشییەکی زۆرم بۆ دێنێت. کاتێك بە باشترین شێوە بەتەرکیزەوە بیر دەکەمەوە تەنیا بیرۆکەکەم بەرەوپێش ناچێت، بەڵکوو خۆیشم بەرەوپێش دەچم.

٣. بیرکردنەوەی بەتەرکیز ڕوونێنی دەداتە ئامانجەکەت.

یاریی گۆڵف یەکێکە لە خولیاکانم . یارییەکی خۆشی پڕ لە ئاڵنگارییە. حەزم لێیەتی چونکە هەموو شتەکانی ڕوونن. پڕۆفیسۆر ویلیام مۆبلی لە زانکۆی ساوس کالیفۆڕنیا ئەم چەند تێبینییەی هەبووە سەبارەت بە یاریی گۆڵف:

یەکێك لە شتە هەرە گرنگەکانی یاری گۆڵفدا ڕوونێتییەکەیەتی. ئالآکە دەبینیت، پێکڕای ژمارەی تۆپە لێدراوەکان دەزانیت، هەروەها پێکڕای خاڵی ڕکابەرەکەیشت دەزانیت. چ لە گۆڵف و چ لە کاردا ئەم بەرچاوڕوونییانە وات لێ دەکەن ئامانجەکەت بپێکیت.

جارێکیان لە خوولی یاریی گۆڵفدا، شوێنی گۆڵفەرێك کەوتم کە بیری چووبوو ئالآکە بخاتەوە ناو ئەو چاڵەی کە پێشتر تێیدا داینابوو. بەهۆی ئەوەی کە نەمدەتوانی ئامانجەکەم ببینم، نەمدەتوانی بەتەواوی تەرکیز بکەم. تەرکیزم پەرتەوازە بووبوو هەر بۆیەش زۆر خراپ یاریم کرد. تا ببیتە گۆڵفەرێکی باش پێویستە تەرکیز بخەیتە سەر ئامانجێکی ڕوون. ئەم دۆخە بۆ

بیرکردنەوەیش هەمان شتە، تەرکیز وات لێ دەکات ئامانجەکەت بزانیت و بەدەستی بهێنیت.

٤. بیرکردنەوەی بەتەرکیز دەتگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر

هیچ کەس ناگاتە ئاستی بالآ بە فرەپیشەیی. بەتەواوی فێری شتێك نابیت بە کەمکردنەوەی تەرکیزت لەسەر گەشەسەندنی. تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر تەرکیزکردنە. جا گرنگ نییە گەر ئامانجەکەت بەرزکردنەوەی ئاستی یاریکردن، نوێکردنەوەی پلانی کارەکەت، زیادکردنی قازانجی گشتییت، مەشقکردن بە ژێردەستەکانت یاخود چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانت بێت. پێویستە لە هەموویاندا تەرکیزت هەبێت. نووسەر هاری ئەی ئۆڤەرستریت وتویەتی، "ئەقڵی ناکامڵ لە شتێکەوە باز دەداتە سەر شتێکی تر، بەڵام ئەقڵی کامڵ بەردەوام دەبێت لەسەر شتێك تا بەئەنجامی دەگەیەنێت.

پێویستە تەرکیزت بخەیتە سەر چی؟

ئایا هەموو شتێکی ژیانت پێویستی بە بیرکردنەوەی بەتەرکیزە؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە نەخێرە. لە بیرکردنەوەی بەتەرکیزدا دیاریکراو بە نەك گشتگیر. بۆ من دیاریکراوی واتە کاتتەرخانکردن بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە چوار بواردا ئەوانیش: سەرکردایەتیکردن، داهێنان، پەیوەندی و نێتوێرکینگی نێودەوڵەتی. بەدڵنیاییەوە بژاردەکانی تۆ جیاوازن لەوانەی من.

ئەمانە چەند پێشنیارێکن تا هاریکارت بن لە دیاریکردنی بژاردەکانتدا:

سەرەکیترینی کارەکانت دیاری بکە

سەرەتا، کارە گرنگەکانی خۆت، خێزانەکەت و تیمەکەت جیا بکەرەوە. نووسەر، ڕاوێژکار و بیرمەندی براوەی خەڵات ئێدوارد دیبۆنۆ نووسیویەتی، "گەیشتنە دەرەنجام ئەو قۆناغەیە کە ئیدی شەکەت دەبیت لە بیرکردنەوە." بەداخەوە زۆرینەی خەڵکی سەرەکیترینی شتەکانیان دیاری دەکەن لەو کاتەی تێک شکاون و بێهێزن، بەدڵنیاییەوە لەو کاتەدا هەر حەز ناکەیت دیارییان بکەیت و نایشتەوێت خەڵکی کارنامەت بۆ دابنێن، هەر بۆیەش دیاریکردنەکەت کەموکورت دەبێت.

زۆر ڕێگە هەن تا سەرەکیترین کارەکانتی پێ دیاری بکەیت. گەر باش خۆت دەناسیت، دەست پێ بکە بە تەرکیزخستنەسەر خاڵە بەهێزەکانت، ئەو شتانەی کە باشترین بەکارهێنەری بەهرەو توانا خواپێداوەکانتن و هەر شتێك کە زۆرترین قازانج و دەسمایەت بۆ بهێنێت. بە باشترین شێوە ئەو کارە بکە کە زۆر زۆرت حەز لێیەتی. دەتوانیت یاسای 80/20 بەکار بهێنیت. واتە سەدا هەشتای هەوڵدانت بەکار بهێنە بۆ سەدا بیستی گرنگترین کارەکانت. ڕێگەیەکی تر تەرکیز خستنە سەر ئەو دەرفەتە ناوازانەیە کە قازانجێکی زۆرت بۆ دێنن. کورتوپوخت واتە: تەرکیز بخە سەر ئەو بوارانەی کە سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنیت.

بەهرەکانت درك پیّ بکە

هەموو کەس خودئاگا نین و سوودی تەواوەتی وەرناگرن لە بەهرەکانیان، بەخششەکانیان و شارەزاییەکانیان. وەك کارەکتەری کارتۆنی چارلی براون ڕۆژێکیان دوای ئەوەی لە یاریی بەیسبۆڵ دەرکرا وتی، "بەدبەختم! هەرگیز نابمە یاریزانی پاڵەوانێتییە گەورەکان. من ئەو بەهرەیەم تێدا نییە! هەموو ژیانم خەونم بە یاریکردن لە پاڵەوانێتییە گەورەکاندا بینیووە، بەڵام هەرگیز پێی ناگەم."

لەو کاتەدا لووسی وەڵامی دایەوە و وتی، "چارلی تۆ زۆر بیر لە داهاتوو دەکەیتەوە. ئەوەی لەسەرتە تەنیا دانانی ئامانجی خێرایە بۆ خۆت."

بۆ ماوەیەك چارلی هەستی بە هەبوونی هیوا کرد و وتی، "ئامانجی خێرا؟"

لووسی وتی،"بەڵێ، لە یاریی داهاتووەوە دەست پیّ بکە. هەوڵ بدە کاتێك تۆپەکە دەهاوێژیت، لە یاریگاکە بێیتە دەرەوە بەبێ شکستهێنان."

زۆر کەسم دیوە لە خانەوادەیەکدا گەورە بوون کە پڕ بووە لە لووسی ناوەکان. تەنیا کەمێك هاندان و پەسەندییان پیّ دەدرێت، لە ئەنجامیشدا توشی لەڕێلادان دەبن. گەر پێشینەیەکی لەو چەشنەت هەیە، پێویستە زۆر بەقورسی کۆشش بکەیت، تاکوو بزانیت بەهرەکانت چین. کورتە ژیاننامەیەك بۆ خۆت دروست بکە

بە دیسك یاخود جۆرەکانی کەسایەتی بە پێوانەی مایرس برێگس. قسە لەگەڵ ئەندامەکانی خێزانەکەت بکە تا بزانیت ئەوان پێیان وایە تۆ لە چ شتێکدا زۆر باشیت. کاتی زیاتر بەسەر ببە بە بیرکردنەوە لە سەرکەوتنەکانی ڕابردووت تەنیا سەرکەوتنەکان. گەر دەتەوێت تەرکیز بخەیتە سەر خاڵە بەهێزەکانت، پێویستە بزانیت خاڵە بەهێزەکانت چین.

خەونت هەبێت

گەر دەتەوێت دەستکەوتی گەورەت بەدەست بهێنیت، پێویستە خەونی گەورەت هەبێت. گەر دڵنیا نیت لە خەونەکەت بیرکردنەوەی بەتەرکیز بەکار بهێنە تا بزانیت خەونەکەت چییە. گەر لە کاتی بیرکردنەوەکەدا ناوە ناوە هزرت گەڕایەوە سەر شتێکی دیاریکراو، ئەوا ڕەنگە خەونەکەت لەو شتەدا بێت. زیاتر بەتەرکیزەوە بیر لەو شتە بکەرەوە بزانە چی ڕوو دەدات. کە خەونەکەتت درك پێ کرد، بەردەوام بە بەبێ دووبارە بیرکردنەوە. ئەم ئامۆژگارییەی ساچل پیەجەی وەرگرە کە دەڵێت: "تەماشای دواوە مەکە ڕەنگە ئەو شتەی هەوڵت بۆی داوە لێت نزیك ببێتەوە."

هەتا گەنجتر بیت، زیاتر تەرکیز دەخەیتە سەر شتگەلی جیاواز. ئەوەش شتێکی چاکە، مادام گەنجیت زیاتر خۆت دەناسیت و خاڵە بەهیز و لاوازەکانی خۆت دەزانیت. گەر هەموو تەرکیزت بخەیتە سەر یەك شت و پاشان خواستت گۆڕا، ئەوا

باشترین وزەی مێشکتت لەدەست داوە. هەتا بەتەمەنتر و بەئەزموونتر ببیت، زیاتر بیرکردنەوەی بەتەرکیزت پێویستە. هەتا زیاتر بەرەوپێش بچیت، زیاتر بەتەرکیز دەبیت و پێویستیشە وا بیت.

چۆن بتوانیت بە تەرکیزداری بمێنیتەوە؟

دوای ئەوەی یەکلایی بوویتەوە، کە بیر لە چی بکەیتەوە، پێویستە بزانیت چۆن باشتر تەرکیز بخەیتە سەر ئەو شتە. ئەمانەش پێنج پێشنیارن کە یارمەتیدەرت دەبن لەوەدا:

١. بیربڵاوییت مەهێڵە.

لەم کەلتوورەی ئێستادا بنبڕکردنی بیربڵاوی شتێکی ئاسان نییە، بەڵام شتێکی گرنگە. چۆن بیربڵاویمان بنبڕ بکەین؟

یەکەم، بە یاسای سەرەکیترین واتە کارکردن بەپێی ڕیزبەندی لە سەرەکیترینەوە بەرەو لاوەکیترین. سەرەتا کارە ئاسانەکان، یان کارە گرانەکان، یاخود کارە بەپەلەکان مەکە، بەڵکوو کامە یەکەم کارە سەرەتا ئەوە بکە. یەکەم کاریش واتە ئەو کارەی کە زۆرترین قازانجت بۆ بهێنێت. لەم ڕێگەیەشەوە بیربڵاویت زۆر کەم دەبێتەوە.

دووەم، خۆت دابڕە لە بیربڵاوی. خودی خۆم پێویستم بە خشتەی کاتە، تاکوو بەبێ بچڕان بیر بکەمەوە. لەمەدا هونەرێك بەکار دەهێنم، هونەرەکەش ئەوەیە کە لەکاتێکدا کە پێویستە بیر بکەمەوە، خۆم دادەبڕم و دەچم بۆ شوێنی بیرکردنەوەم، تاکوو

بەبێ بچڕان بیر بکەمەوە. وەك خاوەنی چەند کۆمپانیایەك بەهۆی بەرپرسیارێتییەکانمەوە هەمیشە دوچاری تەنگەژەیەك دەبمەوە ئەویش پێویستیمە بۆ تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکی و پێویستیم بۆ خۆدابڕین و دوورکەتنەوەم لێیان لە کاتی بیرکردنەوەدا. باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگەژەیەش تێگەیشتنە لە گرنگیی هەردووکیان. تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکدا ڕێگەخۆشکەرە تا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم و پێویستییەکانیان بزانم. دوورکەوتنەوەشم لە خەڵکی ڕێگەخۆشکەرە، تاکوو بیر لە ڕێگاکان بکەمەوە بۆ سوودپێگەیاندنیان.

ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە کە گرنگی بە هەردووکیان بدەیت. گەر خۆت سروشتییەن کەسێکی دوورەپەرێزیت، ئەوا زوو زوو تێکەڵی خەڵك بکە. گەر کەسێکی هەمیشە سەرقاڵیت و کەم کاتت هەیە بۆ تەنهابوون و بیرکردنەوە، ئەوا ماوە ماوە خۆت لە خەڵکی دابڕە، تاکوو پەردە لەسەر توانای شاراوەی بیرکردنەوەی بەتەرکیزت لا بدەیت. جەستەت لە هەر شوێنێك بوو با مێشکیشت لەوێ بێت.

٢. کات تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوەی بەتەرکیز

هەر کە شوێنێکت هەبوو بۆ بیرکردنەوە، پێویستیشت بە کاتە بۆ بیرکردنەوە. بەهۆی بەرەوپێشچوونە خێراکەی کۆمەڵگەکەیشمانەوە، خەڵکی زیاد لە ئیشێك دەکەن لە هەمان کاتدا. بەڵام ئەوە بیرۆکەیەکی باش نییە هەموو کات. بە

هەڵپەکردنت لە ئیشێکەوە بۆ ئیشێکی تر، ٤٠٪ی توانا و کارامەییت لەدەست دەدەیت. بەپێی توێژینەوەکان، " گەر دەتەوێت کۆمەڵێك شت تەواو بکەیت لە یەك کاتدا، ئەوا زیاتر تەواو دەکەیت بە تەرکیزکردنت لەسەر یەك ئیش، نەك بە هەڵپەکردن و ڕاکردنت لە ئیشێکەوە بۆ ئیشێکی تر."

ساڵانێکە درکم بەوە کردووە کە باشترین کاتی بیرکردنەوەی من تاقی بەیانیانە. هەر کات بۆم بلوێت، بەیانیانم تەرخان دەکەم بۆ بیرکردنەوە و نووسین. یەکێك لە ڕێگاکان بۆ بیرکردنەوەی بەتەرکیز ئەوەیە کە یاسای کارکردن لە یەك بواردا بەسەر خۆتدا بسەپێنیت. ڕێگە بە خۆت مەدە تەماشای ئیمەیڵ و سایتە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت پێش کاتژمێر ١٠ی بەیانی، لەبریی ئەوە هەموو وزەت بدە یەکەمین و سەرەکیترین کارت. کاتبەرە بێبەرهەمەکان وەلا بنێ، تاکوو بتوانیت کاتی بیرکردنەوە بۆ خۆت بسازێنیت.

٣. پێویستییەکانی بیرکردنەوەی بەتەرکیز بخە بەر دەستت

ڕاڵف واڵدۆ ئیمێرسنی گەورە بیرمەند پێی وایە، " تەرکیز نهێنی هێزە لە کایەکانی سیاسەت، جەنگ، بازرگانی، و هەموو کاروبارەکانی مرۆڤدا." پێویستییەکانم دەخەمە بەر دەستم، تاکوو یارمەتیم بدات تەرکیز بخەمە سەر ئەو شتانەی کە بۆم گرنگن. یەکێك لە ڕێگەکان پرسیارکردنە لە یاریدەدەرەکەم لیندا

ئێگەرز، تاکوو پەرە بەو شتە بدەین کە بۆم گرنگە، پرسیارم لێ دەکات دەربارەی شتەکە و زانیاری زیادەم دەداتێ لەسەری.

هەروەها پەڕەیەك یاخود فایلێك لەسەر مێزەکەم دادەنێم بۆ ئەوەی ڕۆژانە لە بەر چاوم بێت لە کاتی ئیشکردندا. سەرکەوتووانە ٣٠ ساڵە ئەم ستراتیژییە یارمەتیم دەدات لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکە و پەرەپێدانیدا. گەر هەرگیز ئەم ستراتیژییەت بەکار نەبردووە داوات لێ دەکەم تاقی بکەیتەوە. دەربارەی ئەمە زیاترت پێ دەڵێم لە بەشی حەوتەمدا.

٤. ئامانج دابنێ

ئامانج گرنگە. مێشك تەرکیز دەخاتە سەر ئامانجێکی ڕوون نەك ناڕوونێتی. ئامانجی هەبوونی ئامانجیش بۆ تەرکیزخستنەسەر شتێکی دیاریکراو و پێدانی ئاڕاستەیەکی ڕوونە، نەك بۆ دیاریکردنی خاڵی کۆتایی و سەرەنجامی کارەکەت. کە بیر دەکەیتەوە لە ئامانجەکەت بیرت بێت پێویستە ئامانجەکەت:

- ئەوەندە ڕوون بێت کە بتوانرێت تەرکیزی بخرێتە سەر.
- ئەوەندە بەردەست بێت کە بتوانرێت بهێنرێتە دی.
- ئەوەندە یارمەتیدەر بێت کە ژیانت بگۆڕێت.

ئەم ڕێنماییانە وات لێ دەکەن دەستبەکار بیت. دڵنیا ببەوە لەوەی کە ئامانجەکانت دەنووسیت، چونکە گەر نەیاننووسیت ئەوا دڵنیات دەکەمەوە ناتوانیت تەرکیزی تەواویان بخەیتە سەر. تاکوو دڵنیا ببیتەوە لەوەی ئایا تەرکیزی تەواوت خستووەتە سەر

ئامانجەکانت یان نا ئەم ئامۆژگارییەی دەیڤد بیلاسکۆت بیر بێت کە دەڵێت، "گەر نەتوانیت بیرۆکەکەتم بۆ بنووسیت لە پشتەوەی کارتی ئیشەکەم، ئەوا تۆ خاوەنی بیرۆکەیەکی ڕوون نیت."

تەنانەت گەر ئاوڕێك بۆ ڕابردوو بدەیتەوە و وا بیر بکەیتەوە کە ئامانجەکانی ئەو کاتت زۆر بچووك بوون، بەڵام گەر بەو بچووکییانەوە ڕێبەرییان کردبیت بەرەو ئەم سەرکەوتنەی ئێستات ئەوا خزمەتی مەبەستەکەی خۆیانیان کردووە.

٥. بەرەوپێشچوونت هەڵبسەنگێنە

ماوە ماوە خۆت هەڵبسەنگێنە و بزانە ئایا بەرەوپێش چوویت یان نا. ئەمە وردترین پێوانەیە تا بزانیت ئاخۆ سوودی تەواوەتیت لە بیرکردنەوەی بەتەرکیز وەرگرتووە یاخود نا. لە خۆت بپرسە، "ئایا من سوودمەند بووم لە کاتی تەرخانکراوم بۆ بیرکردنەوەی بەتەرکیز؟ ئایا ئەوەی دەیکەم نزیکم دەکاتەوە لە ئامانجەکانم؟ ئایا من لەسەر ئەو ئاڕاستەیەم کە یارمەتیم بدات کارەکانم بگەیەنمە ئەنجام، لە سەرەکیترین کارەکانم لا نەدەم و، خەونەکانم بێنمە دی؟"

دەبێت واز لە چی بهێنیت تا بەرەوپێش بچیت؟

هیچ کەس بە فرەپیشەیی ناگاتە ئاستی باڵا. باوکم هەمیشە دەیگوت، "تەنیا ئەو کارە بکە کە تێیدا باشیت و هیچی تر مەکە." پاشان زانیم بۆ ئەوەی لە چەند شتێکی کەمدا باش بم،

دەبوو دەستبەرداری زۆر شتی تر ببم. کە ئەم بەشەم دەنووسی هەندێك شتم وەبیر هاتەوە کە وازم لێ هێناون ئەمانە سەرەکیترینیانن:

ناتوانم هەمووان بناسم

کەسێکی ڕووخۆشم و خەڵکم خۆش دەوێت. هەست بە چالاکی دەکەم کاتێك لەناو ژورێکی پڕ لە خەڵکدا بم. ئەمەش دژی بنەماکەمە بۆ خۆدابڕین لە خەڵکی و کاتبەسەربردن لەگەڵ کەسانێکی زۆردا. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمەش دوو شتم کردووە: یەکەم، بازنەیەکی ناوەکی بەهێزی کەسە زۆر نزیکەکانم هەیە. بە جۆرێك کە کەسەکانی ناو ئەم بازنەیە تەنیا یارمەتیم نادەن، بەڵکو گەشتی ژیانم زۆر خۆشتر دەکەن. دووەم، داوا لە چەند هاوڕێیەکی نزیکم دەکەم تا هەمیشە ئاگادارم بکەنەوە سەبارەت بەوەی چی ڕوو دەدات لە ژیانی هاوڕێکانی ترماندا. زۆرکاتیش ئەمە دەکەم کاتێك لە گەشتم و ناتوانم ئەو کاتە بقۆزمەوە کە پێویستمە بۆ بیرکردنەوەی بەتەرکیز.

ناتوانم هەموو شتێك بکەم

لە ژیانی هەر کەسێکدا تەنیا چەند دەرفەتێکی کەمی ناوازە هەیە. هەر لەبەر ئەوەیشە من دەمەوێت لە هەندێك شتدا نایاب بم نەك لە هەموو شتێکدا باش بم. ئەمەش شتێکی قورسە. بەهۆی بێمەجالی پیشەکەیشمەوە دەبێت دەست لە هەندێك شتی تر هەڵبگرم کە ئارەزووی کردنیان دەکەم، بۆ نموونە دەستاودەست

بەو پرۆژانە دەکەم کە پێم وایە وا خۆشە خۆم بیانکەم. لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەرکیان پێ دەسپێرم کار بە یاسای ١٠-٨٠-١٠ دەکەم، واتە سەدا ١٠ی سەرەتا تەرخان دەکەم بۆ بەرنامەڕێژی، دانانی ڕێکار، دابینکردنی سەرچاوەکان و هاندانیان. پاشان بە کردنی سەدا ٨٠ی کارەکان، نیوەی ڕێگەکە دەبڕن. لە کۆتاییشدا گەر بتوانم، ئەوا لەگەڵیاندا دەبم و هاریکارییان دەکەم لە هەموو شتێکدا تا کۆتایی ڕێگەکە. ئەمەش سەدا ١٠ی کۆتاییە و ئەم هاریکارییەش ناو دەبەم بە جوانترکردنی کارەکەیان.

ناتوانم بچمە هەموو شوێنێك

هەموو وتاربێژێك و نووسەرێك پێویستە زۆر گەشت بکات. پێش ئەوەی وتاربێژ بم، ژیانێکی دڵڕفێنم هەبوو، بەڵام پاش چەندین گەشتی جیاوازی ملیۆن میلی دەزانم گەشتکردن چ کاریگەرییەکی دەبێت. بەڵام هەتا ئێستاش حەز بەو گەشتانە دەکەم کە لەگەڵ هاوژینەکەم(مارگرێت)دا دەیانکەم. پێشتر دەمانتوانی لە ساڵێکدا ١٠ پشوو وەربگرین و چێژ لە هەموویان ببینین. ئێستاکە ناتوانین وەك پێشوو بین، چونکە ئێستا من زۆر سەرقاڵم و زۆرینەی کاتەکەم بۆ ئەو کارەیە کە دەبێت بیکەم ئەویش: یارمەتیدانی خەڵکییە، تاکوو کەسایەتییان گەشە بکات و وەك سەرکردەیەك پێ بگەن.

ناتوانم کەسێکی فرەبەهرە بم

تەرکیزداری بەهرەداریشم دەکات. بە خەڵکی دەڵێم، "پێویستم نییە هیچ بزانم دەربارەی سەدا نەوەد و نۆی شتەکانی ئەم دونیا." دەمەوێت تەنیا دەربارەی ئەو سەدا یەکە بزانم کە زۆرترین قازانجم دەداتێ. دەربارەی ئەو سەدا نەوەد و نۆیەی تر مارگرێتی هاوژینم هەموو ئەو شتانەم پێ دەڵێت کە دەبێت بیانزانم. ئەوەش یەکێکە لەو ڕێگانەی کە دەمپارێزێت لە تەواو لارسەنگبوون لە ژیانمدا.

ئامادەبوون بۆ دەستبەرداربوونی هەندێك لەو شتانەی کە حەزت لێیانە لەپێناو تەرکیزخستنەسەر ئەو شتەی کە گەورەترین کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانت وانەیەکی ئاسان نییە بۆ فێربوون، بەڵام هەتا زووتر فێری ببیت زووتر بەو کارانەوە سەرقاڵ دەبیت کە گرنگترینن.

پرسیاری فیکری

ئایا بڕیارم داوە بۆ بنبڕکردنی بیربڵاوی و پەرتەوازەیی هزرم، تاکوو بتوانم بەڕوونی تەرکیز بخەمە سەر یەك بابەتی گرنگ؟

بەشی سێیەم

بەکارهێنانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە

"خۆشی لە داهێناندایە، نەک لە مانەوە لەو دۆخەی کە تێیداین."
ڤینس لامبارد

گرنگ نییە چ کارێک دەکەیت تا بژێوی ژیانتی پێ پەیدا بکەیت، توانای داهێنانت لەو کارەدا زێڕی خاوێنە. ئەنێت مۆزەر وێڵمانی نووسەری پەرتووکی پێنج ڕووخسارەکەی بلیمەتی نووسیویەتی،" بەنرخترین سەرچاوەیەک کە بیهێنیتە ناو کارەکەت و کۆمپانیاکەت توانای داهێنانتە." بیرۆکەکانت زۆر گرنگتر و جێی بایەخترن لەوەی کە کردووتە، لەو ڕۆڵەی کە گێڕاوتە، لە پێگەکەت و لە بەرهەمەکەیشت. بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای گرنگیی توانای کەسەکان بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کەمینەی خەڵکی بەهرەی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەیان تێدایە.

گەر هێندە داهێنەر نیت کە ئارەزووی دەکەیت، دەتوانیت شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕیت. بیرکردنەوەی داهێنەرانە بیرکردنەوەی دژەباو نییە. لەڕاستیدا، پێم وایە خەڵکی بەهەڵەدا چوون دەربارەی بیرکردنەوەی دژەباو. زۆرینەی کات، بیرکردنەوەی داهێنەرانە تێکەڵەیەکە لە بیرۆکەکانی ترت کە

بەدرێــژاییی تەمــەن پــەیت پــێ بــردوون. تەنانــەت مــەزنترین نیگارکێشــەکان ئەوانــەی کــە ئێمــە زۆر بــە جیــاواز و دژەباویــان دەزانین، لە مامۆستاکانیانەوە فێر بوون، بیرۆکەی کارەکانیـان لـە هیی کەسانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە. پاشان گـورزە بیرۆکـە و ستایلێکیان لا گەڵاڵە بووە تا کارەکانی خۆیانی پێ بنەخشێنن. بە خوێنـدنی هونـەر ئـەو بیرۆکانـە درک پـێ دەکـەیت کـە گوزەریـان کــردووە بــەناو کــاری هــەموو نیگارکێشــەکان و بزاوتــە هوونەرییەکانـدا، پاشـان کـاری ئەمانـە ببەسـتەوە بـە کـاری نیگارکێشەکانی پێش خۆیانەوە تا درک بەو چەشنە کەڵکوەرگرتنە لە بیرۆکەی یەکتری بکەیت.

خاسیەتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە

ڕەنگە لات ڕوون نەبێت کە مەبەستم چییە کاتێك دەڵێم تۆ بیرمەندێکی داهێنەریت یان نا، بۆ ئەوەی لات ڕوون بێت ئەم چەند خاسیەتە بزانە کە هاوبەشە لەنێوان بیرمەندە داهێنەرەکاندا:

١. بیرمەندە داهێنەرەکان بیرۆکەیان لا بەنرخە

ئـەنێت مـۆزەر وێڵمـان نووسـیویەتی، " کەسـانی داهێنـەر بـە ڕادەیــەکی زۆر پەیوەســتن بــە بیرۆکــەوە. تــەنیا پشــت بــە بەهرەمەندییان نابەستن، پشت بە بنـەماکانیان دەبەسـتن. خـەیاڵ دەکەن تـا بـەرزترین ئاسـتی خـەیاڵکردن." مەبەسـت لـە داهێنـان

هەبوونی بیرۆکەیە واتە زۆرترین بیرۆکە کە بە مێشکتدا بێت. دەبیتە خاوەنبیرۆکە کاتێك بیرۆکەت لا بەنرخ بێت.

۲. بیرمەندە داهێنەرەکان بژاردەکان هەڵدەسەنگێنن

هیچ بیرمەندێکی داهێنەرم نەدیوە کە خۆشی لە هەبوونی چەند بژاردەیەکی جیاواز نەهاتبێت. هەڵسەنگاندنی ئەگەرگەلێکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ چالاکبوونی خەیاڵی مرۆڤ. خەیاڵکردنیش جەوهەریترین هۆکاری داهێنانە. هەروەك ئەلبێر ئەنیشتاین وتویەتی، "خەیاڵ گرنگترە لە زانین."

ئەوانەی کە بەباشی دەمناسن، دەزانن کە من بژاردەم زۆر بۆ گرنگە. بۆچی؟ چونکە هەبوونی چەند بژاردەیەکی جیاواز تەنیا سەرەداوت نادەنێ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی دروست، بەڵکوو سەرەداوت دەدەنێ بۆ دۆزینەوەی دروستترین و باشترین وەڵام. بیرمەندە باشەکان باشترین وەڵام دەستنیشان دەکەن. ئەو چەشنە پلانە جێگرەوانە دادەنێن کە بژاردەی جیاوازیان دەخاتە بەر دەست. چێژ لەو ئازادییە وەردەگرن کە کەسانی تر نیانە. کاریگەرییان لەسەر کەسانی تر هەیە و پێشرەوییان دەکەن.

۳. بیرمەندە داهێنەرەکان ئاسوودەن لەگەڵ نامسۆگەریدا(نادڵنیاییدا)

نووسەر ئێچ.ئێڵ.مێنکن نووسیویەتی، "مرۆڤی گێل هەمیشە دڵنیایە، مرۆڤی دڵنیایش هەمیشە گێلە." کەسانی داهێنەر بە پێویستی نازانن نامسۆگەری بنەبڕ بکەن. درك بە هەموو

جۆرەکانی ناچوونیەکی و کەلێن دەکەن لە ژیاندا، هەمیشەش کەیفخۆشن بە گەڕان لەناو ئەو کەلێنانە و بەکارهێنانی خەیاڵیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە.

٤. بیرمەندە داهێنەرەکان ئارەزووی دژەباوێتی دەکەن.

داهێنان، بە سروشتی خۆی، هەمیشە لە ڕێگە دژەباوەکان دەگەڕێت و پێچەوانەی ڕێگا گشتییەکانە. سیاسەتوان و سەرۆکی زانکۆی یێڵ کینگمان بروستەر وتویەتی، "هاوپەیوەندی هەیە لەنێوان داهێنان و دژەباویدا. کەواتە دەبێت خۆشحاڵ بین بە دژەباوی." بۆ پەرەدان بە داهێنەریەتی لە خۆت و کەسانی تردا، قایل بە بە دروستکردنی کەمێك نامۆیی و دژەباوی.

٥. بیرمەندە داهێنەرەکان شتە ناپەیوەندەکان پێکەوە پێوەند دەکەن.

لەبەر ئەوەی داهێنەریەتی بیرۆکەی کەسانی دی بەکار دەهێنێت، کەواتە گرنگییەکی زۆر هەیە لە بەتوانایی بۆ پێکەوەبەستنی بیرۆکەیەك بە یەکێکی ترەوە. بەتایبەتیش بۆ پێکەوەبەستنی بیرۆکە ناپەیوەندەکان(نانزیکەکان). دیزاینەری گرافیك تیم هانسن دەڵێت، "داهێنەریەتی واتە توانای دروستکردنی پەیوەندی، پێکەوەبەستن، گۆڕینی شتەکان و، دەربڕینیان بە ڕێگایەکی نوێ."

گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی زیاتر وەك گەشتکردنێکە لەناو سەیارەکەتدا. ڕەنگە بزانیت بۆ کوێ دەچیت، بەڵام کاتێك بەرەو

چارەنووسی خۆت دەڕۆیت دەتوانیت شتەکان ببینیت و ئەزموونیان بکەیت بە جۆرێك کە جیاواز بێت لەوەی کە سەرەتا دەستت پێ کرد. بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەندێك جار بەم شێوازە کار دەکات:

بیرکردنەوە_ کۆکردنەوە_گەڵاڵەبوون_ڕاستکردنەوە_پێکەوەبەستن

کاتێك دەست بە بیرکردنەوە دەکەیت، ئازادیت هەرچەندی دەتەوێت بیرۆکە کۆ بکەیتەوە. کە تاقە بیرۆکەکەت لا گەڵاڵە بوو لە خۆت دەپرسیت، چ شتێك پەیوەندی بەم بیرۆکەوە هەیە؟ کە ئەو شتەت بەردەست خست، ئینجا دەپرسیت. چ بیرۆکەگەلێك هەن تا ئەم تاقە بیرۆکەم باشتر بکەن؟ بەمەش بیرۆکەکەت دەبەیتە ئاستێکی پەرەسەندووتر. دوای ئەمەش، دەتوانیت بیرۆکەکەت ڕاست بکەیتەوە یاخود باشتری بکەیت بە پرسینی، ئەو گۆڕانکارییانە کامانەن کە بیرۆکەکەم باشتر دەکەن؟ لە کۆتاییدا، بیرۆکەگەلەکان پێکەوە دەبەستیت بە شێوازێکی دروست، تاکوو تاقە بیرۆکەکەت تەواو و بەهێز بکەیت.

٦. بیرمەندە داهێنەرەکان لە شکست ناترسن

داهێنەریەتی خوازیاری نەترسانە لە شکست، چونکە داهێنەریەتی یەکسانە بە شکست. ڕەنگە سەرت بسوڕمێت بەم وتەیە، بەڵام ڕاستە کە چارلس فرانکڵ دەڵێت " پەرێشانی مەرجی سەرەکی داهێنانێکی زرنگانە و هونەرییانەیە." داهێنەریەتی خوازیاری ئامادەییتە بۆ دەرکەوتنت وەك گەمژەیەك. ئەمەش

واتـە خـۆدان لـە قـەرەی شـتگەلێك کـە هـەموو کـەس نایانکـات، دەشـزانن کـە دەتـوانن تێیـدا سـەرکەوتوو بـن. بیرمەنـدە داهێنـەرەکان ئـەم شـتانە دەزانـن و هێشـتایش بـەردەوام لـەدووی بیرۆکەی نویێ دەگەڕێن. ڕێگە نادەن ئەو بیرۆکانەی کە بێبەرهـەمن ساردیان بکەنەوە لە گەڵاڵەکردنی ئەو بیرۆکانەی کە بەبەرهەمن.

بۆچی پێویستە هەست بە خۆشیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەیت؟

داهێنەریـەتی دەتوانێـت ژیـانی کەسـەکان بـەرەوپێش ببـات. ئەمانـە پێـنج شـتن کـە بیرکردنـەوەی داهێنەرانـە دەتوانێـت بـۆت بکات:

١. بیرکردنەوەی داهێنەرانـە بـەها زیـاد دەکـات بـۆ هـەموو شتێك

ئایـا چێژ نابینیـت لـە هـەبوونی کۆمەڵـە بیرۆکەیـەکی زۆر کـە بتوانیت هەموو کات پشتیان پێ ببەستیت؟ ئەمە ئەو چێژەیە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەتـداتێ. لەبـەر ئـەم هۆکـارەش، گـرنگ نییـە ئێسـتا دەتوانیـت چـی بکـەیت، داهێنەریـەتی دەتوانێـت تواناکانت زیاد بکات.

داهێنەریـەتی واتـە تواناداریت بـۆ بینینـی ئـەوەی کـە هـەموو کەس بینیویانە و چەشنە بیرکردنەوەیـەك کـە کـەس بـەو چەشـنە بـیری نەکردبێتـەوە، تـاکوو بتوانیـت شـتێك بکـەیت کـە کـەس

نەیکردبێت. برێك جار بیرکردنەوەی داهێنەرانە شانی ئەوەتا بە شانی گۆڕانکارییەوە، واتە لەو جێیەی کە دەست دەکەیت بە شتێکی نوێ. برێك جاری تریش لەگەڵ گۆڕانکاریدایە تا یارمەتیت بدات شتی کۆن بکەیت بە ڕێگەی نوێ. بەڵام هەر کامیان بێت، بیرکردنەوەی داهێنەرانە بینینی جیهانە بە تێڕوانێکی نوێوە، تاکوو چارەسەرە نوێکان دەربکەون. بەم شێوەیەش هەمیشە بەها زیاد دەکات.

۲. بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەبێتە هۆی پێکەوەبەستن

بەدرێژاییی ئەم ساڵانە بۆم دەرکەوتووە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە شتێکی قورسە، بەڵام بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەتوانێت بیرۆکەکان پێکەوە ببەستێت گەر بڕی تەواو کات و تەرکیزی بدرێتێ.

ڕەنگە زیاد لە هەر جۆرێکی تری بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە پشت بە خۆی ببەستێت و داهێنەریەتی بیرمەندەکەی زیاد بکات. شاعیر مایا ئەنجیلۆ وتویەتی، "ناتوانیت هەموو توانای داهێنانت بەکار بهێنیت. هەتا زیاتر بەکاری بهێنیت، داهێنەریی زیاترت دەبێت. بەداخیشەوە زۆر جار داهێنەریەتی لەناو دەبرێت وەك لەوەی پەرەی پێ بدرێت. پێویستە کەشێکی لەبار هەبێت کە ڕێگا نوێیەکانی بیرکردنەوە، درکپێکردن و پرسین تیایدا هاندراو بن." گەر پەرە بدەیتە بیرکردنەوەی داهێنەرانەت لە ژینگەیەکدا

کە پەرە بداتە داهێنەرێتیت، دەرنجامەکەی هێندە نایاب دەبێت و جۆرە بیرۆکەگەلێکت بۆ دێت کە لە وتن نایەن!

٣. بیرکردنەوەی داهێنەرانە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت بەلای خۆت و بیرۆکەکانتدا

داهێنەرێتیت خۆشیبینینێکی زرنگانەیە. خەڵکی سەرسامی زرنگین، هەمیشەش حەزیان لە خۆشیبینینە، کەواتە تێکەڵەی هەردووک لە زرنگی و خۆشیبینین ناوازە دەبێت. تاکە کەسێك کە دەتوانرێت بوترێت خۆشی بینیووە لە زرنگییەکەی، ئەوا لیۆناردۆ داڤنچییە. هەمەچەشنەیی بیرۆکەکانی و شارەزاییەکانی سەر دەسوڕمێنن. نیگارکێش، تەلارساز، پەیکەرتاش، توێکاری جەستە، ژەنیار، داهێنەر و ئەندازیار بووە. تەنانەت دەستەواژەی کەسی ڕێنیسانس[1] بەهۆی ئەمەوە دروست بووە. هەروەك چۆن لە سەردەمی ڕێنیسانسدا خەڵکی سەرسامی داڤنچی و بیرۆکەکانی بوون، هەر بەو چەشنەیش ئەمڕۆکە سەرسامی کەسانی داهێنەرن. گەر پەرە بدەیتە داهێنەرێتی، زیاتر سەرنجڕاکێش دەبیت لای خەڵکی و، پێت سەرسام دەبن.

---

[1] کەسی ڕێنیسانس: کەسی هۆشیار (بە واتای کەسیێ فرەزان و فرەبەهرە) دێت. ئەم چەمکە بەهۆی لیۆناردۆ داڤنچییەوە داهێنراوە و بە هەر کەسێك دەوترێت کە وەك ئەو داهێنەر و لێهاتوو بێت.

٤. بیركردنـەوەی داهێنەرانـە یارمـەتیت دەدات زیـاتر فێـر ببیت

نووسـەر و شـارەزای داهێنـەرێتی ئێـرن زیلنسـكی دەڵێـت، "داهێنـەرێتی خۆشـیبینینە لـەوەی كـە هـەموو شـتێك نـەزانیت." خۆشـیبینین لـەوەی كـە هـەموو شـتێك نـەزانیت دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی كە بەدەگمەن ڕوو دەدات ئێمە وەڵامی هـەموو شـتێكمان لا بێـت، ئێمـە هەمیشـە هێنـدە بـەتواناین كـە دەتـوانین چارەسەرگەلێكی زۆر بدۆزینەوە بـۆ هـەر كێشـەیەك. داهێنـەربوون توانادارییـە بـۆ بیـنین و وێنـاكردنی دەرفەتگـەلێكی زۆر بـۆ كێشەكانی ژیان. داهێنەرێتی هەبوونی بژاردەیە.

زۆر ڕاشـكاوانەیە كـە بڵـێین، گـەر هەمیشـە چـالاكانە لـەدووی بیرۆكەی نوێ بگەڕێیت، ئەوا فێـر دەبیـت. داهێنـەرێتی لـە توانـای فێربووندایـە. بینینـی چارەسـەری زیـاترە وەك لـە گرفـت. هـەتا چـەندێتی بیرۆكـەش زیـاد بكـات، دەرفـەتی فێربوونـت زیـاترە بـۆ فێربوونی شتێكی نوێ.

٥. بیركردنـەوەی داهێنەرانـە ئالنگـاری(تەحـەددای) دۆخـی ئێستات دەكات

گەر ئارەزووتە دۆخی ئێستات و ژیانت بەرەوپێش ببەیت، ئەوا داهێنەریـەتی یارمـەتیت دەدات. دۆخـی ئێسـتات و داهێنەریـەتی پێچـەوانەی یـەكن، بـەڵام داهێنەریـەتی و گۆڕانكـاری هەمیشـە هاوڕێی یەكن.

چۆن هەست بە خۆشیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەم؟

لێرەدا ڕەنگە بڵێیت، "باشە من قایلم بەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە گرنگە. بەڵام چۆن داهێنەریەتی لە خۆمدا بدۆزمەوە؟ چۆن هەست بە خۆشیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکەم؟ پێنج ڕێگامان پێ ناساندوون تا لە ڕێیەوە بیکەن:

١. خۆت لە داهێنەریەتیکوژەکان دابڕە

شارەزای ئابووری و نووسەری هونەری گاڵتەجاڕی ستیڤن لیکۆك لە وتەیەکی تەنزئامێزدا گوتویەتی، " دەبوو پێش نووسینی هەموو ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکا، ئەلیس ئین وەدەرلاند بنووسرایە." واتە لەم وتەیەدا فەزڵی چێژی داهێنەریەتی ئەدەبی داوە بەسەر ڕاستییەکی ساردا کە ئینسایکلۆپیدیایە. گەر تۆش داهێنانت هێندە پێ گرنگ بێت، ئەوا دەبێت ئەو تێڕوانینەت وەلا بنێیت کە بەهای بیرکردنەوەی داهێنەرانەت کەم دەکاتەوە.

تەماشایەکی ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بکە. ئەمانە بەدڵنیاییەوە بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەکوژن لە هەر کاتێکدا چ بیانبیستیت یان بیریان لێ بکەیتەوە:

- من کەسێکی داهێنەر نیم، شوێنکەوتەی یاساکان بە
- پرسیار مەکە، جیاواز مەبە
- لە سنوور دەرمەچۆ، تەنیا یەك ڕێگە هەیە
- گەمژە مەبە، کرداری بە، جددی بە
- سەیرێکی خۆت بکە، ئەمە ژیرانە نییە

- ئەمە ڕێی تێ ناچێت، ئەمە هەرگیز ناکرێت
- ئەمە سوودی نابێت، پێشتر ئەمەمان تاقی کردووەتەوە
- ئەمە کارێکی زۆر زۆرە، ناتوانین هەڵە بکەین
- ئەمە قورسە بۆ بەڕێوەبردن، بەڵێ، بەڵام...
- کاتمان نییە، پارەمان نییە، کۆتاییی کارەکەم شکستە

گەر دەزانیت بیرۆکەیەکی مەزنت هەیە، مەهێڵە هیچ کەس ساردت بکاتەوە تەنانەت گەر گەمژانەش دیار بوو. ڕێگە مەدە بە خۆت و هیچ کەسێکی تریش بتخاتە ژێر کاریگەریی داهێنەریەتیکوژەکان. چونکە ناتوانیت شتێکی نوێ و دڵخۆشکەر بکەیت گەر زۆر لە خۆت بکەیت بۆ مانەوەت لە هەمان ئەم ڕۆتیناتە کۆنەی ئێستاتدا. زۆر هەوڵ لەگەڵ شتە کۆنەکاندا مەدە. گۆڕانکاری بکە.

٢. داهێنەرانە بیربکەرەوە بە پرسینی پرسیاری گونجاو

بەزۆری داهێنەرێتی واتە پرسینی پرسیاری گونجاو. ڕاهێنەری بەڕێوەبردن سێر ئەنتۆنی جەی گوتویەتی، "دەشێت مێشکی ناداهێنەر وەڵامی نادروست نەداتەوە، بەڵام مێشکێکی داهێنەری دەوێت تا پرسیاری هەڵە نەپرسێت." پرسیاری هەڵە و نەگونجاو ڕەوتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەک دەخات. بیرمەندەکان ئاڕاستە دەکات ڕووەو ڕێگا کۆنەکان، یاخود قایلیان دەکات بە باوەڕکردن بەوەی کە بیرکردنەوە ئەسڵەن پێویست نییە. بۆ

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەت ئەم جۆرە پرسیارانە لە خۆت بکە:

- بۆچی دەبێت بەم ڕێگەیە بکرێت؟
- کێشەی سەرەکی چییە؟ کێشە دیاریکراوەکان چین؟
- ئەمە چیم بیر دەهێنێتەوە؟ پێچەوانەی ئەمە چییە؟
- چ شتێك یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە؟
- بۆچی ئەمە گرنگە؟ قورسترین ڕێگە چیە بۆ کردنی ئەمە؟
- کێ بۆچوونێکی جیاوازی هەیە سەبارەت بەمە؟
- چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەم کارە هەر نەکەین؟

خاوەنبیرۆکەیت، کەواتە بەدڵنیاییەوە خۆت پرسیاری باشترت لا گەڵاڵە دەبێت. فیزیازان تۆم هێرشفیلد گوتویەتی، "گەر زۆر نەپرسیت، 'بۆچی ئەمە؟'، کەسێك لێت دەپرسێ، 'بۆچی تۆ؟'" گەر دەتەوێت داهێنەرانە بیر بکەیتەوە، پێویستە پرسیاری باش بپرسیت. پێویستە خۆت لە قەرەی ڕەوتەکە بدەیت.

٣. ژینگەیەکی داهێنەران دروست بکە

چارلی براوەر گوتویەتی، " بیرۆکەی نوێ زۆر هەستیارە. دەشێت بکوژرێت بەهۆی باوێشکێك یاخود سووك تەماشاکردنێکەوە. دەکرێ بەر خەنجەر بدرێت بەهۆی گاڵتەپێکردنەوە و، بگاتە ساتی مردن بەهۆی بڕۆتێکنانێکەوە،

ژینگەیەکی نەرێنی لە هەر خولەکێکدا هەزاران بیرۆکەی مەزن دەکوژێت."

بەپێچەوانەی ژینگەی نەرێنییەوە، ژینگەی داهێنەرانە وەك گوڵخانەیەك وایە کە تۆوی بیرۆکەی تێدا دەچێنرێت و، تۆوەکان چەکەرە دەکەن و، گوڵ دەگرن. ژینگەی داهێنەرانە دەبێت ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێت:

● **هانی داهێنان بدات:** دەیڤد هیلس دەڵێت،" توێژینەوەکانی سەبارەت بە داهێنەریەتی ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە تاکە جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەوەی ئایا کارمەندەکانی دەزگایەك داهێنەر دەبن یان نا ئەوەیە کە بزانن ئایا مۆڵەتی داهێنانکردنیان هەیە لەو شوێنەدا یاخود نا." کاتێك نوێخوازی و بیرکردنەوەی باش بەشێوەیەکی بەرچاو هان دران و بەرز نرخێندران، ئەوا کارمەندەکان هەست دەکەن کە مۆڵەتیان هەیە، تاکوو داهێنەر بن.

● **متمانە بەرز دەنرخێنێت لەناو ئەندامەکانی دەستەیەك و تاکە کەسدا:** داهێنەریەتی واتە تاقیکردنەوەی بڤەکان. هەر لەبەر ئەمەیشە متمانە زۆر گرنگە بۆ کەسانی داهێنەر. لە ڕەوتی داهێناندا، متمانە لە پێکەوەکارکردنی کەسەکان دێت، لەوەوە دێت کە بزانیت کەسانی ناو دەستەکەت ئەزموونی سەرکەوتن و بیرۆکەی داهێنەرانەیان هەیە، لەوەو دێت کە دڵنیا بیت بیرۆکە داهێنەرانەکان بەفیڕۆ ناچن، چونکە جێبەجێ دەکرێن.

● ئەو کەسانە لەئامێز دەگرێت کە داهێنەرن: کەسانی داهێنەر ئارەزووی دژەباوی دەکەن. پێویستە چۆن مامەڵە بکرێت لەگەڵ کەسانی داهێنەردا؟ ئەم ئامۆژگارییەی تۆم پیتەرتان وەبیر دەهێنمەوە: "گەمژەکان وەلا بنێن، داهێنەرەکان پێ بگەیەنن!" من ئەوە دەکەم بە کاتبەسەربردن لەگەڵیاندا و، خۆشی لێ دەبینم. پێم خۆشە خەڵکی پەلکێش بکەمە ناو کۆبوونەوەکانی ڕاگۆڕینەوە. خەڵکی بەدوای بانگهێشتێکی لەو چەشنەوەن، چونکە کاتێکە پڕە لە وزە، بیرۆکە و، خۆشی. ئەگەریش هەیە بەرەنجامەکەی پڕۆژەی نوێ، کۆڕێکی نوێ و، ستراتیژی نوێی کارکردن بێت. کە ئەمەش ڕوویدا دەزانین ئاهەنگێڕانمانە لەپێشە!

● تەرکیز دەخاتە سەر نوێکاری، نەک تەنیا داهێنان: سام وێستن، دروستکەری زنجیرە فیلمی ئەکشنی ناسراوی جی ئای جۆی، گوتویەتی، "بیرۆکەی تەواو نوێ دەگمەنە، بەڵام پێویستت بە بیرۆکەیەکی تەواو نوێ نییە، تاکوو وەک داهێنەرێك بناسرێیت. پێناسەی من بۆ داهێنان ئەوەیە کە داهێنان پێکەوەبەستنێکی ژیرانەی دوو کەرەستەی بەردەست یان زیاتر کە دەبنە هۆی دروستبوونی بیرۆکەیەکی نوێ. باشترین ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی گوزەرانت بەهۆی خەیاڵەکانتەوە پەرە دانە بە هۆیەکانی نوێکاری، نەك وێناکردنی بیرۆکەیەکی تەواو نوێ." کەسانی داهێنەر دەڵێن، " بیرۆکەیەکی باشم پێ بدە، منیش بیرۆکەیەکی باشترت پێ دەدەم!"

● ڕێگە بە خەڵکی دەدات شوێنکەوتەی یاساکان نەبن. زۆرینـەی خـەڵکی خودکارانـە شـوێنکەوتەی یاسـاکانن، تەنانـەت گـەر ئـەو یاسانە هەڕەمەکیانە دانرابن و لەمێژە بەسەر چووبن. بـیرت بێـت، زۆرینـەی ئـەو یاسـانەی بەسـەرماندا سـەپێنراون خۆمـان بەسـەر خۆمانمانـدا سـەپاندوون نـەك خـەڵكی. زۆرینـەی کـاتیش کـەمیی داهێنەریەتی هۆکاری ئەمەیە. گەر دەتـەوێت زیـاتر داهێنـەر بیـت، ڕووبەڕووی یاسا و سنوورەکان ببەرەوە. داهێنەر چارلس کێترینگ گوتویەتی، "هەموو شێوازەکانی بەرەوپێشچوونی مـرۆڤ پێویسـتە لە دەرەوەی یاسـاکان بێـت، چـونکە گـەر وا نـەبێت هـەرگیز هـیچ شـتێکی نوێمـان نابێـت." ژینگـەی داهێنەرانـەیش ئـەوە بەهەنـد وەردەگرێت.

● سوپاسـگوزاری هێـزی خەونبینینـە: ژینگەیـەکی داهێنەرانـە ئازادیی خەونبینین بەرز دەنرخێنێت. ژینگەیەکی داهێنەرانە هـانی بـەکارهێنانی پەڕەیـەکی وێنەکێشـان و، پرسـینی ئـەم پرسـیارە دەدات، "گـەر بمانتوانیایـە وێنەیـەك بکێشـین لـەو شـتەی کـە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین، ئایا وێنەکە لە چی دەچوو؟" ئـەوە ژینگەی داهێنەرانە بوو کە ڕێگەی بە مارتن لوسەر کینـگ جونیـەر دا بە سۆزەوە قسە بکات و بە ملیۆنان کەس بڵێت، "من خـەونێکم هەیـە"، نـەك بڵێـت، "مـن ئامـانجێکم هەیـە." ئامـانج تـەرکیزت دەداتێ، بـەڵام خـەون هێـزت دەداتـێ. خەونـەکان جیهـان فـراوان دەکەن. هەر لەبەر ئەمەیشە جەیمس ئاڵن گوتویەتی، "خەونـەکان

پارێزەری جیهانن." هەتا زیاتر ژینگەکەت داهێنەردۆست بکەیت، زیاتر داهێنەر دەبێت.

٤. کات بەسەر ببە لەگەڵ کەسانی تری داهێنەردا

چی دەبێت گەر ئەو شوێنەی کاری لێ دەکەیت ژینگەیەکی نەیاری هەبێت بۆ داهێنان و، تۆش توانایەکی کەمت هەبێت بۆ گۆڕینی؟ یەکێك لە ڕێگەچارەکان گۆڕینی کارەکەتە. بەڵام چی دەبێت گەر سەرەڕای ژینگە نەرێنییەکەیشی تۆ هەر بتەوێت لەوێ کار بکەیت؟ یەکێك لە باشترین بژاردەکانت دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ کاتبەسەربردن لەگەڵ کەسانی تری داهێنەردا.

داهێنەریەتی دەتوانرێت بگوازرێتەوە. هەرگیز تێبینیت کردووە چی ڕوو دەدات لە ماوەی کۆبوونەوەیەکی ڕاگۆڕینەوەی باشدا؟ کەسێك بیرۆکەیەك پێشکەش دەکات. کەسێ تر ئەو بیرۆکەی ئەو بەکار دەهێنێت وەك سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەیەکی تر. کەسێکی دیکە ئاڕاستەیەکی باشتر دەداتە بیرۆکەی ئەم کەسی دووەمە. کەسێکی تریش بیرۆکەکە لە کەسی سێیەم وەردەگرێت و دەیباتە ئاستێکی تەواو نوێ. ئەم کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەی نێوان بیرۆکەکان جوڵەیەکی کارەبایی چەشنە.

گرووپێکی بەهێزی کەسانی داهێنەرم هەیە لە ژیانمدا. کاتم تەرخان کردووە بۆ کاتبەسەربردن لەگەڵیاندا. کاتێك کۆبوونەوەم لەگەڵیان تەواو دەبێت، هەمیشە هەست بە چالاکی و پڕ وزەیی

دەکەم، پڕم لە بیرۆکە و، شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەبینم. بەڕاستی ئەو کەسانە زۆر پێویستن بۆ ژیانم.

ئەوا ڕاستییە کە تۆ هاوشێوەی ئەوانە بیر دەکەیتەوە کە زۆرینەی کاتەکەتیان لەگەڵ بەسەر دەبەیت. هەتا کاتی زیاتر بەسەر ببەیت لەگەڵ کەسانی داهێنەردا کە سەرگەرمی چالاکی داهێنەرانەن، زیاتر داهێنەر دەبیت.

٥.لە قاوغەکەت وەرە دەرەوە

خانمە ئەکتەر کاترین هێپبێرن گوتویەتی، "گەر پابەندی هەموو یاساکان بیت، خۆشی نابینیت." هەر چەندە من پێم وایە کە پێویست نییە هەموو یاساکان بشکێندرێن، چونکە (زۆرینەیان دانراون تا ئێمە بپارێزن)، بەڵام پێیشم وایە ئەوە ژیرانە نییە کە ڕێگە بە یاسا بەسەرخۆداسەپێنراوەکان بدەین ببنە بەربەست لە بەردەمماندا. بیرمەندە داهێنەرەکان دەزانن کە پێویستە زوو زوو لە قاوغی مێژووی خۆیان و سنووردارییە کەسییەکانیان بێنە دەرەوە بۆ ئەزموونکردنی دۆزینەوە نوێیە داهێنەرانەکانیان.

کاریگەرترین ڕێگە بۆ بۆ یارمەتیدانی خۆت بۆ هاتنەدەرەوەت لە قاوغەکەت ئەوەیە کە وێنەیەکی نوێ بدەیتە خۆت. یەکێك لە ڕێگەکان بۆ ئەمەش گەشتکردنە بۆ شوێنە نوێیەکان. بینینی کەلتووری جیاواز، وڵات و، دابونەریتی ترە. تا ببینیت خەڵکی چەندە جیاواز لە تۆ دەژین و بیر دەکەنەوە. ڕێگەیەکی تر خوێندنەوەی بابەتی نوێیە. من هەر بە سروشت کەسێکی

کونجکۆڵ(فزولۆ)م و حەز دەکەم فێر ببم، بەڵام هێشتایش مەیلم تەنیا لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە هەیە کە بابەتی دڵخوازی خۆمن، وەك سەرکردایەتیکردن. هەندێك جاریش دەبێت زۆر لە خۆم بکەم تا ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە بیرکردنەوەم فراوان دەکەن، چونکە دەزانم دەیهێنێت. گەر دەتەوێت لە قاوغەکەی خۆت بێیتە دەرەوە و، بچیتە قاوغی کەسێکی ترەوە، گشتگیرخوێن بە.

زۆرینەی خەڵکی بە هەڵە باوەڕیان بەوە هێناوە کە گەر کەسەکان بە داهێنەرێتی لەدایك نەبن، ئەوا هەرگیز داهێنەر نابن. بەڵام بەهۆی ئەو هەموو ستراتیژی و نموونانەی کە بۆم باس کردن، بۆم ڕوون کردنەوە کە داهێنەریەتی لە توانای فێربووندایە لە ژینگەیەکی دروستی پاڵپشتیکەردا.

پرسیاری فیکری

ئایا کار دەکەم بۆ دەرچوون لە قاوغی سنووردارێم، تاکوو بیرۆکە و بژاردەکان هەڵبسەنگێنم بۆ ئەزموونکردنی دۆزینەوە نوێیە داهێنەرانەکان؟

بەشی چوارەم

بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە(واقیع بینانە)

"بەرپرسیارێتیی یەکەمی سەرکردە پێناسەکردنی ڕاستییە(واقیعە)."

_ماکس دیپری

وەك ئاشكرایە لای ئەوانەی کە چەند ساڵێکە لە خوێندن دابڕاون، کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان خوێندنی کۆلێژ و ڕاستیی دونیای کاردا. ڕاشکاوانە، پێشتر لە پیشەکەی خۆمدا، خۆم بەدوور دەگرت لە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە، چونکە وام دەزانی تێکەڵی بیرکردنەوەی داهێنەرانەم دەبێت و لێم تێك دەدات. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بۆم دەرکەوت بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە شتی باش زیاد دەکاتە ناو ژیانم.

لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان

ڕاستی بریتییە لەو جیاوازییەی لەنێوان خواستی ئێمە و ئەرزی واقیعدا هەیە. هەندێك کاتی برد تا ڕاستیبینانە بیر بکەمەوە. ڕەوتەکە بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشت. سەرەتا، هەرگیز ڕاستیبینانە بیرم نەدەکردەوە. پاش ماوەیەك، هەستم بە پێویستییەکەی کرد، هەر بۆیەش جاروبار ڕاستیبینانە بیرم

دەکردەوە. (بەڵام حەزم لێی نەبوو، چونکە وا بیرم دەکردەوە زۆر نەرێنیانەیە. هەر بۆیەش هەر کات بۆم بکرایە پشتگوێی بخەم، دەمخست.) لە کۆتاییدا، بۆم دەرکەوت گەر بمەوێت کێشەکان چارەسەر بکەم و لە هەڵەکانمەوە فێر ببمم پێویستە ڕاستیبینانە بیر بکەمەوە. هەر بۆیەش بەر لەوەی بکەومە کێشەوە و کێشەکەش ببێتە بەشێك لە ژیانم، ئامادە بووم لە کاتی پێویستدا ڕاستیبینانە بیر بکەمەوە. ئەمڕۆ، هانی سەرکردە سەرتۆپەکانم دەدەم کە ڕاستیبینانە بیر بکەنەوە. ئێمە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە دەکەینە بەردی بناغەی کارەکەمان چونکە مسۆگەری و ئاساییشی لێوە وەچنگ دەخەین.

بۆچی پێویستە هەست بە گرنگیی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە بکەیت؟

گەر تۆش وەك من هەر بە سروشت کەسێکی هیواخواز بیت ڕەنگە خواستێکی زۆرت نەبێت تا زیاتر ببیتە بیرمەندێکی ڕاستیبین. بەڵام هەوڵدانت بۆ ئەوەی ڕاستیبین بیت لە بیرکردنەوەتدا نە متمانەت کەم دەکاتەوە لای خەڵکی، نە توانات کەم دەکاتەوە کە دەرفەتەکان ببینیت و بیانقۆزیتەوە، بەڵکوو بە ڕێگای تر بەهات بۆ زیاد دەکات، وەك ئەمانە:

١. بیرکردنـەوەی ڕاسـتیبینانە کورتهێنـانی داراییـیت کـەم دەکاتەوە

هەموو کارێك سەرەنجامێکی هەیە، بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە یارمەتیت دەدات بزانیت ئەو سەرەنجامانە چین. ئـەوەش شـتێکی گرنگـە، چـونکە تـەنیا بـە درکپێکـردن و بیرکردنـەوە لـە سەرەنجامەکان دەتوانین پلانیان بۆ دابنێین. گەر پلان دابنێیت بۆ خراپترین دۆخ، دەتوانیت کورتهێنانی داراییت کەم بکەیتەوە.

٢. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە ئامـانج و پلانێکـی سـتراتیژیت دەداتێ

کەسانی خاوەنکارم دیوە بیرمەنـدێکی ڕاسـتیبین نـەبوون. جا لەم قسەیەشم دوو هەواڵ هەیە تا پێت بڵێم:

هەواڵـە خۆشـەکە ئەوەیـە کـە ئەوانـە کەسـانێکی زۆر ئـەرێنی بـوون و هیوایـەکی زۆریـان بـە کارەکـەیان هـەبووە. هەواڵـە ناخۆشەکەش ئەوەیە کە هیواخوازی ستراتیژیەتێك نییە کە پشـتی پێ ببەسترێت.

بیرکردنـەوەی ڕاسـتیبینانە دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتن لـە سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردندا، چونکە لە خەڵکی خوازیارە کە هەنگاو هەڵگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە نـەخوازراوەکان. بـەم جۆرەش ئامانجەکـەیان دیاری دەکـەن و پـەرە دەدەنـە پلانێکـی ستراتیژی تا ئامانجەکەیانی پێ بپێکن. کاتێك خەڵکی ڕاستیبینانە

بـیر دەکەنـەوە، دەسـتیش دەکـەن بـە سـاناکردنەوەی کـار و ڕێکارەکان کە ئەمەش دەبێتە هۆی کارامەییەکی باشتر.

ڕاشـکاوانە، لـە کـاردا تـەنیا چـەند بڕیـارێکی کـەم گـرنگن. بیرمەندە ڕاستیبینەکان لە جیاوازی نێوان بڕیارە گرنگـەکان و ئـەو بڕیارانە تێ دەگەن کە تەنیا لە خولێکی ئاسایی کاردا پێویستن. ئـەو بڕیارانـەی کـە گـرنگن پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆیان هەیـە بـە ئامانجەکەتەوە. جەیمس ئالن ڕاست بـووە کـە گوتویـەتی، "هـەتا بیرکردنەوە پەیوەست نـەبێت بـە ئامانجـەوە هـیچ دەسـتکەوتێکی زیرەکانە بوونی نابێت."

٣. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە هاندەری گۆڕانە

ئەوانەی پشت بە هیواخـوازی دەبەسـتن بـۆ سـەرکەوتنیان بـە دەگمەن گۆڕان وەك سەرەکیترینێك دادەنێن. گەر تـەنیا هیواخـواز بیت، وا دەگەیەنیت دەستکەوت و سەرکەوتن بەدەست تـۆ نـین و، پەیوەنـدییان بـە بـەخت و ناوچاوەوە هەیـە. ئـیتر بۆچـی هـەوڵی گۆڕانکاری بدەیت؟

بیرکردنـەوەی ڕاسـتیبینانە ئـەم چەشـنە تێڕوانینـە نەرێنییـەت ناهێڵێت. هیچ شتێك وەك ڕوانین لـە واقیـع نییـە تـا وا لـە کەسـێك بکات هەست بە پێویستیی گۆڕانکـاری بکـات. گۆڕانکـاری بەتـەنیا نابێتـە هـۆی بەرەوپێشـچوون، بـەڵام بـەبێ گۆڕانکـاری ناتوانیـت بەرەوپێش بچیت.

٤. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە فەراهەمکەری ئاساییشە

هەر كاتێك بیرت لە خراپترین شت كردبێتەوە كە دەشێت ڕوو بدات و پەرەت بە پلانی داهاتوو دابێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، دڵقایمتر و پارێزراوتر بوویت. ئەوە دڵنیاكەرەوەیە تا بزانیت تۆ بەدووریت لەوەی بهەژێنرێیت. خاڵی جیاوازی نێوان پێشبینیكردن و واقیع بێئومێدییە. بیركردنەوەی ڕاستیبینانەیش جیاوازیی نێوان ئەو دووانە كەم دەكاتەوە.

٥. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە متمانەت دەداتێ

بیركردنەوەی ڕاستیبینانە یارمەتیی خەڵكی دەدات تا كەسی سەركردە و تێڕوانینەكەی قبووڵ بكەن و پشتگیری بكەن. سەركردەكان هەمیشە تووشی هەژەند دەبن بە ڕووخانی خێرای چاوەڕواننەكراوی متمانە لەگەڵ شوێنكەوتووەكانیاندا. لە لایەكی تریشەوە، ئەو سەركردانەی كە ڕاستیبینانە بیر دەكەنەوە و پلان دادەنێن بەگوێرەی واقیع ڕێكخراوەكانیان سەر دەخەن. ئەمەش وا لە خەڵكەكەیان دەكات متمانەیان پێیان هەبێت.

باشترین سەركردەكان ئەوانەن كە پێش ئەوەی خەونەكەیان دیاری بكەن، پرسیاری ڕاستیبینانە دەپرسن. وەك ئەم جۆرە پرسیارانە:

- ئایا ئەمە ڕێی تێ دەچێت
- ئایا خەونەكەم بۆ هەمووانە یان بۆ كەمینەیە؟

- ئایا ئەو شتانەم دیاری کردووە کە بەدیهێنانی خەونەکەم لێ قورس دەکەن؟

٦. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە بناغەی بونیادنانت دەداتێ

تۆماس ئەدیسۆن گوتویەتی، "گرنگیی بیرۆکە لە بەکارهێنانیدایە." خاڵی بنچینەیی لە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەدا ئەوەیە کە یارمەتیت دەدات بیرۆکەکەت بەکار بهێنیت نەک تەنیا "ئاوات بخوازیت". زۆرترینی بیرۆکە و هەوڵەکان جێی خۆیان ناگرن چونکە زیاتر پشت بەوە دەبەستن کە ئاواتی بۆ دەخوازین وەک لەوەی لە واقیعدا ڕوو دەدات.

ناتوانیت خانوویەك بوونیاد بنێیت لە هەوادا، چونکە پێویستی بە بناغەیەکی پتەو و بەرجەستەیی هەیە. بیرۆکە و پلانیش بە هەمان شێوەن. پێویستیان بە شتێکی بەرجەستەیی و واقیعی هەیە تا لەسەری بونیاد بنرێن. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە ئەو بناغە پتەوە بەرجەستەییەت بۆ فەراهەم دەکات.

٧. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە هاودەمی ئەوانەیە کە لە تەنگانەدان

گەر داهێنەرێتی ئەو شتە بێت کە دەتکرد گەر نەترسایتایە لە ئەگەری شکستهێنان، ئەوا بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە مامەڵەکردنە لەگەڵ شکستدا گەر ڕوویدا. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە پشتێنەیەکی قایمت دەداتێ پشتی پێ ببەستیت لە کاتی

تەنگانەدا کە زۆر دڵنیاکەرەوە بێت، چونکە دڵنیایی لەناو نادڵنیاییدا جێگیریت دەداتێ.

٨. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە خەونەکان دێنێتە دی

ڕۆماننووسی بەریتانی جۆن گلاسوێرزی نووسیویەتی، "پەیوەندی نێوان ئایدیالیزم و دوورکەوتنەوە لە شکست پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە." گەر تەواو نزیک نەبیتەوە لە کێشەیەك، ناتوانیت چارەسەری بکەیت. گەر بە ڕوانینێکی ڕاستیبینانەوە نەڕوانیتە خەونەکەت و ئەو شتەی کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی، هەرگیز بەدی ناهێنیت. بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە ڕێگەخۆشکەری هێنانەدی هەموو خەونێکە.

چۆن هەست بە گرنگیی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە بکەم؟

چونکە خۆم هەر بە سروشت کەسێکی هیواخوازم وەك لەوەی ڕاستیبین بم، هەر بۆیەش پێویست بوو چەند هەنگاوێکی سەرەکی بنێم تا بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەم پەرە پێ بدەم. ئەمانە پێنج شتن کە من دەیانکەم بۆ پەرەدان بە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەم:

١. ڕاستییت خۆش بوێت

هەتا بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەم خۆش نەویست، نەمتوانی گەشە بکەم وەك بیرمەندێکی ڕاستیبین. ئەمەش واتە فێربوونی تەماشاکردنی ڕاستییەکان و چێژبینین لێیان. سەرۆك هێری ئێس ترومانی ٣٣هەمین سەرۆکی ئەمریکا گوتویەتی، "من هەرگیز

خەڵکی بەر تانە نادەم، تەنیا ڕاستییەکەیان پێ دەڵێم کە چی ئەوان پێیان وایە بەر تانەم داون." زۆرینەی خەڵکی بەو جۆرە کاردانەوەیان هەیە بۆ ڕاستی و ڕاستییان پێ تاڵە. خەڵکی بە شانی سەرکەوتنەکانیاندا هەڵ دەدەن و کەمتر تیشک دەخەنە سەر شکست و بێتواناییەکانیان. بەگوێرەی یاسای ڕوکەرت دەژین کە بڕوایان وایە هیچ شتێك هێندە بچووك نییە کە نەتوانرێت زیادەڕەوی تێدا بکرێت.

بەداخەوە، ئەمڕۆکە زۆرینەی خەڵکی دەکرێت بەم وتەی وینستن چێرچڵ وەسف بکرێن کە گوتویەتی، " جاروبار مرۆڤەکان لە جێیەکدا پێیان لە ڕاستییەکان هەڵدەکەوێت ، بەڵام زۆرینەی ئەو مرۆڤانە هەڵدەستەنەوە و خێرا ئەو جێیە بەجێ دەهێڵن وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت." ڕۆژنامەنووسی تەلەفزیۆنی تێد کۆپل گوتویەتی، " کۆمەڵگەکەمان زۆر بەئەستەم ڕاستییەکانی پێ هەرس دەکرێت، چونکە خودی ڕاستی ئاگادارکردنەوەیەکی ڕێزدارانە نییە، بەڵکو سەرزەنشتیکردنێکی توندە." بە واتایەکی تر، ڕاستی ئازادت دەکات، بەڵام سەرەتا تووڕەت دەکات! گەر دەتەوێت ببیتە بیرمەندێکی ڕاستیبین، پێویستە ئاسوودە بیت بە ڕاستییەکان و ڕووبەڕوویان ببیتەوە.

٢. ئامادەکاریی تەواو بکە

ڕەوتی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە بە ئامادەکارییەکی تەواو دەست پێ دەکات. پێویستە سەرەتا ڕاستییەکان وەچنگ

بخەیت. پارێزگار، کۆنگرێسمان و باڵوێزی پێشووتری ئەمریکا چێستەر بۆلز گوتویەتی،"کاتێك کار لەسەر کێشەیەك دەکەیت، خۆت دابڕە لە بڕیاردانی پێشوەختە، فێری ڕاستییە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە دۆخەکە ببە و هەڵیان بسەنگێنە، زۆر ڕاستگۆیانە بڕیار بدەو پێیەوە پابەند بە." گرنگ نییە بیرکردنەوەکەت چۆن دەردەکەوێت گەر پشتی بە زانیاریی نادروست و گریمانە بەستبێت، چونکە بەبێ زانینی ڕاستییەکان یاخود هەبوونی زانیارییەکی کرچوکاڵ ناتوانیت بەباشی بیر بکەیتەوە.

هەروەها دەتوانیت بگەڕێیت تا بزانیت خەڵکی چییان کردووە لە بارودۆخە هاوشێوەکاندا. بیرت بێت، پێویست ناکات بیرکردنەوەت دژەباو بێت، بەڵکو پێویستە ڕوون بێت. بۆچی هەموو ئەو شتانە فێر نابیت کە دەتوانیت لەو بیرمەندە باشانەوە فێر ببیت کە لە ڕابردوودا بە هەمان دۆخی تۆدا تێپەڕیون؟ خودی خۆم هەندێك لە باشترین بیرکردنەوەکانم لە کەسانی ترەوە وەرگرتووە.

٣. بیر لە هەردوو لایەنی باشە و خراپە بکەرەوە

هیچ شتێك وەك کاتتەرخانکردن نییە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی لایەنە باش و خراپەکانی کێشەیەك تا دۆسیەیەکی بەهێزیی ڕاستییەکانت بداتێ. ئەمەش بەدەگمەن پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنی ڕێکارێك بە زۆرترین ژمارەی لایەنە باش و

خراپەکان، چونکە هەموویان یەکسان نین. سوودی ئەمەش لەوەدایە کە یارمەتیت دەدات ڕاستییەکان بەردەست بخەیت، کێشەکە لە چەند گۆشەیەکەوە هەڵبسەنگێنیت و، تێ بگەیت لە کاریگەرییە خراپەکانی ڕێکارێکی دیاریکراو.

٤. پلانی خراپترین بارودۆخ دابڕێژە

بنچینەی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە دیاریکردن، دارشتن و، هەڵسەنگاندنی پلانی خراپترین بارودۆخە. پرسیاری لەم چەشنە لە خۆت بکە:

- چی دەبێت گەر ڕێژەی فرۆش کورتی هێنا و بەگوێرەی پێشبینییەکان نەبوو؟
- چی دەبێت گەر داهات بگاتە نزمترین ئاست؟ (نزمترین ئاستی واقیعی، نەك خەیاڵی)؟
- چی دەبێت گەر ڕەزامەندیی کارمان بەدەست نەهێنا؟
- چی دەبێت گەر کڕیار پارەمان نەداتێ؟
- چی دەبێت گەر پێویستی کرد ژمارەی کارمەندەکانمان کەم بکەینەوە؟
- چی دەبێت گەر باشترین یاریزانمان نەخۆش کەوت.
- چی دەبێت گەر هەموو کۆلێژەکان داخوازینامەکەمیان ڕەت کردەوە؟
- چی دەبێت گەر لە کارەکەتدا مایەپووچ بوویت؟
- چی دەبێت گەر خۆبەخشەکان وازیان هێنا؟

- چی دەبێت گەر هیچ کەس ئامادەی بتنگهێشتەکەت نەبێت؟

کاتێک بیرۆکەیەکت لا گەلاڵە دەبێت، جا چ کارێک بەڕێوە ببەیت، سەرپەرشتیی بەشێك بکەیت، ڕاهێنەرایەتیی تیمێك بکەیت، سەرپەرشتیی شوێنێکی ئایینی بکەیت، یاخود پلانی داراییی خۆت دابڕێژیت پێویستە بیر لە خراپترین ئەگەرەکان بکەیتەوە.

ئامانج لەمەش ئەوە نییە کە زۆر نەرێنی بیت یاخود پێشبینی ڕوودانی دڵنیاییانەی خراپترین دۆخ بکەیت، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئامادەباش بیت بۆ خراپترین دۆخ گەر ڕووی دا. گرنگ نییە ئەنجامەکەت هەرچییەك بێت، چونکە تۆ بەم ڕێگەیە باشترین دەرفەتی ئەنجامێکی ئەرێنی دەدەیتە خۆت.

گەر بیر لە خراپترین دۆخ بکەیتەوە و ڕاستگۆیانە هەڵی بسەنگێنیت، ئەوا ڕاستییەکانت لەبەرچاو گرتووە و ئامادەی هەموو شتێکیت. جا لەو کاتەدا ئەم ئامۆژگارییەی چارلس هۆڵت بیر بێت کە گوتویەتی، " بەوریاییەوە وتووێژ بکە، بەڵام بە بڕیاردانەوە کار بکە، بەهێمنی بەرگە بگرە و بەتوندی دژایەتی بکە."

٥. بیرکردنەوەت پێوەند بکە بە سەرچاوەکانتەوە

یەکێك لە نهێنییەکانی فراوانکردنی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەت پێوەندکردنی سەرچاوەکانتە بە ئامانجەکانتەوە. لەبەرچاوگرتنی لایەنە باش و خراپەکان و دانانی پلانی خراپترین

دۆخ ئاگادارت دەکاتەوە لە هەبوونی هەر کەلێنێك و، بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانت دەتوانیت ئەو کەلێنانە پڕ بکەیتەوە. هەر خۆی هەبوونی سەرچاوەکانیش هەر بۆ ئەو مەبەستەیە.

دوابەدوای تراژیدیاکەی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ گەلی ئەمریکا زانیارییان هەیە سەبارەت بە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە. ڕوخاندنی بینا سەرەکییەکانی بازرگانیی جیهانی لە شاری نیویۆرك یەکێك بوو لەو خراپترین دۆخانەی کە ڕەنگە هیچ کەس پێشبینیی ڕوودانی نەکردبێت. لە سۆنگەی هۆشیاریی ئەو ڕووداوەوە، دەزانین کە بۆمان نییە بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە پشتگوێ بخەین.

پاڵەوانێتیی یارییەکانی سوپەربۆڵی ئەمریکی،
یاریگای سوپەردەوم، پاراستنێکی توندوتۆڵ

کە ئەم بابەتەم دەنووسی ساڵی ٢٠٠٢م بیر کەوتەوە کە ئامادەی یارییەکانی سوپەر بۆڵ بووم لە شاری نیو ئۆرلنسی ویلایەتی لویزیانا. واتە ساڵێك دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١. پێشتر دوو جار ئامادەی ئەم پاڵەوانێتییە بووم بۆ پشتگیریی کردنی تیپی خانەخوێ، جاری یەکەم لە ساندیاگۆ و دووەمیشیان لە ئەتلانتا، هەردووکیشیانم بینیوە کە دۆڕاون! بەڵام هەرگیز ئامادەی پاڵەوانێتییەکی هاوشێوەی ئەوەی ساڵی ٢٠٠٢ نەبووم. ڕێوڕەسمەکە وەك بۆنەیەکی تایبەت

ئاسایشی نەتەوەیی بۆ فەراهەم کرابوو. ئەمەش واتە لەژێر چاودێری ئاژانسی پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بوو، هێزی سەربازی دەستبەکار بووبوون، پاراستن و ئاسایش لە بەرزترین ئاستدا بوو. ئاژانسی پاراستن کرابوون بە سەدان دەستەی جیا جیا و ناوچەکەیان دەپاراست. لە ئامادەکارییەکانی پاڵەوانێتییەکەش یاریگای سوپەر دەوم بە شاشەی زۆر تەنرابوو، دەستەی کارگێڕی ڕێگاکانیان بەتەواوی داخستبوو، ڕێگای نێوان ویلایەتەکانیان داخستبوو و، ناوچەکەش دژەفڕین کرابوو.

ئێمە زوو گەیشتینە یاریگای سوپەر دەوم دەستەی کارگێڕی پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە هاندەران پێنج کاتژمێر پێش کاتی فەرمیی یارییەکە ئامادە دەبن و، یەکسەر تێبینیی ئەوەمان کرد کە ڕێوڕەسمەکە ئامادەکاریی پێشوەختەی بۆ کراوە. تەواوی ناوچەکە بە پەرژینێکی هەشت پێی پەرژین کرابوو. بەربەستی چیمەنتۆیش دانرابوو کە ڕێگری دەکرد لە نزیکبوونەوەی بارهەڵگرە ڕێگەپێنەدراوەکان. تەقەکەری لێهاتوو لە شوێنی جیا جیادا جێگیر کرابوون، وەك سەربانی بینا هاوسێکانی یاریگاکە. کە گەشتینە دەروازەکە، ئەفسەرانی پۆلیس و هێزی ئاسایش پشکنینیان بۆ خۆمان و کەلوپەلەکانمان کرد، پاشان پێیان وتین دەبێت بەناو پشکنەری کانزاییدا بڕۆین. پاش هەموو ئەو ڕێکارانە ئینجا هێشتیان بچینە ناو یاریگاکە.

هەموو ئەوەش باش و چاك بوو، رەنگە بڵێیت، "بەڵام ئەم هەموو شتە لەپای چی، چی ڕوویدا لەوێ، ئایا هێرشی تیرۆرستی ڕوویدا؟" ئاژانسی پاراستن ئاساییشی بۆ ئەوەش دابین کردبوو کەواتە شتی وا ڕووی نەدەدا، چونکە پلانی خراپترین دۆخیان دارشتبوو. تەنانەت پلانی چۆڵکردنیش دانرابوو بۆ کاتی نەخوازراو، هێزەکان فەرمانیان پێ کرابوو تا دڵنیایی بدەن لەوەی کە هەموو کەس دەزانێت دەبێت چی بکات لە کاتی نەخوازراودا.

پارێزگاری نیوئۆرلنسیش مارك مۆریاڵ ڕۆژێك پێش پاڵەوانێتیی سوپەر بۆڵ گوتی، "دەمانەوێت بە هەموو سەردانیکەران ڕابگەیەنین کە نیوئۆرلنس دەکەینە سەلامەتترین جێگەی ئەمریکا." پەیامەکەیمان وەك خۆی وەرگرت و، هەستمان بە هیچ ترسێك نەکرد. ئەم دڵنیاییەش بەرهەمی هەستکردنە بە گرنگیی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانەی سەرکردەیەك.

پرسیاری فیکری

ئایا بناغەیەکی پتەوم دارشتووە بە پشتبەستن بە ڕاستییەکان تا بتوانم بەدڵنیایی بیر بکەمەوە؟

بەشی پێنجەم

بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ستراتیژییانە

"زۆرینەی خەڵك زۆبەی کات خەریکی دارشتنی پلانی پشووەکانی هاوینەن وەك لەوەی خەریکی دارشتنی پلانی ژیانیان بن"

_نەزانراو

کاتێك گوێت لە وشەی "بیرکردنەوەی ستراتیژییانە" دەبێت، چی بە مێشکتدا دێت؟ ئایا یەکسەر وێنای پلانی کار دەکەیت؟ ئایا خەیاڵت بۆ پلانی بازارکاری دەچێت، ئەو پلانە بازارکاریانەی کە دەتوانن کۆمپانیاکەت ببوژێنێتەوە؟ یان پێ دەچێت بیر لە سیاسەتی جیهانی بکەیتەوە. یان ڕەنگە هەندێك لە پەلامارە سەربازییە مێژووییەکانت وەبیر بێتەوە وەك: هانیباڵ کە چیاکانی ئەلپی بڕی بۆ سەرکەوتن بەسەر سوپای ڕۆمەکاندا، یان داگیرکارییەکەی ڕۆژئاوای ئەورووپا لەلایەن شارلمین(شارلسی گەورە)، یان هێرشەکەی (دی_دەی)ی سوپای هاوپەیمانان بۆ سەر نۆرمەندی. بەڵام ستراتیژی تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنی سەربازی یاخود کارەوە. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە دەتوانێت کاریگەرییەکی ئەرێنی دروست بکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

پلان بۆ ژیانت دابنێ، ئەو ژیانە بژی کە دەتویست

سەرنجم داوە زۆرترینی خەڵکی هەوڵ دەدەن پلانی ژیانیان دابنێن بەگوێرەی ئەو ڕۆژەی لەپێشیانە. بۆ نموونە: لە خەو هەڵدەستن، لیستی ئەو کارانە ئامادە دەکەن کە دەبێت لەو ڕۆژەدا بیکەن، پاشان دەستبەکار دەبن (هەر چەندە هەندێک لە خەڵکی هێندە ستراتیژی نین و، تەنانەت ئەمەش ناکەن)

کەمینەی خەڵکی پلانی ژیانیان دادەنێن بەگوێرەی پلانی هەفتانە. تەماشای هەفتەیەکی ناو ڕۆژژمێرەکەیان دەکەن، تا بزانن کەی چاوپێکەوتنیان هەیە، چاوێک بە ئامانجەکەیاندا دەخشێننەوە، پاشان دەستبەکار دەبن. بەگشتی ئەم جۆرە کەسانە دەستکەوتیان زیاترە لەو کەسانەی کە تەنیا پلانی ڕۆژانە دادەنێن. من هەوڵ دەدەم هەنگاوێک لەپێش ئەمانیشەوە بم.

سەرەتای هەموو مانگێک، نیوڕۆژ بەسەر دەبەم بە سەرقاڵبوون بە ڕۆژژمێرەکەمەوە بۆ پلاندانان بۆ ٤٠ ڕۆژی داهاتووم، چونکە ئیشی من بە ٤٠ ڕۆژ دەڕوات نەک ٣٠. بەو شێوەیەش بە زیادکردنی ئەو ١٠ ڕۆژە، ١٠ ڕۆژ پێش خەڵکی پێ دەخەمە ناو مانگی داهاتووەوە و تووشی هەژەند نابم. دەست پێ دەکەم بە تەماشاکردنەوەی خشتەی گەشتکردنم و، ئەو چالاکییانەی دەمەوێت لەگەڵ خێزانەکەمدا بیانکەم. پاشان پێداچوونەوە دەکەم تا بزانم کامانەن ئەو پرۆژە، وانە و، ئامانجانەی تر کە دەمەوێت بەدەستیان بهێنم لە ماوەی ئەو پێنج

بۆ شەش هەفتەیەدا. پاشان دەست دەكەم بە قۆستنەوەی كات و ڕۆژەكان بۆ بیركردنەوە، نووسین، كاركردن، كۆبوونەوە لەگەڵ خەڵكی و هتد...كاتیش تەرخان دەكەم بۆ خۆشیبینین وەك: تەماشاكردنی شانۆییەك، تەماشاكردنی یارییەك و، یاریی گۆڵف. هەروەها خشتەی كاتی بچووك بچووك دادەنێم بۆ چارەسەركردنی شتە پێشبینینەكراوەكان. كە خشتەكەیشم تەواو كرد هێندە ڕوون دەبێت كە بتوانم هەموو شتێكت پێ بڵێم، بگرە دەتوانم كاتژمێر بە كاتژمێری ئەو چەند هەفتەیەت پێ بڵێم كە لەپێشمە. ئەمە یەكێكە لەو ستراتیژییانەی كە توانیوومە بەهۆیەوە زۆر شت بەدەست بهێنم.

بۆچی پێویستە هێزی بیركردنەوەی ستراتیژییانەت بخەیتە ڕوو؟

بیركردنەوەی ستراتیژییانە یارمەتیدەرم بووە پلان دابڕێژم، كارامەتر ببم، هێزم زیاد بكەم و، ڕاستترین ڕێگە بدۆزمەوە بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئامانجێك. سوودەكانی بیركردنەوەی ستراتیژییانە لە ژماردن نایەن. ئەمانەی خوارەوە چەند هۆكارێكن تا وات لێ بكەن بیركردنەوەی ستراتیژییانە بەكار ببەیت وەك یەكێك لە ئامرازەكانی بیركردنەوەت:

١. بیرکردنـــەوەی ســـتراتیژییانە شـــتە قورســـەکان ســـانا دەکاتەوە

بیرکردنەوەی ستراتیژییانە هیچ شتێك نییە جگە لە پلانـدانان لەســـەر(ســـتیرۆید کـــە هۆرمـــۆنی بـــەهێزکردنی لەشـــە)، واتـــە بیرکردنەوەی ستراتیژییانە بۆ بەهێزکردننتە. ڕۆماننووسی ئیسپانی میگێـلَ دی سـێرڤانتیس نووسـیویەتی، "مرۆڤـی ئامـادە نیـوەی جەنگەکـەی جـەنگاوە." بیرکردنـەوەی سـتراتیژییانە ئـەو کێشـە ئاڵۆز و ئامانجە درێژخایەنانە دەگرێتـەوە کـە دەشـێت زۆر قـورس بـن بـۆ دەستنیشـانکردن، دەیانکـات بـە چـەند بەشـێکەوە کـە بتوانرێت بەڕێوە ببرێن. بەم شێوەیەش کارەکـەت ئاسـان دەکات. هەموو شتێك ساناتر دەبێتەوە کاتێك پلانی بۆ داڕێژرابێت.

هەروەها بیرکردنەوەی ستراتیژییانە دەتوانێت یارمـەتیت بـدات لە ساناکردنەوەی بەڕێوەبردنی ڕۆژەکانی ژیانت. من ئەوە دەکـەم بە بەکارهێنانی سیستمێك کـە سیسـتمەکەیش هـیچ نییـە جگـە لـە بیرکردنەوەی ستراتیژییانە. لـەنێوان وتاربێژەکانـدا بـەناوبانگم بـۆ پۆلێنکردنی فایلەکانم (واتە خەزنکردنی زانیارییە جیـا جیاکـان لـە فایلی جیا جیادا تا زانیارییـەکانم ڕێـك بخـەم). نووسـینی وانەیـەك یـان وتارێـك ڕەنگـە قـورس بێـت، بـەڵام چـونکە مـن وتـەکان، چیرۆکەکان و وتارەکـان لـە فـایلی جیـا جیـادا ڕێـك دەخـەم. کـە پێویستم بە شـتێك دەبێـت بـۆ ڕوونکردنـەوە و پێـدانی وردەکـاری لەسەر بابەتێك، دەچم تەماشای یەکێك لـەو ١٢٠٠ فایلەکـە دەکـەم

کە زانیارییەکەم تێدا داناوە، ئەو زانیارییە دەدۆزمەوە کە یارمەتیدەرم بێت. دەتوانرێت هەموو شتێکی قورس سانا بکرێتەوە بە بیرکردنەوەی ستراتیژییانە.

٢. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە هانت دەدات بۆ پرسینی پرسیاری گونجاو

دەتەوێت کێشە قورس و ئالۆزەکان شی بکەیتەوە؟ کەواتە پرسیار بکە. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە وات لێ دەکات بەم ڕەوتی پرسیارپرسینەدا بڕۆیت. تەماشایەکی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکە کە لەلایەن هاوڕێکەم بۆب بیلەوە دانراون کە نووسەری کتێبی(ماستەرپلانین)ە.

- **ئاڕاستە**: پێویستە هەنگاوی دواتر چی بکەیت؟ بۆچی بیکەیت؟
- **بەڕێوەبردن**: کێ بەرپرسی چییە؟ کێ بەرپرسی کێیە؟ ئایا کەسی شیاو لە شوێنی شیاودایە؟
- **پارەی کاش**: داهات، تێچوو و قازانجی پێشبینیکراومان چەندە؟ ئایا دەتوانین ئەو پێشبینییە بکەینە ڕاست؟ چۆن دەتوانین بیکەینە ڕاست.
- **شوێنکەوتن**: ئایا بەدوای بەدیهێنانی ئامانجەکەمانەوەین؟
- **هەڵسەنگاندنی گشتی**: ئایا ئەو کوالێتییە بەدەست دەهێنین کە پێشبینیی دەکەین و خوازیارین لە خۆمان؟
- **پوختەکردن**: چۆن دەتوانین کاریگەرتر و کارامەتر ببین واتە (بەرەو نموونەییبوون هەنگاو بنێین)؟

هەر ئەمانە بەتەنیا ئەو پرسیارانە نین کە پێویستە بیانپرسیت بۆ دەستکردن بە دانانی پلانێکی ستراتیژی، بەلاَم بە دڵنیاییەوە دەستپێکێکی باشن.

٣. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە هاندەرتە تا بە دڵی کڕیاڕ بکەیت

جەنەڕاڵ جۆرج ئێس پاتن گوتویەتی، "جەنەڕاڵە سەرکەوتووەکان پلان دادەنێن تا لەگەڵ بارودۆخدا بگونجێت، نەک هەوڵ بدەن بارودۆخێک بسازێنن تا لەگەڵ پلانەکەیاندا بگونجێت."

هەموو بیرمەندە ستراتیژییە باشەکان ورد و دەقیقن لە بیرکردنەوەیاندا. هەوڵ دەدەن ستراتیژییەکەیان ببەستنەوە بە کێشەکەیانەوە، چونکە ستراتیژی شتێکی قەبارە نەگۆڕ نییە لەگەڵ هەموو پێشنیارێکدا بگونجێت. بیرکردنەوەی گشتگیر و کەمتەرخەمانە دوژمنی دەستکەوتبەدەستهێنانە. مەبەست لە خۆگونجاندن لە بیرکردنەوەی ستراتیژییانەدا ئەوەیە کە کەسەکە لا بدات لە بیرۆکەی ئاڵۆز و ناڕوون و بیخاتە سەر ڕێگەگەلێکی دیاریکراو بۆ بەدواداچوونی کار یاخود کێشەکەی. واتە بیرکردنەوەی ستراتیژییانە مێشک چالاک دەکات.

٤. بیرکردنـەوەی سـتراتیژییانە ئـەمڕۆ ئامـادەت دەکـات بـۆ سبەینێیەکی نادیار

بیرکردنەوەی ستراتیژییانە پردی لکێنەری ئاستی ئێستاتە بـەو ئاستەی دەتەوێت پێی بگەیت. ئەمڕۆ ئاڕاستە و متمانـەت دەداتـێ و توانات زیاد دەکات بـۆ سـەرکەوتنی سـبەینێت. هـەر وەك مـاری وێب دەڵێت، " ئامادە بە دەست بەسەر خەونەکانتدا بگریت پـێش ئەوەی پێیان بگەیت."

٥. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە ڕێژەی هەڵە کەم دەکاتەوە

هەر کاتێك ڕاستەوخۆ کاردانەوەت هـەبێت بـۆ شـتەکان یـاخود بەتەواوەتی لە دۆخی کاردانـەوەدا بیـت، ئـەوا ڕێـژەی هەڵـەکردنت زیاد دەبێت. وەك ئەو گۆڵفەرە وایت کە لە تۆپەکە نزیك دەبێتەوە و لێی دەدات بەر لەوەی لە شوێنی دروست داینێت، بەم جۆرەش سـەرەڕای ڕوونـی ئامانجەکـەی کەچـی نایپێکێـت. دەشـێت ناڕێکدانانی تۆپێك و لێدانی گەر بـە پلەیـەکی کـەمیش بێـت ببێتـە هۆی ئەوەی تۆپەکەت ٩١ مـەتر لـەولاتری ئامانجەکـەت بـەر زەوی بکەوێتـەوە. بیرکردنـەوەی سـتراتیژییانە ڕێـژەی هەڵـە کـەم دەکاتـەوە. وات لێ دەکـات ئامانجەکـەت بپێکیـت، هـەر وەك چـۆن دروسـتدانانی تـۆپی گـۆڵفیش یارمـەتیت دەدات تۆپەلێدراوەکـەت نزیکتر ببێتەوە لە ئاڵاکە. تـاکوو باشـتر خـۆت بگونجێنیـت لەگـەڵ ئامانجەکەتـدا، ئـەو نامۆییانـەت لا ئاشـناتر دەبێتـەوە کـە بـە ئاڕاستەیەکی دروست پەییان پێ دەبەیت.

٦. بیرکردنەوەی ستراتیژییانە دەتکاتە کەسێکی کاریگەر

یەکێك لە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان بەنهێنی بەوی تریانی وت: "کۆمپانیاکەمان پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە. پلانە کورتخایەنەکەمان ئەوەیە کە بەردەوام بین تا ئەم پلانە کورتخایەنە بکەینە درێژخایەن." ئەمە ستراتیژییەکی زۆر لاوازە کە دەکرێت بلێین هەر ستراتیژی نییە، کەچی هێشتایش هەندێك لە سەرکردەکان پەیڕەوی دەکەن. بەم چەشنە پشتگوێخستنەی بیرکردنەوەی ستراتیژییانە دوچاری زیاد لە کێشەیەك دەبیتەوە. ئەم ڕێگایە نەك تەنیا شکست بە بونیادنانی بازرگانییەکەت دەهێنێت، بگرە هەموو ئەوانە بێڕێز دەکات کە لە کارەکەدا تێوە گلاون.

ئەوەی خاوەنپلانە، خاوەنهێزە. گرنگ نییە خەریکی چ کارێکیت. کارمەندەکان دەیانەوێت شوێنکەوتەی ئەو سەرکردانە بن کە خاوەنی پلانی باشی کارن. خۆبەخشەکان دەیانەوێت شوێنکەوتەی ئەو پێشڕەوە بن کە خاوەنپلانێکی باشە. منداڵەکان دەیانەوێت لەگەڵ ئەو تازەپێگەیشتووانەدا بن کە پلانێکی باشیان داڕشتووە بۆ پشووەکەیان. گەر کار بە بیرکردنەوەی ستراتیژییانە بکەیت، خەڵکی گوێت بۆ دەگرن و دەیانەوێت شوێنکەوتەت بن. گەر خاوەن پێگەی سەرکردەیت لە دامەزراوەیەکدا، بیرکردنەوەی ستراتیژییانە بنچینەیە.

چۆن هێزی بیرکردنەوەی ستراتیژییانە بخەیتە ڕوو؟

تـا ببیتـە بیرمەنـدێکی سـتراتیژیی باشـتر کـە بتوانێـت پـلان دابڕێـژێت و بیخاتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە بـە جۆرێـك ئامانجـە خوازراوەکەی بهێنێتە دی، ئەم خاڵانە پەیڕەو بکە:

١. کارەکان بەش بەش بکە

یەکـەم هـەنگاو لـە بیرکردنـەوەی سـتراتیژییانەدا ئەوەیـە کـە کارەکەت بـەش بـەش بکـەیت بـۆ بەشـی بچـوکتر و ڕێکخراوتـر تـا بتوانیت کاریگەرانەتر تەرکیز بخەیتـە سـەریان. چـۆنییەتی کردنـی کارەکەت گرنگترە لە خودی کردنەکە. دەشێت کارێـك بـەش بـەش بکـەیت بـەپێی ئەرکەکـەی. ئـەوەش هـەر ئـەو شـتەیە کـە هێنـری فـۆردی نوێگـەری ئۆتۆمبێـل کـردی کاتێـك هێڵـی پێکـەوەنانی پارچەکانی ئۆتۆمبێلی دروست کرد (واتـە هێڵێکـی دروسـت کـرد و لە هەر بەشـێکی ئـەم هێڵـەدا پارچـەیەکی جیاواز زیاد دەکرا بۆ ئۆتۆمبێلەکە تا لە کۆتاییی هێڵەکەدا و بە زیادکردنی کۆتـا پارچـە ئۆتۆمبێلەکـە تـەواو دەکـرا)، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کـە فـۆرد گوتویەتی، "هیچ کارێکی گەورە قورس نییە گەر بیکەیت بە چەند بەشێکی بچووکەوە."

چۆنییەتی بەشبەشکردنی کارەکەت دەکەوێتـەوە سـەر خـۆت، بـەپێی ئـەرك، خشـتەی کـات، بەرپرسـیارێتی، ئامـانج، یـا هـەر ڕێگەیـەکی تـر بیکـەیت. گـرنگ ئەوەیـە کـە بـەش بەشـی بکـەیت، چونکە لە ملیۆنێك کەس تەنیا یەك کەس دەتوانێت تەواوی شـتێك

لە مێشکیدا ڕێك بخات و، ستراتیژییانە بیر بکاتەوە تا ئەو شتە بکاتە پلانی کرداری.

٢.پێش ئەوەی بپرسیت چۆن بپرسە بۆچی

کاتێك زۆرینەی خەڵکی بیرکردنەوەی ستراتیژییان بەکار هێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك یاخود نەخشە پلانێکیان کێشا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان، هەمیشە ئەو هەڵەیە دەکەن کە هەڵپەیان دێ و هەوڵ دەدەن یەکسەر بزانن چۆن ئامانجەکەیان بەدەست بهێنن. لەبریی پرسینی چۆن پێویستە سەرەتا بپرسیت بۆچی. گەر خێرا بچیتە سەر شێوازی چارەسەرکردنی کێشەیەك، چۆن دەتوانیت تەواوی کێشەکە بزانیت؟

سەرمایەدار یوجین جی گرەیس گوتویەتی، "هەزاران ئەندازیار دەتوانن نەخشەی پردێك دابرێژن، فشار و جێفشارەکەی مەزەندە بکەن، پلانێکی تێروتەسەل بۆ دروستکردنی ئامێرێك دابرێژن، بەڵام ئەندازیاری بلیمەت ئەوەیە کە بزانێت ئایا ئەسڵەن پێویست دەکات ئەو پردە یان ئەو ئامێرە دروست بکرێت، لەکوێ دروستی بکرێت و، کەی دروستی بکرێت." پرسینی بۆچی یارمەتیت دەدات بیر بکەیتەوە دەربارەی هەموو هۆکاری بڕیارەکان. وات لێ دەکات مێشکت بکەیتەوە بۆ ئەگەر و دەرفەتەکان. قەبارەی دەرفەتێك ئاستی ئەو سەرچاوە و کۆششە دیاری دەکات کە دەبێت لەپێناویدا دابینی بکەیت و بیدەیت. دەرفەتە مەزنەکان هیی

بڕیارە مەزنەکانن. گەر خێرا بپرسیت چۆن پێش پرسینی بۆچی ڕەنگە ئەو دەرفەتە مەزنە لەدەست بدەیت.

٣. کێشە وئامانجە ڕاستەقینەکان بزانە

ویلیام فێزە، نووسەری کتێبی (کاری ژیان)، گوتویەتی، " هەر کێشەیەك بەر لەوەی چارە بکرێت پێویستە بەڕوونی بزانرێت چییە." زۆرینەی خەڵکی پڕ دەدەنە چارەسەرکردن، بێ ئەوەی بزانن کێشەکە چییە، بەم جۆرەش لە کۆتاییدا کێشەیەکی هەڵە چارە دەکەن. بۆ بنبڕکردنی ئەم هەڵەیە، لە کێشەکان بکۆڵەرەوە تا کێشە ڕاستەکە بخەیتە ڕوو. هەموو گریمانەکان هەڵبسەنگێنە. تەنانەت دوای ئەوەی کێشەکەیشت زانی زانیاری کۆ بکەرەوە. (ڕەنگە هێشتا زانیارییەکی ناتەواوت لا بێت، بەڵام نەتەوێت یەکسەر بگەیتە کۆتایی پێش ئەوەی زانیاریی تەواو کۆ بکەیتەوە بۆ دەستکردن بە زانینی کێشە ڕاستەقینەکە.) دەست پێ بکە بە پرسینی ئەم پرسیارە: دەشێت چ شتێکی تر کێشە ڕاستەقینەکە بێت؟ هەروەها زیاد لە هەر شتێکی تر پێویستە هەموو شتێکی کەسیت وەلا بنێیت، چونکە دەشێت ئەوە وات لێ بکات بەڕوونی بیر نەکەیتەوە. دیاریکردنی دۆخی ڕاستەقینە و ئامانجەکانت بەشی سەرەکیی باسەکەیە. کە کێشە ڕاستەقینەکە زانرا، چارەسەر ئاسان دەبێت.

٤. بە سەرچاوەکانتدا بچۆرەوە

پێشتریش ڕوونم کردەوە کە سەرچاوەکان چەندە گرنگن بەڵام شایەنی ئەوەیە دیسان ئاماژەیان پێ بدەم. ئەو ستراتیژییەی کە سەرچاوەکان بەهەند وەرناگرێت شکست دەهێنێت. ئامارێک دروست بکە: چەند کاتت هەیە؟ چەند پارەت هەیە؟ چ جۆرە مادده و شمەکێکت هەیە؟ شتە بەسوودەکانی ترت چین؟ چ بەرپرسیارێتی و ناچارکردنێك سوودیان دەبێت؟ چ کەسێکی دەستەکەت دەتوانێت کاریگەری دروست بکات؟ تۆ کار و ڕێخراوەکەی خۆت دەناسیت. بزانە چ سەرچاوەیەکت هەیە تا بەکاری بهێنیت.

٥. پەرە بە پلانەکەت بدە

چۆنیەتی چونە ناو پرۆسەی پلاندانان بەزۆری پشت دەبەستێت بە شارەزاییەکەت و قەبارەی ئەو ئاڵنگارییەی کە پلانی بۆ دادەنێیت، کەواتە قورسە خوازیاری وردەکاریی زۆر بیت. هەرچەندە گرنگ نییە چۆن پلان دادەنێیت، ئەم ئامۆژگارییەت بیر بێت: بەڕوونێتی و ئاشکرایی دەست پێ بکە. کاتێک بەڕوونی پلانێك دادەنێیت یان کێشەیەك چارە دەکەیت، ئەمە یەکبوونی و هاودەنگی دەداتە دەستەکەت، چونکە هەموان شتی ڕوون دەبینن. شتە ڕوونەکان خێراییی هزری دروست دەکەن و دەستپێك دەدەنە داهێنەرێتی و بەهێزی. باشترین هەنگاو بۆ

تەواو دروستکردنی ڕێگەیەك بونیادنانیەتی لەسەر ئەو بنچینانەی کە هەیەتی.

٦. کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێ

زۆر گرنگە کە دەستەکەت وەك بەشێك لە بیرکردنەوەی ستراتیژیت دابنێیت. پێش ئەوەی پلانەکەت بخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستە دڵنیا بیت کە کەسی شیاوت لە شوێنی شیاو داناوە. تەنانەت باشترین بیرکردنەوەی ستراتیژییانە ناتوانێت یارمەتیدەرت بێت گەر بەهەندی وەرنەگریت کە خەڵکەکەت بەشێکە لە هاوکێشەکەت. بزانە چی ڕوو دەدات گەر بەهەندی وەرنەگریت:

کەسی هەڵە: دەبێتە هۆی کێشە لەبریی بەهێزی

شوێنی هەڵە: دەبێتە هۆی بێهیوابوون لەبریی بەئاواتگەیشتن

پلانی هەڵە: دەبێتە هۆی داخ و خەفەت لەبریی پەرەسەندن

کاتێك هەر سێکیان پێکەوە بەکار دێنیت: کەسی شیاو، شوێنی شیاو، پلانی تۆکمە. ئەوا هەموو شتێکی باش ڕووت تێ دەکات.

٧. بەردەوام بە لەسەر دوبارەکردنەوەی ڕەوتەکە

هاوڕێکەم ئۆلان هێندریکس گوتویەتی، "بیرکردنەوەی ستراتیژییانە وەك خۆشۆردن وایە، پێویستە بەردەوام بیت لەسەری." گەر بەتەما بیت یەکسەر کێشەیەکی گەورە چارە بکەیت، ئەوا تووشی بێهیوایی دەبیت چونکە ناتوانیت. شتە

بچوکەکان دەتوانرێت ئاسان ببرێنەوە لەڕێی سیستم و ڕێسای کەسییەوە. بەلآم کێشەی گەورە کاتێکی زۆری بیرکردنەوەی ستراتیژییانەی دەوێ. ئەوەی کە سەیت یۆست گوتویەتی تەواو ڕاستە: "خواستی بردنەوە بێسوودە گەر خواستی ئامادەباشیت نەبێ بۆ بردنەوە." گەر دەتەوێت ببیتە بیرمەندێکی ستراتیژیی کاریگەر، ئەوا پێویستە بیرمەندێکی ستراتیژییانەی بەردەوام بیت.

پرسیاری فیکری

ئایا من ئەو جۆرە پلانە ستراتیژییانە دەخەمە گەڕ کە بەرچاوڕوونیم بدەنێ بۆ ئەمڕۆ و توانام زیاد بکەن بۆ سبەینێ؟

بەشی شەشەم

درك بە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بکە

"هیچ شتێك هێندەی ئەوە شەرمەزارکەر نییە کە تەماشای کەسێك بکەیت خەریك بێت کارێك بکات کە تۆ گوتبێتت ناتوانرێت بکرێت."

سام ئیوینگ

بیرکردنەوەی ئەگەربینانە(شیمانەیی) واتە: بڕوات وا بێت هیچ شتێك ئەستەم نییە و، لە هەموو ئەستەمییەکدا ئەگەرێك ببینیت بۆ ئەستەمنەبوون و ڕێتێچوون.

ئەو کەسانەی کە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بەکار دەهێنن دەتوانن ئەو شتانە بەدەست بهێنن کە ئەستەم دیار بوون، چونکە بڕوایان بە بارودۆخەکان هەیە. ئەمانە چەند هۆکارێکن تا پێت بڵێن بۆچی پێویستە بیرمەندێکی ئەگەربین بیت.

١. بیرکردنەوەی ئەگەربینانە ئەگەرت بۆ زیاد دەکات

کاتێك بڕوات وایە دەتوانیت شتێکی قورس بەئەنجام بگەیەنیت و، سەرکەوتوو بوویت تێیدا، زۆرینەی دەرگاکان بەڕووتدا دەکرێنەوە. کاتێك جۆرج لۆکاسی فیلمساز سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی زنجیرە فیلمی (شەڕی ئەستێرەکان)، سەرەڕای ئەوەی کەسانێك دەیانوت ئەو ئیفێکتە تایبەتانەی ئەو دەیویست هەرگیز دروست نەکراون و هەرگیزیش دروست ناکرێن، زۆر

دەرفەتی تر بەڕوویدا کرانەوە. لەوانەش دامەزراندنی کۆمپانیای (ڕووناکی دەستکرد و جادوو) بوو، ئەو کۆمپانیایەی کە دایمەزراند بۆ دروستکردنی ئەو ئیفێکتە تایبەتانەی کە خەڵکی پێیان مەحاڵ بوو، بۆی بوو بە سەرچاوەی داهات تا پاڵپشتیی بکات لە بونیادنانی پرۆژەکانی تریشیدا. توانی کەلوپەلە پەیوەندندارەکانی تریش بەرهەم بهێنێت بۆ فیلمەکانی، ئەمەش بوو بە سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ پاڵپشتیکردن لە فیلمسازکردنەکانی. هەروەها متمانەی بەوەی کە دەشێت شتە سەختەکان بکرێن کاریگەرییەکی گەورەی دروست کرد لەسەر فیلمسازەکانی تریش و هەموو جیلە تازەکەی تەماشاکەرانی فیلم. کەلتوورنووسی بەناوبانگ کریس سالویتز گوتویەتی، " سەرەتا ڕاستەوخۆ لەڕێی ئیشەکانیەوە و پاشانیش لەڕێی کاریگەرییە بەراوردنەکراوەکەی کۆمپانیای (ڕووناکی دەستکرد و جادوو)، جۆرج لۆکاس بۆ ماوەی دوو سەدەیە هەموو دنیای سینەمای داگیر کردووە. " گەر ئەگەربینانە بیر بکەیتەوە، زۆر ئەگەری تریش دێنە ڕێت.

٢. **بیرکردنەوەی ئەگەربینانە دەرفەت و خەڵکی ڕادەکێشێت بە لاتدا**

چیرۆکەکەی جۆرج لۆکاس بەرچاوڕوونیت دەداتێ تا ببینیت کە چۆن بوونت بە بیرمەندێکی ئەگەربین دەرفەتی نوێت دەداتێ و سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت بە لاتدا. ئەوانەی مەزن بیر

دەکەنــەوە کەســانی مــەزن بــە لای خۆیانــدا ڕادەکێشــن. گــەر دەتــەوێت شــتی مــەزن بەدەســت بهێنیــت، پێویســتە ببیتــە بیرمەندێکی ئەگەربین.

٣. بیرکردنەوەی ئەگەربینانە ئەگەری کەسانی تریش زیاد دەکات

بیرمەندە مەزنەکان ئەوانەی کە ڕووداوەکان دەئافرێنن ئەگەر بــۆ کەســانی تــریش دروســت دەکــەن. چــونکە تــا ڕادەیــەك بیرکردنــەوەی چــواردەورەکەت کاریگــەری دەکاتــە ســەر بیرکردنەوەی تۆیش. کاتێك بیرمەندی ئەگەربینت لەدەور بێت، متمانەبەخۆبوونت زیاد دەکات و مەزنانەتر بیر دەکەیتەوە.

٤. بیرکردنــەوەی ئەگەربینانــە ڕێــت دەدات خــەونی گــەورە ببینیت

گرنگ نییــە چ کارەیت، بیرکردنــەوەی ئەگەربینانــە دەتوانێت یارمــەتیت بــدات ئاسۆی بیرکردنــەوەت فــراوان بکــەیت و خــەونی گــەورە ببینیــت. پرۆفیسـۆر دەیڤـد جـەی شـوارتز بـاوەڕی وایـە، "بیرمەنــدە مەزنــەکان شــارەزان لــە دروســتکردنی تێڕوانینێکــی ئــەرێنی و، وێنەیــەکی گەشــبینانە لــە مێشــکی خۆیــان و کەســانی تریشدا." گەر ئەگەربینانە بیر بکەیتەوە، قەبارەی خەونــەکانت لــە گردۆڵکەوە دەبنــە شــاخ، چونکە بــاوەڕت بــە ئەگــەر و ڕێتێچوون هەیــە، هــەر بۆیــەش خــۆت دەخەیتــە پێگەیــەك کــە بتوانیــت خەونەکانت بهێنیتە دی.

٥. بیرکردنەوەی ئەگەربینانە ئاسانکارییت بۆ دەکات تا بەسەر کەسانی ئاساییدا سەر بکەویت

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک نرخی سووتەمەنی زۆر بەرز بووەوە، دروستکەرانی ئۆتۆمبێل فەرمانیان پێ درا ئۆتۆمبێلەکانیان بە جۆرێک دروست بکەن سووتەمەنی کەمتر بەکار بهێنێت. یەکێک لە کارگەکان داوای لە باشترین ئەندازیارەکانی کرد کێشی ئەو ئۆتۆمبێلانە زۆر کەم بکەنەوە کە دروستی دەکەن. کاریان لەسەر کێشەکە کرد و گەیشتنە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنی نەک کەمکردنەوەی کێشی ئۆتۆمبێلەکان و، لە کۆتاییدا ئەوەیان خستە ڕوو کە ناتوانرێت ئۆتۆمبێل بە کێشێکی کەمتر دروست بکرێت، چونکە نرخی زۆر گران دەبێت و، کێشەی سەلامەتیی زۆر دروست دەکات. نەیانتوانی ئەو بیرکردنەوە بێئەگەرەیان بگۆڕن.

ئەی کەواتە چارەسەری دروستکەرانی ئۆتۆمبێل چییە؟ کێشەکەیان سپارد بە گروپێک ئەندازیاری کەمشارەزاتر. گروپە نوێیەکە ڕێگەگەلێکیان دۆزییەوە بۆ کەمکردنەوەی کێشی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیاکە بە سەدان گرام، چونکە وا بیریان کردەوە کە چارەسەرکردنی کێشەکە ڕێی تێ دەچێت و ئەستەم نییە. هەر واش بوو. هەر کاتێک لە بەئەنجامگەیاندنی هەر کارێک وشەی ئەستەمت لا برد، توانات لە ئاستێکی ئاساییەوە زیاد دەکەیت بۆ ئاستێکی بالا.

٦. بیرکردنەوەی ئەگەربینانە وزەت دەداتیٚ

پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان بیرکردنەوەی ئەگەربینانە و ئاستی وزەی هەر کەسێکدا. کێ وزەی دەبێت بە پێشبینیکردنی شکست؟ گەر بزانیت ناتوانیت لە شتێکدا سەرکەوتوو بیت، ئامادەیت چەنێك کات و وزەی خۆتی بدەیتیٚ؟ نەك تۆ هیچ کەس بەدوای هۆکارێکی لەدەستچوودا ناچێت. وزە و توانای خۆت دەدەیتە کارێك کە بڕوات وا بێت دەتوانیت تێیدا سەرکەوتوو بیت. کاتێك ئەگەربینانە بیر دەکەیتەوە، بڕوات بەو شتە دەبێت کە دەیکەیت، ئەو باوەڕەیش وزەت دەداتیٚ.

٧. بیرکردنەوەی ئەگەربینانە ناهێڵێت کۆڵ بدەیت

زیاد لە هەر شتێکی تر، بیرمەندە ئەگەربینەکان باوەڕیان وایە دەتوانن سەرکەوتوو بن. دێنیز وەیتلی نووسەری پەرتووکی (سایکۆلۆژیای بردنەوە) نووسیویەتی، "براوەکان هەمیشە کە بیر دەکەنەوە دەڵێن دەتوانم، دەیکەم. دۆڕاوەکانیش هەمیشە بیریان لای ئەوەیە کە چی ناکەن و، دەیانتوانی چی بکەن." گەر بڕوات وا بێت ناتوانیت شتێك بکەیت، ئیتر گرنگ نییە چەنێك باش هەوڵی بۆ بدەیت، تۆ هەر لە سەرەتاوە شکستت هێناوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە بڕوات وا بووە کە ناتوانیت کەواتە ناتوانیت. گەر هەر لە سەرەتایشەوە بڕوات وا بێت دەتوانیت شتێك بکەیت، ئەوا هەر بەو باوەڕەت لە سەرەتاوە زۆرینەی جەنگەکەت بردووەتەوە.

یەکێك لەو کەسانەی کە وەك بیرمەندێکی ئەگەربین دەرکەوتبێت لە ساڵی ۲۰۰۱، پارێزگاری نیویۆرك ڕوودی جولیانە. چەند کاتژمێرێك پاش تراژیدیاکەی ۱۱ی سێپتەمبەر، جولیان نەك تەنیا سەرکردایەتی شارەکەی کرد لە پشێویی کارەساتەکەدا، بەڵکوو دووبارە متمانەی خستە دڵی هەمووانەوە و، پاش کەمێك بەپێی ئەزموونی خۆی هەندێك بیرۆکە و بەرچاوڕوونی دا و گوتی:

زۆر سەربەرزم بەو کەسانەی لەسەر شەقام دیتمن. ئەوانە پشێوییان نەناوەتەوە، بەڵکوو ترساون و شڵەژاون. هەر بۆیەش پێم وا بوو پێویستە خۆم بێم و لە خۆمەوە گوێیان لێ بێت کە پێویستە چی بکەین. هەوڵم دەدا بیر بکەمەوە تا بزانم ڕوو بکەمە کوێ بۆ ئەوەی نموونەیەکم دەست بکەوێت هاوشێوەی ئەم کارەساتەی ئێستای ئێمە بوو بێت، یان هەندێك وانەی لێوە فێر ببین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە. هەر بۆیەش بیرم لە سەرۆك چەرچڵ کردەوە، بیرم لەوە کردەوە کە پێویستە دووبارە ڕووحی ئەم شارە بوونیاد بنێینەوە، بۆ ئەمەش چ نموونەیەك باشترە لە نموونەکەی چەرچڵ و گەلی لەندەن لە ماوەی [2]بلیتزی ساڵی ۱۹٤۰

بلیتزی ۱۹٤۰ بریتی بوو لە بۆمبارانی نازییەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر لەندەن بە سەرکردایەتیی هیتلەر و تێیدا ۳۲۰۰۰ بەریتانی کوژران و ۸۷۰۰۰ کەسیش بەسەختی بریندار بوون و، سەدا شەستی خانووەکانی لەندەن خاپوور کران.

کە پێویست بوو لەسەر گەلی لەندەن بەرگە بگرن و گەشبین بن لە کاتێکدا ئەڵمانیا بۆمببارانی دەکردن؟ بیرکردنەوە لەو دۆخەی ئەوان و گەشبینبوون بەوەی ئەم دۆخەی ئێمەش تێدەپەڕێت ئاسوودەبەخشە.

شازدە کاتژمێر دوای ئەوەی فڕۆکەکان دایان لە بیناکانی شاری نیویۆرک، لەو دەمەی جولیان گەڕایەوە بۆ شووقەکەی خۆی بۆ پشوودان لە کاتژمێر ٢:٣٠ی شەو، لەبریی خەوتن، پەرتووکی (چاپتەرەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی چەرچڵ)ی خوێندەوە کە ژیاننامەیەك بوو لەلایەن ڕۆی جێنکنسەوە نووسرابوو. لێیەوە فێر بوو کە چەرچڵ چۆن یارمەتیی خەڵکەکەی داوە تا ئەگەرەکان ببینن و وای لە خەڵکەکەی کرد بەردەوام بن. ئەو شتەی چەرچڵ ئەو کاتە کردی، کاریگەری لەسەر جولیانی دانا و دوای شەست ساڵ هەمان شتی کردەوە بۆ خەڵکەکەی خۆی.

چۆن هەست بە وزەی بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بکەم؟

گەر هەر بە سروشت کەسێکی ئەرێنیت و بیرمەندێکی ئەگەربینیت، کەواتە وەك منیت. هەرچەندە هەندێك کەس لەبری گەشبینبوون، هەر بە سروشت کەسانی ڕەشبین و بێهیوان و، باوەڕیان وایە بیرمەندە ئەگەربینەکان کەسانی گێل و ساویلکەن. گەر بیرکردنەوەت بەرەو ڕەشبینی چوو، با ئەم پرسیارەت لێ بپرسم: چەند کەسی سەرکەوتوو دەناسیت کە بەردەوام ڕەشبین

بوو بێت؟ چەند بیرمەندی ئەگەرنەبین دەناسیت کە دەستکەوتی مەزنیان بەدەست هێنابێت؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەت بریتییە لە "هیچ کەس!"

ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە شتەکان ڕێیان تێ ناچێت دوو بژاردەیان هەیە. یەکەم: دەتوانن پێشبینی خراپترین شت بکەن و دواتریش ئەو شتانە بێنە ناو ژیانیان و بەردەوام ئەزموونی بکەن. دووەم: دەتوانن بیرکردنەوەیان بگۆڕن. ئەوەش هەر ئەوە بوو کە جۆرج لۆکاس کردی. باوەڕ بکەیت یان نا، ئەگەرچی بیرمەندێکی ئەگەربینە، بەڵام لە سروشتدا کەسێکی ئەرێنی نەبوو. گوتویەتی، "من زۆر بێهیوام، هەر بۆیەش، پێم وایە پێویستە پێچەوانەی ئەمەی ئێستام بم و گەشبین بم." واتە، سەرەتا خۆی کەسێکی گەشبین نەبوو بەڵام هەڵی بژارد ئەرێنییانە بیر بکاتەوە. گەیشتە ئەم دەرەنجامە: "هێزی بیرکردنەوەی ئەرێنی سەرکەوتووت دەکات. کەواتە گەر سووربوون و بیرکردنەوەی ئەرێنیت ببەستیتەوە بە بەهرەوەریتەوە و ئەمیش ببەستیتەوە بە ناسینی پیشەکەتەوە ئەوا سەرکەوتوو دەبیت، ڕەنگە وەك بۆچوونێکی ساویلکە دەربکەوێت، بەڵام من و هاوڕێکانم وامان کرد و لێی سوودمەند بووین هەر بۆیەش بڕوام پێیەتی.

گەر دەتەوێت سوودمەند بیت لە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە، ئەوا ئەم پێشنیارانە جێبەجێ بکە:

١. وەستە لە تەرکیزخستنەسەر شتە ئەستەمەکان(مەحاڵەکان)

یەکەم هەنگاو بۆ بوونت بە بیرمەندێکی ئەگەربین ئەوەیە کە بوەستیت لە بەردەوامبیرکردنەوە و گەڕان بەدوای ئەوەی چ شتێکی خراپ هەیە لە هەر بارودۆخێکدا. دەروونناسی وەرزشی بۆب ڕۆتێلا گوتویەتی، "بە خەڵکی دەڵێم: ئاساییە گەر نەتەوێت ئەرێنییانە بیر بکەیتەوە، بەڵام هەموو بیرە نەرێنییەکانیش لە مێشکت بکە دەرەوە، پاش لابردنی ئەو نەرێنێتییانە هەرچی لە مێشکتدا مایەوە شتی باش دەبێت."

گەر بیرکردنەوەی ئەگەربینانە نوێیە بۆت، ئەوا ڕاهێنانی زۆرت پێویستە بۆ دەرکردنی هەندێك لە قسە نەرێنییەکانی ناو مێشکت. کاتێك خودکارانە دەست دەکەیت بە ڕیزکردنی ئەو شتە خراپانەی کە دەشێت ڕوو بدەن یاخود ئەو هۆکارانەی کە ڕێگری دەکەن لە ڕوودانی شتێك، خۆت بوەستێنە و بڵێ، "وا بیر مەکەرەوە،" پاشان بپرسە، "چ شتێکی باش دەشێت ڕوو بدات؟" ئەوەش یارمەتییت دەدات تا دەست پێ بکەیت ببیتە کەسێکی ئەگەربین. گەر نەرێنێتی کێشەیەکی گەورەیە بۆت و شتە ڕەشبینانەکان لە زارت دێنە دەرەوە پێش ئەوەی بیریان لێ

بکەیتەوە، ئەوا پێوستە پشت بە هاوکاریی هاوڕێیەکت یان ئەندامێکی خێزانەکەت ببەستیت تا ئاگادارت بکاتەوە لە هەر کاتێکدا کە بیرۆکەی خراپت لە زار دێتە دەرەوە.

٢. لە کەسە شارەزاکان دوور بکەوە

دەوترێت زیاد لە هەر کەسێ تر شارەزاناوەکان بکوژی خەونی خەڵکین.

بیرمەندە ئەگەربینەکان زۆر دوودڵن لە ڕەتکردنەوەی هەر شتێکی ئەستەم. پێشەنگی بواری مووشەکی سەر مانگ وێرنهێر ڤۆن براون گوتویەتی، "فێر بووم زۆر بەوریاییەوە وشەی ئەستەم بەکار بهێنم." ناپلیۆن بۆناپارتیش گوتویەتی، "وشەی ئەستەم لە فەرهەنگی مندا بوونی نییە." گەر هەست دەکەیت پێویستت بە ئامۆژگاریی شارەزایەك هەیە، ئەوا ئەم قسانەی جۆن ئەندریو هۆڵمست بیر بێت، کە وتویەتی، "هەرگیز بە گەنجێك مەڵێ کە کارێك ناتوانرێت بکرێت. ڕەنگە بۆ کردنی ئەو کارە خودا چەندین سەدە چاوەڕێی کەسێکی وەك ئەو گەنجەی کردبێت کە نەزانێت ئەستەم چییە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە." گەر دەتەوێت شتێك بەدەست بهێنیت، ڕێگە بە خۆت بدە وا بیر بکەیتەوە ئەو شتە ئەستەم نییە و، ڕێی تێ دەچێت، بۆت گرنگ نەبێت شارەزایان چی دەڵێن.

٣. بەدوای ئەگەردا بگەڕێ لە هەموو بارودۆخێکدا

بوونت بە بیرمەندێکی ئەگەربین تەنیا ئەوە نییە خۆت دابڕێت لە نەرێنێتی. لەوە زیاترە. گەڕانە بەدوای ئەگەری ئەرێنیدا سەرەڕای چۆنێتیی بارودۆخەکە. گوێم لە دۆن سۆدەرکویستی سەرۆکی پێشووی واڵ مارت بوو کە چیرۆکێکی جوانی گێڕایەوە و، ڕوونی دەکردەوە چۆن کەسێك بتوانێت ئەگەری ئەرێنی بدۆزێتەوە لە هەموو بارودۆخێکدا. سۆدەرکویست لەگەڵ سام والتن ڕۆیشتبوو بۆ شاری هەنتسڤێڵی ئەلاباما بۆ کردنەوەی چەند کۆگایەکی تازە. کاتێك لەوێ بوون، والتن پێی گوتبوو با بچینە ناو یەکێك لە کۆگاکان. سۆدەرکویست بەم جۆرە باسی کرد چی ڕوویدا لەوێ:

چوینە ناو یەکێك لە کۆگاکان و، ئەوە خراپترین کۆگا بوو بە هەموو تەمەنم بینیبێتم. زۆر شپرز بوو، هیچ مشتەری نەبوو. ڕێڕەوەکە بە شمەك تەنرابوو، ڕەفەکان بەتاڵ بوون، پیس بوون، هەموو شتێك زۆر خراپ بوو. والتن لە ڕێگەیەکەوە دەڕۆیشت و منیش لە ڕێگەیەکی ترەوە و لە دەرەوە یەکمان بینییەوە. وتی، دۆن ڕات چییە؟

منیش وتم، "سام، بێگومان ئەمە خراپترین کۆگایە بە هەموو تەمەنم دیبێتم. مەبەستم ئەوەیە، پارەوەکانت بینی؟"

وتی، "دۆن، ستاندی هەڵواسینی کۆڵۆنەکانت بینی؟"

وتم، "نەخێر، سام، نەمبینی، چونکە من بە ڕاڕەوێکی جیاوازدا ڕۆیشتم، هەر بۆیەش ئەوەم نەبینی.

وتی،"دۆن، ئەوە باشترین ستاندی کۆڵۆنهەڵواسین بووە کە بە هەموو تەمەنم دیبێتم. پاشان وتی، "ستاندەکەم لا برد دیتم لەژێریدا ناوی ئەو کەسە نووسرابوو کە دروستی کردبوو. کاتێک دەگەڕێینەوە، دەمەوێت ئەو کەسە بانگ بکەیت تا بێت بۆ لامان و سەردانی ئەو کەسانە بکات کەستاندمان بۆ دروست دەکەن. دەمەوێت ئەو جۆرە ستاندە لە کۆگاکانماندا هەبێت. ئەوە باشترین ستاند بووە بە هەموو تەمەنم دیبێتم. پاشان وتی، "ئەی شێوازی جیاکردنەوەی بەرهەمە جوانکارییەکانت بینیی؟

وتم: " سام دەشێت ئەوەش ڕێک لەتەنیشت ستاندەکەوە بوو بێت، چونکە ئەویشم نەدیت."

وتی: "دۆن، ئەزانیت خۆمان لە کۆگاکانماندا مەودای مەترێك و ٢٢ سانتیمان داناوە بۆ بەرهەمە جوانکارییەکان. کەچی ئەم کۆگایە مەودای سێ مەتر و ٦٦ سانتیمیان دانابوو بۆ بەرهەمە جوانکارییەکان. زۆر درەنگ درکمان بەمە کرد، دەبوو هەر زوو ئێمەش مەودایەکی زیاترمان دابنایە. شێوازی جیاکردنەوەی هەندێك لە بەرهەمەکانی ئەمانم نووسی و، کاتێك گەڕاینەوە دەمەوێت پەیوەندی بکەیت بە بریکاری کەلوپەلە جوانکارییەکانمانەوە تا جێگەکە فراوان بکات. بەدڵنیاییەوە پێویستە مەوداکەی فراوان بکەین.

پاشان سام پرسیی، "چ وانەیەك فێر بوویت لەمەوە؟"
بەڕاستی من لەمەوە فێر بووم بەدوای باشیدا بگەڕێم لە هەموو شتێکدا، بزانم چۆن بەرەوپێش بچم و، تامەزرۆی نایابی بم. زۆر ئاسانە تەماشا بکەیت خەڵکی چەندە ناباش شتێك بەئەنجام دەگەیەنن. بەڵام یەکێك لە خاسیەتەکانی تێڕوانینی سەرکردایەتیکردن کە سام نیشانی دام و، هەرگیز لەبیری ناکەم، گەڕانە بەدوای باشی و ئەرێنێتیدا لە هەر کارێکدا کە خەڵکی دەیکەن.

پێویستی بە بەرزیی ئاستی زیرەکی و بیستساڵ ئەزموون نییە، تا ئەگەر و ڕێتێچوون ببینیت لە هەموو بارودۆخێکدا. هەموو ئەوەی کە پێویستە تێڕوانینێکی دروستە و، هەموو کەسێکیش دەتوانێت ئەوە بکات.

٤. مەزنتر خەون ببینە

یەکێك لە باشترین ڕێگەکان بۆ پەرەدان بە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە ئەوەیە کە خەونی گەورەتر ببینیت لەوەی کە دەیبینت. ڕاشکاوانە: زۆرینەی خەڵکی خەونی زۆر بچوکیان هەیە. فراوان بیر ناکەنەوە. هێنری کێتیس گوتویەتی، "هەرچەند پێت سەرنجڕاکێشە ئاوا پلانەکانت دابڕێژە، چونکە بیست و پێنج ساڵ دواتر، ئەو خەونانە ئاسایی دەبنەوە لات. کەواتە پلانەکەت دە هێندەی یەکەم جار سەرنجڕاکێشتر دابڕێژەرەوە، چونکە بیست و

پێـنج ســاڵ دواتــر، لــە خــۆت دەپرسـیت بـۆ پــەنجا هێنـدە سەرنجڕاکێشتر دامنەڕشت."

گەر وا لە خۆت بکەیت فراوانتر خەون ببینیت، گەورەتر لەوەی ئێسـتای وێنـای ڕێکخراوەکـەت بکـەیت، ئامانجـەکانت هـەنگاوێك ببەیتـە سـەرووتری ئـەوەی کـە ئاسـوودەت دەکـات، ئـەوا ناچـار دەبیـت گەشـە بکـەیت. ئـەوەش وات لێ دەکـات کـە بـاوەڕت بـە ئەگەری گەورەتر هەبێت.

٥. دۆخی ئێستات هەڵبسەنگێنە

زۆرینــەی خــەڵکی دەیانــەوێت بــەردەوام ژیانیــان بــەرەوپێش ببــەن، کەچــی حەزیشـیان لــە جـێگیری و ئاسـوودەییە. خــەڵکی بیریان دەچێت گـەر هـەر وەك ئێسـتایان بـن، نـاتوانن بـەرەوپێش بچــن. بەرەوپێشچــوون واتــە گــۆڕان. گــۆڕانیش خوازیــاری بەرەنگاریکردنی دۆخی ئێستاتە. گـەر ئەگـەری گـەورەترت دەوێ، ئـەوا نابێـت مـل بـدەیت بـۆ ئـەوەی ئێسـتا هەتـە. کاتێـك دەبیتـە بیرمەندێکی ئەگەربین، بە زۆر کەس ئاشنا دەبیـت کـە دەیانـەوێت واز لــە خەونەکــەت بهێنیــت و لــە دۆخــی ئێســتاتدا بمێنیتــەوە. براوەکان ڕەتی دەکەنەوە دۆخی ئێستایان قبووڵ بکەن.

کە دەست دەکەیت بە وێنـاکردنی خـەونی گـەورەتر بـۆ خـۆت ئــەوا ڕێکخراوەکــەت، خێزانەکــەت و، کەســانی تــر بــەرەنگاری خەونەکەتت دەکەنەوە. زۆر باش ئەمـە بزانـە لـەم سـاتەدا کـە تـۆ خەریکیت ئەم خاڵە دەخوێنیتەوە، بیرمەنـدە ئەگەربینـەکانی تـری

شارەکەت و جیهان بیر دەکەنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەری شێرپەنجە، پەرەدان بە سەرچاوەی وزە، خواردنپێدانی کەسانی برسی و، بەرەوپێشبردنی چۆنێتی ژیانیان. دۆخی ئێستایان بە ڕووی ئەگەرەکاندا والآ دەکەن، تۆش دەبێت وا بکەیت.

٦. لە کەسایەتییە مەزنەکانەوە ئیلهام وەرگرە

دەتوانیت زۆر فێر ببیت دەربارەی بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بە خوێندنەوە دەربارەی کەسە سەرکەوتووە مەزنەکان. باسی جۆرج لۆکاسم بۆ کردن، بەس ڕەگە بڵێیت ئەو نموونەیەکی گونجاو نییە بۆ من، یاخود کەیفت بە فیلمسازکردن نەیەت. خودی خۆم زۆر هەواداری فیلمە خەیاڵییەکان نیم، بەڵام وەك بیرمەندێك، داهێنەرێك و، بازرگانێك جۆرج لۆکاسم زۆر بە دڵە. هەندێك کەسایەتی بدۆزەرەوە کە پێیان سەرسامیت پاشان دەربارەیان بخوێنەرەوە. بۆ کەسانێك بگەڕێ کە تێڕوانینیان وەك هیی ڕۆبێرت فیتسجێراڵد کەنەدی بێت، ئەو کەسەی کە ئەم وتەیەی جۆرج برنارد شای بەناوبانگ کرد: "هەندێك لە خەڵکی شتەکان وەك ئەوە دەبینن کە هەیە و دەڵێن، 'بۆ؟' من خەون بە شتانێکەوە دەبینم کە هەرگیز نەکراون و خەڵکی بڵێن، 'بۆ نا'؟"

دەزانم زۆر کەس خۆشیيان نایەت لە بیرکردنەوەی ئەگەربینانە. بەڵام هاوواتاکە بیرکردنەوەی ئەگەر بینانە بریتییە لە: ویست بۆ سەرکەوتن، باوەڕبەخۆبوون، متمانە هەبوون بە تواناکانت، باوەڕ و، هەر شتێکی تر کە ناوی دەنێیت. ئەم وتەیە

زۆر ڕاستە کە دەڵێت: ئەوانەی بڕوایان وایە ناتوانن، ئـەوا نـاتوانن، بەڵام گەر تۆ بڕوات وایە دەتوانیت، ئەوا دەتوانیت. ئەوەیـە هێـزی بیرکردنەوەی ئەگەربینانە.

پرسیاری فیکری

ئایا حەزی خۆمم داوەتە بیرکردنەوەی ئەگەربینانەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخە ئەستەمدیارەکان؟

بەشی حەوتەم

فێربوون لە بیرکردنەوەی لێکدانەوەییەوە

" گومانکردن لە هەموو شتێك و باوەڕکردن بە هەموو شتێك دوو چارەسەری یەکسانن، هەردووکیان پێویستیان بە لێکدانەوە نییە."

_ جولیز هێنری پۆینکێر[٣]

بەرەوپێشچوونە خێراکەی کۆمەڵگەکەمان هاندەری بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی نییە. زۆرینەی خەڵکی لەبری بیرکردنەوە یەکسەر دەستبەکار دەبن. بە هەڵە لێم تێ مەگە. منیش پیاوی ئیشم. وزەیەکی زۆرم هەیە و پێم خۆشە ببینم شتەکان بەئەنجام دەگەیەندرێن. بەلاّم بیرمەندێکی لێکدەرەوەیشم. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی وەك چێشتلێنەری هێواش(تەباخ) وایە و، وا لە بیرۆکەکانت دەکات لەسەرخۆ بکوڵێن تا پێ بگەن. کە بەم ڕەوتەدا دەڕۆم، ئامانجەکەم بیرکردنەوەیە، تاکوو فێر ببم لە سەرکەوتن و هەڵەکانمەوە و، بزانم پێویستە چ شتێك دووبارە بکەمەوە و، ئەو شتە دیاری بکەم کە پێویستە بیگۆڕم. ئەمەش ڕاهێنانێکی بەنرخە. بە هزرییانە گەڕانەوەت بۆ ڕابردوو، دەتوانیت بە تێگەیشتنێکی قووڵترەوە بیر بکەیتەوە.

---

[٣] بیرکاریزان و بیرمەندی زانستیی فەڕەنسی

١. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی تێڕوانینێکی ڕاستت دەداتێ

کاتێـک منداڵـەکانم لەگـەڵ خۆمـدا دەژیـان، ڕاهـاتبووم هـەموو ساڵێك بیانبەمە گەشتێکی خۆش. کاتێك دەگەڕاینـەوە، دەیـانزانی دوو پرسـیاریان لێ دەکـەم: "زۆر حـەزتان لـە چ شـتێك بـوو؟" و "چی فێر بوون؟"

بـە لامـەوە گـرنگ نـەبوو شـوێنەکە شـاری یـاری واڵـت دیزنـی یـاخود واشـنتن دی سـی بێـت. هەمیشـە ئـەو دوو پرسـیارەم لێ دەپرسین. بۆچی دەمپرسین؟ چونکە دەمویسـت بـیر بکەنـەوە لـە ئەزموونەکەیان لەوێ و لێکی بدەنەوە. سروشتی منـداڵان وایـە کـە درك بـە بـەها و نرخـی ئـەزموونێك ناکـەن گـەر وەبیریـان نەهێندرێتەوە. منداڵان شتەکان بەهەنـد وەردەگـرن، هـەر بۆیـەش دەمویست منداڵەکانم گەشتەکانمان بەرز بنـرخێنن و لێیانـەوە فێـر ببن. کاتێك شتەکان لێك دەدەیتەوە، دەتوانیت ئەزموونت بکەیتـە تێـڕوانین. دەتوانیـت کـاتی تـەواوکردنی کارێـك مەزەنـدە بکـەیت. هـەروەها دەتوانیـت نرخـی ئـەو شـتانەی پێشـوو بزانیـت کـە لەدەستت چوون بێ ئەوەی درکیان پێ بکـەیت. زۆرینـەی خـەڵکی کاتێك خۆیان دەبنە دایك و باوك، ئینجا دەتـوانن قوربانیدانـەکانی دایـك و باوکیـان و کەسـانی تریـان وەبـیر بێتـەوە کـە لـەپێناوی ئەمانـدا داویانـە. لـە بیرکردنـەوەی لێکدانەوەییشـدا لـەو چەشـنە تێڕوانینەت لا دروست دەبێت. زۆر شتت بیر دێتـەوە و قـەدری زۆر شت دەگریت.

٢. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی هەستێکی ڕاستگۆیانە دەداتە ژیانی بیرکردنەوەت

کەمینەی خەڵکی تێڕوانینێکی باشیان هەیە لە جەرگەی ساتێکی هەستیاردا. زۆرینەی ئەو تاکانەی کە چێژ دەبینن لە ئەزموونێك هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە و دووبارە بیکەنەوە بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن سەرەتا هەڵی بسەنگێنن. (ئەمەیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وای کردووە کەلتوورەکەمان دروستکەری ڕێژەیەکی زۆری کەسانی خۆشیپەرست بێت.) هەروەها، ئەوانەی کە ئەزموونێکی سەخت و ناخۆش تێدەپەڕێنن، نایانەوێت هەرگیز بە دۆخی وادا تێبپەڕنەوە، ئەمەش هەندێك جار تووشی گرێی سۆزدارییان دەکات.

بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی یامەتییت دەدات خۆت بەدوور بگریت لە چڕیی هەستیاریی ئەزموونێکی باش یان خراپ و، بە چاوێکی تر بیانبینیت. دەتوانیت هەست بە چێژی ڕابردوو بکەیت لەژێر ڕۆشنایی پێگەیشتوویتی سۆزداریت و ناخۆشییەکان هەڵبسەنگێنیت لەژێر ڕۆشنایی ڕاستی و ژیریدا. ئەم ڕەوتە دەتوانێت یارمەتیی کەسێك بدات تا بوەستێت لە هەڵگرتنی بارێکی پڕ لە هەستی نەرێنی.

سەرۆك جۆرج واشنتن گوتویەتی، "پێویست ناکات ئاوڕ بۆ دواوە بدەینەوە گەر بە مەرجی وەرگرتنی وانەی بەسوود نەبێت لە هەڵەکانی ڕابردوومان و، بە مەبەستی سوودوەرگرتن نەبێت لە

ئەزموونە شیرینەکانمان." هەر هەستێك لەژێر ڕۆشنایی ڕاستیدا بێت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێنێتەوە ئەوا هەستێکی ڕاستگۆیانەیە و بەسوودە بۆ دڵ و مێشکت.

٣. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی متمانەبەخۆبوونت زیاد دەکات لە کاتی بڕیارداندا

ئایا هەرگیز بڕیارێکی بەپەلەت داوە و دواتر تێڕامابیت ئایا شتە ڕاستەکەت کردووە یان نا؟ هەموو کەس تووشی ئەمە بووە. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی یارمەتیت دەدات تا ئەو گومانەت بڕەوێنیتەوە. هەروەها متمانەت دەداتێ بۆ بڕیاری داهاتووت. کە کێشەیەکت لێك دایەوە، پێویست ناکات هەموو هەنگاوەکانی ڕەوتی بیرکردنەوە دووبارە بکەیتەوە کاتێك دووبارە تووشی هەمان کێشە دەبیتەوە. مادام تۆ پێشتر تووشی هەمان کێشە بوویت، کەواتە چارەسەر و ڕێگەدروستکەری هزرییت لێی دەست کەوتوو. ئەمەش کاتی بیرکردنەوەت کەم دەکاتەوە و خێراتری دەکات و، متمانەت دەداتێ. بەپێی کاتیش، ژیری و هۆشیارییت بەهێز دەکات.

٤. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی وێنە گەورەکەی شتەکان ڕوون دەکاتەوە

کاتێك خەریکی بیرکردنەوەی لێکدانەوەییت، دەتوانیت بیرۆکە و ئەزموونەکان بخەیتە قاڵبێکی ڕێکترەوە. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی هانمان دەدات بگەڕێینەوە دواوە و، کات تەرخان

بکەین تا بیر بکەینەوە لەوەی کە کردوومانە و دیتومانە. گەر کەسێك کە کارەکەی لەدەست داوە لێکدانەوە بۆ ئەوە بکات کە ڕووی داوە، ڕەنگە درك بەو زنجیرە ڕووداوانە بکات کە بوونەتە هۆکاری دەرکردنی لە کارەکەی. باشتر تێ دەگات کە چی ڕووی داوە، بۆچی ڕووی داوە و، بەرپرسیارێتییەکانی چی بوون. هەروەها گەر تەماشای ئەو ڕووداوانەش بکات کە لەپاش ئەوە ڕوویان داوە، ڕەنگە لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا درك بە ڕاستییەکان بکات و، بزانێت ئەم پێگە نوێیەی سوودی زیاترە بۆی، چونکە باشتر لەگەڵ بەهرە و خواستەکانیدا دەگونجێت. زۆر قورسە بەبێ لێکدانەوە ئەو وێنە گەورەیە ببینیت.

٥. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی ئەزموونێکی باش دەگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی بەنرخ

کاتێك سەرەتا دەستت بە کارکردن کرد، هەستت بەوە کرد کە کەمینەی خاوەنکارەکان ئامادەن دەرفەت بدەنە کەسێکی بێئەزموون؟ لە هەمان کاتدا، دەتتوانی ئەو کەسانە ببینی کە ماوەی بیست ساڵە لەسەر کارەکانیانن و نا باش کارەکانیان ڕادەپەڕێنن؟ گەر وا بووە، بەدڵنیاییەوە ئەوە نائومێدی کردوویت. شانۆنووس ویلیام شکسپیر نووسیویەتی، "ئەزموون خشڵە و، پێویستە خشڵیش بێت، چونکە بە نرخێکی بێهەژمار کڕدراوە." بەلام ئەزموون بەتەنیا بەها زیاد ناکات بۆ ژیان. خۆ بەتەنیا ئەو ئەزموونە گرنگ نییە کە پێیدا تێدەپەڕیت، ئەوەی

گرنگە ئەو تێگەیشتنەیە کە لە ئەزموونەکەوە وەری دەگریت. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی ئەزموون دەگۆڕێت بۆ تێگەیشتن.

مارك توەین گوتویەتی، "پێویستە وریا بین لە تێپەڕاندنی ئەزموونێك و ئەو ژیرییەی کە تێیدایە، نەك وەك ئەو پشیلەیە بین کە لەسەر سەرەسۆپای سۆپایەکی گەرمە. چونکە نەك هەرگیز دانانیشێتەوە لەسەر سەرەسۆپا گەرمەکە، بگرە هەرگیزیش دانانیشێتەوە لەسەر سەرەسۆپایەکی سارد، چونکە وا دەزانێت هەر گەرمە." ئەزموون بەبایەخ دەبێت کاتێك ئاگادار و ئامادەمان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەزموونێکی نوێ. بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی یارمەتیدەرت دەبێت لەوەدا.

چۆن سوودمەند ببیت لە وانەکانی بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی؟

گەر وەك زۆرینەی کەسەکانی تری کۆمەڵگەکەمانیت، پێ دەچێت زۆر کەم بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی بەکار ببەیت. گەر بەو شێوەیەیت، لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر دوابکەویت کە بیری لێ دەکەیتەوە. ئەم پێشنیارانە بەهەند وەربگرە بۆ زیادکردنی توانات تا بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی بەکار ببەیت.

١. کات تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی

فەیلەسووفی یۆنانی سوقرات گوتویەتی، " ژیانێکی ئەزموونەکراو شایەنی ژینکردن نییە." بۆ زۆرینەی خەڵکی، لێکدانەوە و خۆهەڵسەنگاندن ئاسان و خێرا ڕوو نادات. ڕەنگە

کارێکی نائاسوودە بێت لەبەر چەند هۆکارێک: پێویستیان بە کاتێکی زۆری بە تەرکیزداری مانەوەیە، ڕەوتەکەیان پێ بێزارکەرە، حەزیان لێ نییە کاتێکی زۆر بەسەر ببەن بە بیرکردنەوە دەربارەی کێشە ناخۆشەکان. بەڵام گەر کاتی بۆ تەرخان نەکەیت، ئەوا بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی بەکار نابەیت.

٢. خۆت لە سەرقاڵی دابڕە

وەك هەر جۆرێکی تری بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی پێویستی بە تەنیاییە. سەرقاڵی و لێکدانەوە یەك ناگرنەوە. وەك ئەو شتانە نییە بتوانی لەبەردەم تەلەفزیۆن، لە کاتی زەنگلێدانی تەلەفۆن و، لە ژورێکدا بیکەیت کە منداڵەکانتی لێیە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای لە من کردووە ئەمەی هەمە بەدەستی بهێنم و لە گەشەسەندنی خودیم بەردەوام بم ئەوەیە کە من نەك تەنیا کاتم تەرخان کردووە بۆ بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی، بەڵکوو خۆیشمم دابڕیوە لە سەرقاڵی بۆ ماوەی کەم کەم. وەك: سی خولەك مانەوە لە گەڕاو(کانی ئاوی کانزایی)، کاتژمێرێك دانیشتن لەسەر بەردەکەی حەوشەی پشتەوە و، چەند کاتژمێرێك لەسەر کورسییە ئاسوودەبەخشەکەی نووسینگەکەم. شوێن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێك بیت خۆت دابڕیت لە سەرقاڵی و بچڕاندن.

٣. بە شێوەیەکی نەریتی بە ساڵنامە و تۆماری ڕۆژانەکەتدا بچۆرەوە

زۆرینەی خەڵکی ساڵنامەکەیان وەك نەخشەپلانێك بەکار دێنن کە هەر وایشە. بەڵام کەمینەی خەڵکی وەك ئامرازێك بۆ بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی بەکاری دەهێنن. ئەو شتەی کە یارمەتیت دەدات لە پێداچوونەوە بەو ئاستەی کە تێیدا بوویت و ئەوەی کە کردووتە تۆمارە ڕۆژانەکەتە؟ من خودی خۆم هەمیشە تۆماری ڕۆژانە بەکار ناهێنم، دەست ناکەم بە نووسین تا بزانم بیر لە چی دەکەمەوە و هەست بە چی دەکەم. لەبریی ئەمە، سەرەتا دەمەوێ بزانم بیر لە چی دەکەمەوە و هەست بە چی دەکەم پاشان بیرۆکە و کردارە گرنگەکانم بنووسم. (بیرۆکەکانم بەڕێکی دەنووسم تا دواتر یەکسەر بتوانم بەردەستیان بخەم. پاشان یەکسەر بیرۆکەکانم دەکەم بە کردار، یان خۆم دەیانکەم یانیش ڕایاندەسپێرمە کەسانی تر تا بیانکەن.)

ساڵنامە و تۆماری ڕۆژانە بیرت دەخەنەوە چۆن کاتەکەت بەسەر بردووە، پیشانت دەدەن ئاخۆ ئەو شتانەی کردووتە یەك دەگرنەوە لەگەڵ کارە سەرەکییەکانت یاخود نا و، یارمەتیت دەدەن تا بزانیت بەرەوپێش چوویت یاخود نا. هەروها دەرفەتت دەدەنێ تا بیر لەو کارانەش بکەیتەوە کە پێشتر کاتت نەبووە بیریان لێ بکەیتەوە و لێکیان بدەیتەوە. ڕەنگە هەندێك لە بەنرخترین ئەو بیرۆکانەی کە بە هەموو تەمەنت هەتبووە

لەدەستت چووبێت، بەهۆی ئەوەی ئەو کاتەت تەرخان نەکردووە کە پێویستت بووە بۆ بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی.

٤. پرسیاری دروست بپرسە

ئەو بەهایەی دەستت دەکەوێت لە لێکدانەوەوە پشت دەبەستێت بە جۆری ئەو پرسیارانەی لە خۆتیان دەپرسیت. هەتا پرسیارەکەت دروستتر بێت، ئالتوونی زیاتر هەڵدەکۆڵیت لە بیرکردنەوەکەتەوە. کاتێک شتەکان لێک دەدەمەوە، بیر لە بەهاکانم، پەیوەندییەکانم و، ئەزموونەکانم دەکەمەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو پرسیارانەی لە خۆمیان دەپرسم:

- **گەشەی خودی:** ئەمڕۆ فێری چی بووم تا یارمەتیم بدات گەشە بکەم؟ چۆن ئەوەی فێری بووم بەرجەستەی بکەم لە ژیانمدا؟ دەبێت کەی بەرجەستەی بکەم؟
- **زیادکردنی بەهاکان:** ئەمڕۆ بەهام بۆ کێ زیاد کرد؟ چۆن بزانم بەهام زیاد کرد بۆ ئەو کەسە؟ ئایا دەتوانم پەیوەندیم لەگەڵیدا بەردەوام بێت و ئەو سوودە ئەرێنییەی تێدا بەدی بکەم کە پێی گەیشتووە؟
- **سەرکردایەتیکردن:** ئایا ئەمڕۆ پێشەنگ بووم؟ ئایا کارمەند و ڕێکخراوەکەمم بردە ئاستێکی بەرزتر؟ چیم کرد و چۆن کردم؟

● **بیروباوەڕی کەسی:** ئایا ئەمڕۆ باش پەرستشم کرد؟ ئایا یاسای ئاڵتوونیم[٤] بەکار برد؟ ئایا ئەمڕۆ چاکەم دەرهەق بە کەس کرد؟

● **هاوسەرگیری و خێزان:** ئایا ئەمڕۆ خۆشەویستیم بۆ خێزانەکەم دەربڕی؟ چۆن ئەو خۆشەویستییەم دەربڕی؟ ئایا هەستیان پێی کرد؟ ئایا خۆشەویستییان بۆ دەربڕیمەوە؟

● **هاوپیشە نزیکەکانم:** ئایا ئەمڕۆ کاتی تەواوم لەگەڵ هاوپیشە نزیکەکانم بەسەر برد؟ دەتوانم چی بکەم تا یارمەتییان بدەم زیاتر سەرکەوتوو بن؟ دەتوانم لە چ بوارێکدا ڕێنووێنییان بکەم؟

● **دۆزینەوەکانم:** ئایا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئەو شتە بوومەوە کە دەبێت کاتی زیاتری بدەمێ بۆ بیرکردنەوە؟ ئایا هیچ وانەیەك هەیە تا فێریان ببم؟ ئایا هیچ کارێك هەیە تا بیانکەم؟

ئازادیت چۆن کاتەکەت تەرخان دەکەیت بۆ بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی. ڕەنگە بتەوێت کار بە هەمان خشتەی من بکەیت. یاخود دەتوانیت ئەو سیستمە تاقی بکەیتەوە کە هاوڕێکەم دیك بیگس بەکاری دەهێنێت. سێ ستوونی دروست کردووە لەسەر پەڕەیەك کە ئەمانەن:

سالْ   خاڵی وەرچەرخان   کاریگەری

---

[٤] یاسای ئاڵتوونی واتە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بەو جۆرەی کە پێت خۆشە مامەڵەت لەگەڵ بکرێت.

ئـەم سیسـتمە باشـە بـۆ لێکدانـەوەی شـتەکان لـە وێنەیـەکی گەورەتردا. دیك ئەمەی بەکار دەهێنا تا شێوازی ڕوودانی شـتەکان ببینێت، وەك ئەوەی کە چوو بـۆ ئـەتلانتای پایتـەختی جۆرجیـا و لەوێ مامۆستایەکی نوێی ناسـی کـە فێـری نووسـینی کـرد. تـۆش دەتوانیت لەسەر پەڕەکەت بنووسیت

(ڕووداو شتە گرنگەکان دەستبەکاربوون)

تا یارمەتیت بدات سوود وەربگریت لە بیرکردنەوەی لێکدانـەوەیی. گـرنگترین شـت پرسـینی ئـەو پرسـیارانەیە کـە سـوودت پـێ دەگەیـەنن، پاشـان نووسـینی ئـەو بیرۆکـە گرنگانەیـە کـە دێنـە مێشکتەوە لە کاتی بیرکردنەوەی لێکدانەوەییدا.

٥. ئەوەی کە فێری دەبیت بیکە کردار

نووسـینەوەی ئـەو بیرۆکـە باشـانەی کـە لـە بیرکردنـەوەی لێکدانەوەیییـەوە لات گەلاڵـە دەبـن بەهایـەکی زۆری هەیـە. بـەڵام هـیچ شـتێك یارمەتیـدەرت نییـە بـۆ بەرەوپێشچـوون هێنـدەی بەکرداریکردنی بیرۆکەکانت. بۆ ئەوەی ئـەوەش بکـەیت، پێویسـتە پلانت هـەبێت. کـە کتێبێکـی بـاش دەخوێنیتـەوە، بەدڵنیاییـەوە تێیدا بیرۆکە، وتە و، وانەی باش هەیە کە دەتوانیت لێیـەوە وەری بگریت و بـەکاری بهێنیـت. هەمیشـە کاتێـك کتێبێـك دەخوێنمـەوە شتە گرنگەکانی ناوی دیاری دەکەم و پـاش تـەواوکردنی کتێبەکـە دووبارە دەیانخوێنمەوە. کاتێـك گـوێ بـۆ پـەیامێك دەگـرم، شـتە گرنگەکان تۆمار دەکەم و خـەزنی دەکـەم تـا بتـوانم لـە داهـاتوودا

بـەکاریان بهێـنم. کاتێـك دەچـمە کۆڕێـك، تێبینییـە باشـەکان وەردەگرم لێی و، کۆمەڵە هێمایەك هـەن کە بـەکاریان دەهێنم تـا ئاڕاستەم بکەن بە کردنی ئەو کارانـەی کـە دەبێت بیانکـەم بـەم شێوەیە:

- ئەمە واتە دووبارە تەماشای شتەکە بکەرەوە.
- * ئەمە دادەنێم لەتەنیشت ئەو بەشەی کە دیاریم کردووە واتـە ئەمە سەر بەو بابەتەیە کە ئاماژەم پێی داوە.
- [ ] کەوانـەی وەك ئەمـە واتـە دەمـەوێت ئـەوە بـەکار بهێـنم کـە دیاریم کردووە لە کتێبێك یاخود وانەیەکدا.
- ئەمـە واتـە ئـەم بیرۆکەیـە خێـرا سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێت گەر کاری پێ بکەم.

کاتێـك زۆرینـەی خـەڵکی دەچـنە کۆنفرانسـێك یـان کۆڕێـك، خۆشییان لە ئەزموونەکە دێت، گوێ لـە وتاربێـژەکان دەگـرن و، هەنـدێك جـاریش تێبینـی دەنووسـن. بـەڵام کاتێـك دەگەڕێنـەوە ماڵەوە هیچ شتێك ڕوو نادات. کەیفیان بە زۆر لەو بیرۆکانە هـاتووە کـە گوێیـان لێـی بـووە، بـەڵام کاتێـك دەفتـەری تێبینییەکـەیان دادەخـەن، چـیتر بـیری لێ ناکەنـەوە. کـە ئەمـەش ڕوو دەدات، ئـەوەی دەسـتیان دەکـەوێت تـەنیا هانـدانێکی کاتییـە. کاتێـك دەچیتە کۆنفرانسـێك، بـەوەدا بچۆرەوە کـە دەیبیسـتیت، لێکی بدەرەوە، پاشان بیکە بە کـردار، بـەم شـێوەیە دەتوانێـت ژیانـت بگۆڕێت.

بیرکردنـەوەی لێکدانـەوەیی سـێ گرنگـی هەیـە: بەرچـاوڕوونیم دەداتـێ، بـەردەوامیم دەداتـێ، ڕێنمـای و ئاڕاسـتەم دەداتـێ بـۆ داهاتووم. ئـامرازێکی گرانبەهایـە بـۆ گەشەسـەندنی خـودیم. کـەم شـت هەیـە لـە ژیانـدا وەك بیرکردنـەوەی لێکدانـەوەیی بتوانێـت یارمەتیم بدات فێر ببم و بەرەوپێش بچم.

پرسیاری فیکری

ئایا کردوومە بە نەریت کە بە ڕابردوودا بچمەوە، تاکوو تێڕوانینێکی ڕاستی لێ وەربگرم و، بە تێگەیشتنەوە بیر بکەمەوە؟

بەشی هەشتەم

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی باو

"من ئامێری وەڵامدەرەوە نیم، ئامێری پرسیارکەرم. گەر هەموو وەڵامەکانمان بزانیایە، چۆن دەکەوتینە ئەم گێژاوەوە؟"

_دۆگلاس کاردیناڵ

ئابوریزان جۆن مەینەرد کەینس، ئەو کەسەی کە بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر کاری کردە بیردۆزی ئابووری و، لە سەدەی بیستدا جێبەجێ کران گوتویەتی، "سەختی لە پەرەدان بە بیرۆکە نوێیەکاندا نییە، بەڵکوو لە دەربازبووندایە لە بیرۆکە کۆنەکان." ڕۆیشتنت بە ئاڕاستەی دژ بە بیرکردنەوەی باو دەشێت سەخت بێت، جا چ کەسێکی بازرگان بیت دژی نەریتی کۆمپانیایەك بوەستیتەوە، دایکێکی تازە بیت و، ئەو باوەڕە پڕوپوچانە ڕەت بکەیتەوە لە باوانتەوە فێریان بوویت، گەنجێك بیت ستایلی باوی سەردەمەکەی خۆت ڕەت بکەیتەوە.

زۆرینەی بیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە دژی بیرۆکە باوەکانن. گەر باوبوونت پێ پەسەندتر بێت لە بیرکردنەوەی باش، ئەوا بەدڵنیاییەوە توانات سنووردار دەکەیت بۆ فێربوونی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی لەم کتێبەدا باس کراون.

بیرکردنەوەی باو:

- زۆر ساکارە تا لە گرنگیی بیرکردنەوەی باش تێ بگات
- زۆر نەگۆڕە تا درك بە کاریگەریی بیرکردنەوەی گۆڕانخوازانە بکات
- زۆر سستە تا پەرە بە ڕەوتی بیرکردنەوەی مەبەستدار بدات
- زۆر تەسکە تا ژیریی بیرکردنەوەی فراوان ببینێت
- زۆر دڵخۆشە بە پەرتەوازەکردنی بیرکردنەوەی بەتەرکیز
- زۆر کۆنە تا هەست بە خۆشی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکات
- زۆر ساویلکەیە تا درك بە گرنگیی بیرکردنەوەی ڕاستیبینانە بکات
- زۆر نارێکوپێکە تا هێزی بیرکردنەوەی ستراتیژی بخاتە ڕوو
- زۆر سنووردارە تا هەست بە وزەی بیرکردنەوەی ئەگەربینانە بکات
- زۆر باوە تا سوودمەند بێت لە وانەکانی بیرکردنەوەی لێکدانەوەیی
- زۆر لاوازە تا بتوانێت بیرکردنەوەی باو هەڵبسەنگێنێت
- زۆر لەخۆپەرستە تا هانی بەکاربردنی بیرکردنەوەی هاوبەش بدات
- زۆر گۆشەگیرە تا ئەزموونی خۆشیی بیرکردنەوەی بەخشندانە بدات

- زۆر ناپابەنـــدە تـــا خۆشـــی لـــە ســـوودی بیرکردنـــەوەی دەرەنجامخواز بێت

گەر دەتەوێت ببیتە بیرمەندێکی باش، کەواتە خۆت ئامادە بکە بۆ ئەگەری بوونت بە کەسێکی ناباو.

بۆچی پێویستە پەسەندێتیی بیرکردنەوەی باو هەڵبسەنگێنیت؟

١. هەندێکجار بیرکردنەوەی باو واتە بیرنەکردنەوە

هاوڕێکەم کەیڤن مایەرس بیرکردنەوەی باو بەم وتەیە دەخاتە ڕوو، "کێشـەی بیرکردنـەوەی بـاو لەوەدایـە کـە لێـت خوازیـارە هەرگیز بیر نەکەیتەوە." بیرکردنەوەی باش کارێکی سـەختە. گـەر ئاسان بووایە، هەموو کەس دەبوونە بیرمەندێکی باش. بەداخەوە، زۆرینـەی خـەڵکی دەیانـەوێت بـە شـێوەیەکی ئاسـان ژیـان بـەڕێ بکـەن. نایانـەوێت کـارە قورسـەکە بکـەن کـە بیرکردنـەوە و دانـی نرخی سەرکەوتنە. چونکە بۆیان ئاسانترە هەمان ئەو شتانە بکەن کە خەڵکی دەیکەن و ئاواتەخوازیشـن ئـەو شـتانە بـاش بیریـان لێ کرابێتەوە.

تەماشای پێشنیاری هەندێك لـە شـارەزایانی بـازاڕی پارەبـازی بکە. لەو کاتەی بژاردەکانیان دەخەنـە ڕوو، زۆربـەیان چـاو لەیـەك دەکـەن و، دوای ڕێـژەی بـاو دەکـەون، ڕێژەیـەکی نـوێ دروسـت ناکەن و، تێیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ئەو کەسانەی بـەنیازن

پارەیان دەست بکەوێت لەو بازاڕانەی ئەمان پێشنیاریان دەکەن کاتێك پارەکەیان دێتە دەست کە هەمووان هەواڵەکەیان زانیوە. کاتێك خەڵکی کوێرانە دوای شتێکی باو دەکەون، خۆیان بیر ناکەنەوە، بەڵکوو ئەوە بیرکردنەوەی کەسانی ترە وای لێ کردوون ئەو کارە بکەن.

٢. بیرکردنەوەی باو هیوای ناڕاستت دەداتێ

بینۆ مولەر هیلی پرۆفیسۆری بەشی زانستی بۆماوەیی لە زانکۆی کۆلۆمبیا، بۆمان دەگێڕێتەوە، کاتێك خوێندکار بوو لە قوتابخانەی ئامادەیی، بەیانییەکیان لە حەوشەی قوتابخانەکەیدا لە کۆتاییی ڕیزێکی چل کەسیدا وەستابوو. مامۆستای فیزیاکەیان تەلەسکۆبێکی لە حەوشەکەدا دانابوو، تاکوو خوێندکارەکانی بتوانن یەکێك لە هەسارەکان و مانگەکانی ببینن. یەکەمین خوێندکار چووە لای تەلەسکۆبەکە و تەماشای کرد، پاشان مامۆستاکەی لێی پرسی هیچت بینی؟ گوتی نەخێر. چونکە ئەو خوێندکارە خۆی کێشەی نزیکبینیی چاوی هەبوو بۆیە نەیدەتوانی باش ببینێت، مامۆستاکە پیشانی دا چۆن تیشکۆی تەلەسکۆبەکە ڕێك بخات، ئیتر خوێندکارەکە گوتی دەتوانێت هەسارەکە و مانگەکان ببینێت. خوێندکارەکان یەك بە یەك چوونە لای تەلەسکۆبەکە و ئەوەیان دەبینی کە دەبوو ببیینن. لە کۆتاییدا خوێندکارێك کە لە ڕیزەکەدا دووەم خوێندکاری پێش

کۆتا خوێندکار بوو سەیری تەلەسکۆبەکەی کرد و گوتی هیچ نابینێت.

مامۆستاکەی پێی گوت، "گەمژە، دەبێت هاوێنەکان ڕێک بخەیت."

خوێندکارەکە هەوڵی خۆی دا و پاشان وتی، "هێشتایش هیچ نابینم. هەموو شتێك ڕەشە لە بەر چاوم."

مامۆستاکە نەفرەتی لێی کرد و خۆی تەماشای تەلەسکۆبەکەی کرد، تووشی سەرسوڕمان بوو، چونکە ڕووپۆشی سەر هاوێنەکە لا نەبرابوو، کەواتە هەر لە سەرەتاوە هیچ خوێندکارێك هیچی نەدیتبوو، بەڵکوو هەمووان لە ترسا چاویان لە خوێندکاری یەکەم کردبوو و، گوتبویان هەموو شتێك دەبینن. بیرکردنەوەی باویش بە هەمان شێوەیە!

زۆرینەی خەڵکی لە بیرکردنەوەی باودا بەدوای ئاسایش و سەلامەتیدا دەگەڕێن. پێیان وایە مادام خەڵکانێکی زۆر خەریکی کردنی شتێکن، کەواتە ئەو شتە ڕاستە و، بیرۆکەیەکی باشە. گەر بەشێك لە خەڵکی شتێك قبوڵ بکەن، ئایا ئیتر ئەو شتە سیمبوولی دادپەروەری، یەکسانی، میهرەبانی و، هەستیارییە؟ نەخێر هەمیشە وا نییە. بیرکردنەوەی باو دەیگوت کە زەوی چەقی گەردوونە، پاشان نیکۆلاس کۆپیرنیکس لێکۆڵینەوەی لە ئەستێرە و هەسارەکان کرد و بیرکارییانە سەلماندی کە زەوی و هەسارەکانی تری ناو کۆمەڵەی خۆر بەدەوری خۆردا

دەسوڕێنەوە. بیرکردنەوەی باو دەیگوت نەشتەرگەری پێویستی بە ئامێری پاکژ نییە، بەلاّم جۆسێف لیستەر لە بەرزیی ڕێژەی مردنی کۆلّییەوە لە نەخۆشخانەکان و ماددەی میکرۆبکوژی داهێنا کە دەستبەجێ ڕێژەی مردنی کەم کردەوە و ژیانی خەلّکی پاراست. بیرکردنەوەی باو دەیگوت ژنان نابێت مافی دەنگدانیان هەبێت، بەلاّم ژنانێکی وەك ئیمێلین پانکاست و سوزان بی ئەنتۆنی لەپێناو ئەو مافەدا جەنگان و بەدەستیان هێنا. بیرکردنەوەی باو نازییەکانی ئەلّمانیای کردە خاوەندەسەلاّت، کەچی ڕێژێمەکەی هیتلەر ملیۆنەها کەسی کوشت و خەریك بوو هەموو ئەوروپا وێران بکات. پێویستە هەمیشە بیرت بێت کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان قبولّکردن و زیرەکیدا. ڕەنگە خەلّکی بلّێن مادام زۆرینە دوای شتێك دەکەون کەواتە ئەو شتە سەلامەتە، بەلاّم هەمیشە وا نییە.

هەندێك جار بەئاشکرا دیارە کە بیرکردنەوەی باو باش و ڕاست نییە. هەندێك جاریش کەمتر دیارە. بۆ نموونە، بیر لەو کەسانە بکەرەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تووشی قەرزێکی زۆر بوون. هەر کەسێك لە داراییدا زیرەك بێت پێت دەلّێت قەرزاربوون بیرۆکەیەکی خراپە. کەچی هێشتایش ملیۆنان کەس شوێنی ئەو بیرکردنەوە باوە دەکەون کە دەلّێت ئێستا بکڕە و، دواتر پارەکەی بدە. زۆرینەی بەلّێنەکانی بیرکردنەوەی باو پووچن، ڕێگە مەدە بتخەلّەتێنن.

٣. بیرکردنەوەی باو بەکەمی گۆڕانکاری پێ قبووڵە

بیرکردنەوەی باو حەزی لەم دۆخەیە کە ئێستا تێیدایت. متمانەی خۆی دەخاتە ناو ئەو بیرۆکەیەی کە ئێستا باوە و لەسەری بەردەوام دەبێت. لە ئەنجامدا، دژی گۆڕانکاری دەوەستێتەوە و نوێگەری کپ دەکات. دۆناڵد مار نێڵسن، سەرۆکی پێشووی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەرانی وێنەی جوڵاو، ڕەخنەی لە بیرکردنەوەی باو گرتووە کاتێك گوتویەتی، "پێویستە واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنین کە پێمان وا بێت ڕۆتیناتی ڕابردوو، ڕێگە کۆنەکان بۆ کردنی شتەکان، باشترین ڕێگە بوون. دەبێت پێمان وا بێت کە بەدڵنیاییەوە ڕێگەی باشتر هەیە بۆ کردنی هەموو شتێك. پێویستە بوەستین لەوەی وا بیر بکەینەوە مادام شتێك لە ڕابردوودا نەکراوە کەواتە هەرگیز ناتوانرێت بکرێت."

٤. بیرکردنەوەی باو ئەنجامی مامناوەند(نە باش نە خراپ) دەداتە دەستەوە

ئەنجام؟ بیرکردنەوەی باو ئەنجامی ئاسایی و مامناوەندت دەداتێ. بە کورتی ئەمە بیرکردنەوەی باوە:

باو = ئاسایی = ناوەندێتی

سەرکەوتنمان سنووردار دەکەین کاتێك بە شێوەی باو بیر دەکەینەوە. وەك ئەوەیە کەمترین توانات بخەیتە گەڕ، ئەوەندە بێت کە بەشی بەردەوامییت بکات لەم ژیانەدا. گەر دەتەوێت

ئەنجامی ناوازە و ناباوت هەبێت پێویستە بیرکردنەوەی باو ڕەت بکەیتەوە.

چۆن پەسەندێتیی بیرکردنەوەی باو بخەینە ژێر پرسیارەوە

بیرکردنەوەی باو زۆرینەی کات هەڵە و سنووردارە. هەر کە فێری خووی هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی باو بوویت، بۆت دەردەکەوێت شتێکی قورس نییە، چونکە سەختی لە دەستپێکردندایە. بەم چەند هەنگاوە دەست پێ بکە:

١. بیر بکەرەوە پێش ئەوەی ببیتە شوێنکەوتە

زۆرینەی تاکەکان خودکارانە و بێ بیرکردنەوە شوێنی کەسانی تر دەکەون. هەندێك جاریش وا دەکەن، چونکە حەز دەکەن ئاسانترین ڕێگە بگرنە بەر بۆ بەئەنجامگەیاندنی شتەکان. هەندێك جاریش لە ڕەتکردنەوە دەترسن. یاخود باوەڕیان وایە ژیری لەو شتەدایە کە هەمووان دەیکەن. بەڵام گەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، پێویستە بیر لە باشترین شت بکەیتەوە، نەك باوترین شت.

ئاڵنگاریکردنی بیرکردنەوەی باو لێت خوازیارە ئامادە بیت ناباو بیت و لە باوێتی دەربچیت. دوابەدوای کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، کەمینەی خەڵکی ئامادە بوون بە فڕۆکە گەشت بکەن. بەڵام ئەوە باشترین کات بوو بۆ گەشتکردن: قەرباڵغی نەبوو، ئاسایش توندوتۆڵ بوو، هێڵە ئاسمانییەکانیش داشکاندنیان بۆ کرابوو. مانگێك دوای کارەساتەکە، من و مارگرێتی هاوژینم، بیستمان کە شانۆکانی برۆدوەی جێگەیان

زۆرە و زۆرینەی ژووری ئوتێلەکانی نیویۆرک چۆڵن. بیرکردنەوەی باو دەیگوت لە نیویۆرک دوور بکەوەرەوە. ئێمەش ئەوەمان وەک دەرفەتێک بەکار هێنا، بلیتی هەرزانمان دەست کەوت بۆ سەردانیکردنی شارەکە. بە نیوەی نرخی پێشووی ژورێکمان بەکرێ گرت لە یەکێک لە هۆتێلە زۆر باشەکان و، بلیتی یەکێک لە ناوازەترین شانۆگەرییەکانمان کڕی کە شانۆگەری (بەرهەمهێنەرەکان) بوو. کە جێگەمان گرت لە شانۆکە، لەتەنیشت ئافرەتێکی زۆر دڵخۆش دانیشتین.

ئافرەتەکە گوتی، "بڕوا ناکەم کە لێرەم، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێم. ئەمە باشترین شانۆی برۆدوەیە و سەختترینە تا بلیتیت دەست بکەوێت." پاشان ئاوڕی دایەوە بە لای مندا و تەماشای چاوەکانمی کرد و گوتی، "ساڵ و نیوێکە بلیتی ئەم شانۆیەم بڕیوە، چاوەڕێ بووم تا ئەم شانۆ ببینم. ئەی ئێوە چەنێکە کڕیوتانە؟"

پێم وت، "حەزت لە وەڵامەکەم نابێت."

وتی، "دە پێم بڵێ، چەنێکە؟"

گوتم، "پێنج ڕۆژە." بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردم. بەڵام ناهەقی نەبوو، لەسەر هەق بوو. ئەوە یەکێک بوو لە باشترین ئەو شانۆییانەی لەو ماوەیەدا تەماشامان کرد. لە کاتێکدا هەمووان لە ماڵەوە مانەوە ئێمە چووین و ئەو شانۆییەمان بینی، چونکە دژی بیرکردنەوەی باو بووین.

کە دژی بیرکردنەوەی باو بیر دەکەیتەوە، بیری خۆتی بهێنەرەوە کە:

- بیرکردنەوەی ناباو، تەنانەت گەر ئەنجامەکەشی سەرکەوتن بێت، خەڵکی نرخی نازانن، درکی پێ ناکەن و، بەهەڵە لێی تێ دەگەن.
- بیرکردنەوەی ناباو تۆوی تێڕوانین و دەرفەتی تێدایە.
- بیرکردنەوەی ناباو پێویستە بۆ هەموو بەرەوپێشچوونێك.

جاری داهاتوو کە بەنیاز بوویت شوێنکەوتەی بیرکردنەوەی باو بیت لە بابەتێکدا، بوەستە و بیر بکەرەوە. ڕەنگە نەتەوێت گۆڕانکاری بکەیت لەبەر خاتری بابەتەکە خۆی، بەلأم بەدڵنیاییەوە ناتەوێت کوێرانە شوێنکەوتەی چواردەورەکەت بیت تەنیا لەبەر ئەوەی بیرت نەکردووەتەوە لە باشترین شت.

٢. بیرکردنەوەی جیاواز لە بیرکردنەوەی خۆت بەرز بنرخێنە

یەکێك لە ڕێگەکان بۆ قبوڵکردنی نوێگەری و گۆڕانکاری بەرزنرخاندنی چۆنییەتی بیرکردنەوەی چواردەورەکەتە. بۆ کردنی ئەمەیش، پێویستە بەردەوام کەسانی جیاواز لە خۆت ببینیت. براکەم، لاری ماکسوێڵ، بازرگانێکی باش و بیرمەندێکی نوێگەرە. هەمیشە بە جیاواز بیرکردنەوە ئاڵنگاریی بیرکردنەوەی باو دەکات. دەڵێت:

زۆرینەی کارمەندەکانمان لە بازاڕ و بەڕێوەبردنی ئاستی ناوەندا لەو کارانەوە وەرمان گرتوون کە خاوەنی بەرهەم و خزمەتگوزاری

جیاوازن لەوەی ئێمە. ئەوەش بەردەوام فێری شێوازی نوێی بیرکردنەوەمان دەکات. هەروەها خەڵکەکەمان هان نادەین بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە لە کاری فەرمی و ڕێکخراوە بازرگانییەکاندا، چونکە ئەو ناوەندانە بیرکردنەوەیان باوە و، پێویستیان نییە کاتێکی زۆر بەسەر ببەن لە بیرکردنەوەدا بەو جۆرەی کە هەموو کەسێکی تر پێویستیەتی لە پیشەسازیدا.

تۆ کە پەرۆشی ئاڵنگاریکردنی بیرکردنەوەی باویت، کات لەگەڵ کەسانێکدا بەسەر ببە کە خاوەنی پێشینە، ئاستی خوێندن، شارەزایی و، خولیای کەسیی جیاواز بن لەوانەی خۆت. چونکە هەر مرۆڤێك وەك ئەو کەسانە بیر دەکاتەوە کە زۆرینەی کاتەکەی بەسەر دەبات لەگەڵیاندا. گەر لەگەڵ کەسانێکدا بیت ناباو بیر بکەنەوە، زیاتر ئارەزووت دەبێت لە ئاڵنگاریکردنی بیرکردنەوەی باو و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ.

٣. بەردەوام بیرکردنەوەت هەڵبسەنگێنە

ڕاشکاوانە، هەر کاتێك جۆرێکی بیرکردنەوە بدۆزینەوە کە بەکەڵك بێت، یەکێك لە گەورەترین ئارەزووەکانمان ئەوەیە کە چەند جارێك دووبارەی بکەینەوە. تەنانەت گەر چیتر بەکەڵك نەیەت. هەندێك جار گەورەترین دوژمنی سەرکەوتنی سبەینێ سەرکەوتنی ئەمڕۆیە. هاوڕێکەم ئاندی ستانلی بەم دواییانە وانەیەکی وتەوە لەسەر سەرکردایەتیکردن بە ناونیشانی "ئاڵنگاریکردنی ڕەوتەکە" لە کۆنفرانسی ئینجۆیس کاتالیست.

باسی کرد چۆن گۆڕانکاری دەبێتە هۆی پێشکەوتن و، زۆرینەی ئەو شتانەی ڕوون کردەوە کە پەیوەندییان هەبوو بە هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی باو. گوتی پێویستە ئەوەمان بیر بێت کە هەموو نەریتێکی باو لە سەردەمی خۆیدا بیرۆکەیەکی باش بووە، بگرە ڕەنگە نوێگەری بوو بێت. بەلام مەرج نییە هەموو شتێکی باو بیرۆکەیەکی باش بێت بۆ داهاتوو، بەڵکوو تەنیا بە کەڵکی ئەو سەردەمە هاتووە کە تێیدا بەکار هاتووە.

لە ڕێکخراوەکەی تۆدا، گەر کار بەوە بکەیت کە ئێستا باوە، ئەوا دژایەتی گۆڕان دەکەیت، تەنانەت گۆڕان بۆ باشتربوون. هەر لەبەر ئەوەیش گرنگە ئاڵنگاری بیرکردنەوەت بکەیت. گەر زۆر پەیوەست بیت بە شێوازی بیرکردنەوەی خۆت و ئەو ڕێگانەی ئێستا باون بۆ بەئەنجامگەیاندنی شتەکان، ئەوا هیچ شتێك ناگۆڕدرێت بۆ باشتر.

٤. شتە نوێیەکان بە ڕێگەی نوێ بکە

کۆتا جار کەی بوو کە بۆ یەکەمین جار شتێکت کرد؟ ئایا خۆت لە سەرکەشی و تاقیکردنەوەی شتە نوێیەکان لا دەدەیت؟ یەکێك لە باشترین ڕێگەکان بۆ گۆڕانکاریکردن لە شێوازی بیرکردنەوەتدا نوێگەرییە. دەتوانیت وردە وردە بیکەیت، بۆ نموونە: بە ڕێگەیەکی جیاواز لەوەی جاراندا بڕۆ بۆ کارەکەت. داوای خواردنێکی جیاواز بکە لە چێشتخانە دڵخوازەکەت. داوا لە

هاوڕێیەکی ترت بکە تا یارمەتیت لە تەواوکردنی پرۆژەکەتدا. واز لە خووەباوەکانت بهێنە.

بیرکردنەوەی ناباو دەپرسێت و بەدوای بژاردەدا دەگەڕێت. لە ساڵی ١٩٩٧، کاتێك سێ لە کۆمپانیاکانم گواستەوە بۆ ئەتلانتای پایتەختی جۆرجیا. کە شارێکی گەورەیە و، هاتوچۆی زۆر قەرەباڵغە. دەستبەجێ دوای گواستنەوەم بۆ ئەوێ دەستم کرد بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەی هاتوچۆی جێگرەوەدا بۆ گەیشتن بە شوێنی کارەکەم، تاکوو گیر نەخۆم و دوا نەکەوم لە ڕێگا گشتییەکاندا بەهۆی قەرەباڵغی هاتوچۆوە. بۆ نموونە هەر لەماڵەکەی خۆم هەتا فرۆکەخانە نۆ ڕێگەی جیاوازم دۆزیەوە کە هەشت میل و دوازدە دەقە لە یەکتر دوور بوون. سەرم دەسوڕما، کاتێك خەڵکیم دەبینی چاوەڕێیان دەکرد لەسەر ڕێگە گشتییەکان لەکاتێکدا دەیانتوانی بە ڕێگەیەکی جێگرەوەدا بڕۆن. کێشەکە لە چیدایە وا زۆرینەی خەڵکی شتی نوێ تاقی ناکەنەوە بە ڕێگەی نوێ؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی دڵخۆشن بە کێشە کۆنەکان وەك لەوەی پابەند بن بە دۆزینەوەی چارەسەری نوێ.

چۆن شتە نوێیەکان دەکەیت بە ڕێگەی نوێ هێندەی ئەوە گرنگ نییە کە دڵنیا بیت دەیکەیت. بەڵام گەر شتە نوێیەکان بکەیت بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کەسانی تر دەیکەن، ئایا بیرکردنەوەی ناباو بەکار دەبەیت؟ واز لە باوێتی بێنە و ئەمڕۆ شتێکی جیاواز بکە.

٥. ڕابێ لە نائاسوودەبوون

لەڕاستیدا، بیرکردنەوەی باو ئاسوودەبەخشە. وەك قەنەفەیەکی کۆن وایە کە دروستکرابێت بۆ هەموو جۆرە کەسێك. کێشەی کۆنترین قەنەفەکان لەوەدایە کە بەم دواییانە کەس تەماشای نەکردوون، چونکە گەر وا بووایە، دەیانزانی کە کاتی ئەوە هاتووە دانەیەکی نوێ بکڕن. گەر دەتەوێت بیرکردنەوەی باو ڕەت بکەیتەوە، تاکوو دەستکەوت بەدەست بهێنیت، پێویستە ڕابێیت لە نائاسوودەبوون.

گەر ناباوانە بیر بکەیتەوە و، بڕیار بدەیت بە پشتبەستن بەوەی کە چ شتێك باشترینە و ڕاسترینە، وەك لەوەی چ شتێك باو و قبوولکراوە، ئەوا ئەمە بزانە: لە ساڵەکانی سەرەتاتدا هێندە هەڵە نیت کە خەڵکی پێیان وایە هەڵەیت. لە ساڵەکانی دواترتدا، هێندە ڕاست نیت کە خەڵکی پێیان وایە ڕاستیت. و لە هەموو ساڵەکاندا، باشتر دەبیت لەوەی کە پێت وا بووە ببیت.

پرسیاری فیکری

ئایا من خوودئاگایانە سنووردارییەکانی بیرکردنەوەی باو ڕەت دەکەمەوە، تاکوو ئەنجامی ناباو بەدەست بهێنم؟

بەشی نۆیەم

بیرکردنەوەی هاوبەش

"هیچ کام لە ئێمە بەقەد هەمووومان زیرە نییە."

_کین بلانچارد

بیرمەندە باشەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە سەرکردەیەکی باشیشن، لە هێزی بیرکردنەوەی هاوبەش تێ دەگەن. دەزانن کاتێك قەدری بیرۆکەی کەسانی تر دەگرن، ئەوا لە بیرکردنەوەی هاوبەشەوە ئەنجامگەلێکیان دەست دەکەوێت و، لەوەیش زیاتر بەدەست دەهێنن کە دەیانتوانی بەتەنیا بەدەستی بهێنن.

ئەو کەسانەی بیرکردنەوەی هاوبەش بەکار دەهێنن لەم خالأنە تێ دەگەن:

١. بیرکردنەوەی هاوبەش خێراترە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی

بەڕاستی لە جیهانێکی خێرا گەشەکردوودا دەژین. ناتوانین بەتەنیا فریای کارکردن بکەوین لەم خێراییەی ئێستایدا. پێم وایە هۆکاری ئەو ڕێژە بەرچاوەی چینی گەنجان بە پیاو و ژنەوە کە لە دامەزراوەکاندا دەستبەکار دەبن، لەبەر ئەوە بێت کە زۆر قەدری چواردەورەکەیان دەزانن و زیاتر ئامادەییان تێدایە تا کار بۆ کۆمپانیایەك بکەن کە تێیدا ئاسوودەن وەك لە کۆمپانیایەك کە

پارەی زیاتریان بداتێ. کارکردن لەگەڵ کەسانی تردا وەک ئەوەیە کورتەڕێ بدەیتە خۆت.

گەر بتەوێت بەخێرایی فێری بەهرەی نوێ ببیت، چۆن فێر دەبیت؟ ئایا خۆت بەتەنیا خەریک دەبیت تا فێر دەبیت. یاخود کەسێک پەیدا دەکەیت پێت بڵێت چۆن فێر ببیت؟ دەتوانیت خێراتر فێری هەر شتێک ببیت بە فێربوونت لە کەسێکی شارەزاوە. جا ئەو شتە فێربوونی چۆنییەتیی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری، پەرەدان بە یارییەکی وەرزشی، یاخود لێنانی خواردنێکی نوێ بێت.

٢. بیرکردنەوەی هاوبەش نوێگەرترە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی

کاتێک بیر لە بیرمەند و داهێنەرە مەزنەکان دەکەینەوە وا دەزانین بیرمەندێکی تاکەکەسی بوون، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە تەنانەت مەزنترین بیرۆکە نوێگەرییەکان لە خۆوە نەهاتوون. نوێگەری دەرەنجامی هەماهەنگی و هاوبەشیکردنە. ئەلبێرت ئەنیشتاین گوتویەتی، "لە ڕۆژێکدا چەندەها جار درک بەوە دەکەم کە چەنێکی ژیانی ناوەکی و دەرەکیم بونیاد نراوە لەسەر ماندووبوونی هاوڕێ مردوو و زیندووەکانم و، پێویستە منیش چەند دڵسۆزانە خۆم ماندوو بکەم تا بتوانم هێندەی وەرم گرتووە بیدەمەوە بە چواردەورەکەم."

بیرکردنەوەی هاوبەش دەبێتە هۆی نوێگەری مەزنتر، وەک کارە هاوبەشەکانی توێژەران ماری و پیەر کیوری کە هاوسەر و کیمیازان بوون و، توخمی ڕادیۆمیان دۆزییەوە. هونەری سریالیزم(نیگارکێشانی نامۆ)کەی لویس برونێل و سالڤەدۆر دالیی ئیسپانی، گۆرانینووسەکانی گروپی میوزیکی ڕۆکی بیتلس جۆن لینن و پاول مکارتنی. گەر بیرۆکەکانت هاوبەشی پێ بکەیت لەگەڵ بیرۆکەی کەسانی تردا، بیرۆکەی وات لا گەڵاڵە دەبێت کە هەرگیز لات گەڵاڵە نەبووە.

٣. **بیرکردنەوەی هاوبەش پێگەیشتوێتی زیاترت بۆ دێنێ وەک لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی**

گەر پێمان وا بێت هەموو شتێك دەزانین، ئەوا هەڵەین، چونکە هێشتایش زۆر شت هەن درکمان پێ نەکردوون و ناشارەزاین تێیاندا. کە یەکەم جار وەك قەشە دەستبەکار بووم، خەون و وزەم هەبوو، بەڵام ئەزموونم کەم بوو. هەوڵم دا چارەی بکەم. هەستام بە کۆکردنەوەی ناوی ئەو قەشە مەزنانەی کە کڵێسەکانیان بەرەوپێش بردبوو، ئەو کاتە بۆ من سەد دۆلار بڕە پارەیەکی زۆر زۆر بوو. تاکوو بتوانم شتیان لێ بپرسم پەیوەندیم پێوە دەکردن و دەمگوت بۆ چاوپێکەوتنێکی یەك کاتژمێری سەد دۆلارتان دەدەمێ. یەکێکیان داواکەمی قبوڵ کرد، سەدانم کرد. زۆر قسەم نەکرد، تەنیا دەمپرسی. بۆ ئەوە لەوێ نەبووم کە سرنجی کەس ڕابکێشم بە لای خۆمدا یان خۆم نمایش

بکەم. لەوێ بووم تا فێر ببم. گوێم بۆی گرت، تێبینییە گرنگەکانم نووسی، ئەونەی توانیم زانیاریم کۆ کردەوە. ئەو ئەزموونانەیش ژیانمیان گۆڕی.

تۆ هەندێك ئەزموونت هەیە کە من نیمە، منیش هەندێك ئەزموونم هەیە کە تۆ نیتە. گەر ئەزموونی هەردووکمان یەك بخەین مێژوویەکی فراوانتری کەسی دێنینە ئاراوە و لە ئەنجامدا پێ دەگەین. گەر ئەو ئەزموونەت نییە کە پێویستتە، پەیوەندی بە کەسێکەوە بکە کە هەیبێت.

٤. بیرکردنەوەی هاوبەش بەهێززترە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی

فەیلەسووف و شاعیر یۆهان وۆلف گانگ ڤان گۆتێ گوتویەتی، " قبوڵکردنی ئامۆژگارییەکی باش بەتواناییت زیاد دەکات." دوو مێشك باشترە لە یەك مێشك. وەك لغاوکردنی دوو ئەسپە بۆ ڕاکێشانی گالیسکەیەك. کە پێکەوە بن بەهێزترن وەك لەوەی تەنیا بن. بەڵام ئەی دەزانیت کاتێك پێکەوە گالیسکەکە ڕادەکێشن، دەتوانن لە پێکڕای ئەو قورساییە زیاتر ڕابکێشن کە هەر یەکەیان بەتەنیا دەیتوانێ؟ هێزی کاری هاوبەش لە هەرەوەزییەوە دێت. هەمان هێزیش لە پێکەوەبیرکردنەوەوە دێتە کایەوە.

٥. بیرکردنەوەی هاوبەش بەهایەکی زیاتر دەگەڕێنێتەوە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی

لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی هاوبەش بەهێزترە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی، ئاشکرایە قازانجێکی زیاتریش دەداتە دەستەوە. ئەمەش بەهۆی کارکردنە پێکەوەییەکەی بیرکردنەوەی هاوبەشەوەیە. هەروەها سوودی تریشی هەیە. دەشێت ئەو قازانجە تاکەکەسی و ئەزموونەی لە بیرکردنەوەی هاوبەشەوە دەستت دەکەوێت مەزن بێت. کلارێنس فرانسس لەم وتەیەدا سوودەکانی خستووەتە ڕوو کە وتویەتی: "پێم وایە وشەی "پەیوەندی" کلیلی پێشبینیکردنی جیهانێکی لێهاتووە. زۆر ڕوون دیارە کە هەموو ئەو کێشانەی هەتن لە خێزانەکەت، کارەکەت، نەتەوەکەت، و بگرە لەم جیهانەدا بەهۆی خراپیی پەیوەندی و پشتبەیەکبەستنەوەیە." هەبوونی پەیوەندیی دروست هۆکارێکی سەرکەوتنە.

٦. بیرکردنەوەی هاوبەش تاکە ڕێگەیە بۆ هەبوونی بیرکردنەوەی مەزن

بڕوام وایە هەموو بیرۆکەیەکی مەزن بە سێ بۆ چوار بیرۆکەی باش دەستی پێ کردووە. زۆرینەی بیرۆکە باشەکانیش بەرهەمی بیرکردنەوەی هاوبەشن. شانۆنووس بێن جۆنسن گوتویەتی، "ئەو کەسەی تەنیا لە خۆیەوە فێر بووە، بە لای زاناوە کەسێکی گێلە."

کاتێك لە خوێندنگە بووم، لەبریی پشتبەستن بە هەرەوەزی بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست، مامۆستاکان تەرکیزیان دەخستە سەر ڕاستبوون و باشتربوونی تاکە خوێندکارێك لەچاو خوێندکارەکانی تردا. لەکاتێکدا هەموو وەڵامەکان دروستتر دەبوون گەر بیرکردنەوەی هەمووانی تێدا بەکار بهێنرابایە. گەر هەر یەکێکمان بیرۆکەیەکی هەبێت، پێکەوە دوو بیرۆکەمان دەبێت و، بەم جۆرەش دەتوانین بیرۆکەیەکی مەزنمان هەبێت.

چۆن هانی بەکارهێنانی بیرکردنەوەی هاوبەش بدەین؟

هەندێك کەس هەر بە سروشت بیرکردنەوەی هاوبەش بەکار دەهێنن. هەر کات دوچاری کێشەیەك دەبن، بیر دەکەنەوە، تا بزانن کێ دەناسن تا یارمەتییان بدات. سەرکردەکانیش هەر بەو جۆرەن. کەواتە خۆگونجێن و ڕوخۆش بە. بەڵام گەر لەو کەسانە نیت کە سوودمەند دەبن لە بیرکردنەوەی هاوبەش. ئەم چەند هەنگاوە بگرە بەر بۆ سوودمەندبوونت لە بیرکردنەوەی هاوبەش:

١. بیرکردنەوەی کەسانی تر بەرز بنرخێنە

سەرەتا، دەبێت بڕوات وا بێت بیرۆکەی کەسانی تر بەنرخن. گەر وا نەبیت، دەستەوەستان دەبیت. چۆن بزانیت ئایا بەڕاستی دەتەوێت لە کەسانی ترەوە فێر ببیت؟ ئەم پرسیارانە لە خۆت بپرسە:

- **ئایا جێگیری هەستیم هەیە (ڕاڕا نەبوون)؟** ئەو کەسانەی متمانەبەخۆبوونیان لاوازە و نیگەرانن دەربارەی بارودۆخیان،

پێگەیان و، هێزیان بیرۆکەی کەسانی تر ڕەت دەکەنەوە. ساڵانێك لەمەوبەر، کەسێکی ڕاڕا پێگەیەکی سەرەکی وەرگرت له دەستەی بەڕێوەبەرانەکەم. پاش دوو کۆبوونەوە، هەمووان بۆیان دەرکەوت کەسێکی ناچالاکه و پابەند نییه به ڕێکخراوەکەوە. له یەکێك له بەڕێوەبەرەکانم پرسی، "بۆچی ئەم کەسە هەمیشە شتانێك دەکات و دەڵێت که ڕێگری له بەرەوپێشچوونمان دەکات؟" هەرگیز وەڵامەکەیم بیر ناچێتەوە که وتی، "کەسی ئازاردراو ئازاری خەڵکی دەدات." ئەویش ئازار دراوە بۆیە وایە.

● **ئایا گرنگی دەدەمە خەڵك؟** بیرۆکەی کەسێك بەرز نانرخێنیت گەر کەسەکه خۆی بەرز نەنرخێنیت و ڕێزی نەگریت. ئایا هەرگیز درکت بە شێوازی بەڕێوەبردنت کردووە لای ئەو کەسانەی که گرنگییان پێ دەدەیت و ئەو کەسانەی که گرنگییان پێ نادەیت؟ تەماشای جیاوازییەکەی بکە:

گەر گرنگی بدەمە خەڵك	**گەر گرنگی نەدەمە خەڵك**
دەمەوێت کاتیان لەگەڵ بەسەر ببەم	نامەوێت کاتیان لەگەڵ بەسەر ببەم
گوێیان بۆ دەگرم	گوێیان بۆ ناگرم
دەمەوێت یارمەتییان بدەم	نامەوێت یارمەتییان بدەم
پێیان کاریگەر دەبم	پێیان کاریگەر نابم
ڕێزیان دەگرم	ڕێزیان ناگرم

● **ئایا گرنگی دەدەمە کاری هاوبەش؟** هەماهەنگییەکی ناوازە دەرەنجامی بیرکردنەوەی هاوبەشە. دەتباتە شوێنگەلێك که

هەرگیز لێی نەبوویت. بڵاوکەرەوە ماڵکۆڵم فۆربس گوتویەتی، "گوێگرتن لە ئامۆژگاری دەستکەوتی زیاترە وەك لە گرنگیدان بە ئامۆژگاری." پێویستە بۆتان باس بکەم کە پێشتر خۆیشم هەمیشە گرنگیم بە بیرکردنەوەی هاوبەش نەدەدا. ماوەی ساڵانێکی زۆر کە دەمەویست پەرە بدەمە بیرۆکەکانم نیازی پەشیمانبوونەوە دەیدا لە کەللەم. ئەگەر لەگەڵ کەسانی تریشدا کارم بکردایە لەسەر بیرۆکەکانم ئەوا بە نابەدڵییە دەمکرد. کاتێك یەکێك لە هاورێکانم ڕووبەڕووی بیرکردنەوەی هاوبەشی کردمەوە، دەستم کرد بە لێوردبوونەوە لەو نابەدڵییەم، تا بزانم هۆکار چییە وام. بیرم کەوتەوە کە سەردەمی کۆلێژ هۆکاری ئەوەیە ئێستا وام. چونکە ئەو کاتە هەر کات مامۆستا خۆی ئامادە نەکردبایە بۆ ئەو بابەتەی کە دەبوو بیڵێتەوە ئێمەی دەکرد بە چەند گروپێکەوە تا بیرۆکەی خۆمان بخەینە ڕوو دەربارەی بابەتەکە. زۆربەیی کات، بیرۆکەی هیچ کەس باشتر نەدەبوو لە بیرۆکەکەی من، هەر بۆیەش باوەڕم بە بیرکردنەوەی هاوبەش زۆر لاواز بوو. لەو لێوردبوونەوەیشمەوە بۆم دەرکەوت لەڕاستیدا کێشەکە بیرکردنەوەی هاوبەش نەبووە، بەڵکو ئەو کەسانە بووە کە لە بیرکردنەوەکەدا بەشدار بوون. بیرکردنەوەی هاوبەش کاتێك سوودی دەبێت کە هەمووان بیر بکەنەوە و بەشداری بکەن. لەو کاتەیشەوە کە هۆکاری نابەدڵییەکەمم بۆ ڕوون بووەوە و درکم بە

ڕاستییەکان کرد، خۆشیم لە کاری هاوبەش دێت و، بڕوام وایە یەکێکە لە بەهێزییەکانم.

پێش ئەوەی بچیتە ناو ڕەوتی بیرکردنەوەی هاوبەشەوە پێویستە بیرۆکەی بیرکردنەوەی هاوبەشت پێ قبووڵ بێت.

٢. کێبڕکێ مەکە هەرەوەزی بکە

جێفری جەی فۆکس، نووسەری کتێبی "چۆن ببیتە بەڕێوەبەری جێبەجێکار"، گوتویەتی، " هەمیشە بەدوای بیرۆکەدا بگەڕێ. بیرۆکە لە هەمووان وەرگرە لە مشتەرییەکان، منالاًن، ڕکابەرەکان، پیشە جیاوازەکان، شۆفێری تەکسییەکان. گرنگ نییە کێ بیری لە بیرۆکەکە کردبێتەوە، گرنگ ئەوەیە بیرۆکەیەکی باش بداتە دەستەوە."

ئەو کەسەی گرنگی بە هەرەوەزی دەدات، ئارەزوو دەکات بیرۆکەی کەسانی تر تەواو بکات، نەك ڕکابەرییان بکات. گەر کەسێك داوای لێ کردی هاوبەشانە لەگەڵیاندا بیر بکەیتەوە، تەرکیز بخە سەر یارمەتیدانیان، نەك ببیتە سەرۆکیان. گەر خۆیشت ئەو کەسەیت کە خەڵکی کۆ دەکەیتەوە بۆ بیرکردنەوەی هاوبەش، زیاتر ستایشی بیرۆکەکە بکە نەك ئەو کەسەی بیرۆکەکەی لا دروست دەبێت. چونکە گەر باشترین بیرۆکەی هەڵبژێردراو ستایش کرا(نەك خاوەنبیرۆکەکە)، ئەوا بابەتەکە نابێتە بابەتێکی کەسی و هەمووان بە پەرۆشییەکی زیاترەوە ڕای خۆیانی لەسەر دەڵێن.

٣. با کارنامەت هەبێت کاتێك لەگەڵ خەڵك کۆ دەبیتەوە

حەزم لە کاتبەسەربردنە لەگەڵ چەند کەسێکی دیاریکراوی ژیانم، جا چ گفتوگۆ لەسەر بیرۆکەیەك بکەینە یاخود نا. وەك: مارگرێتی هاوژینم، منداڵەکانم، نەوەکانم، دایك و باوکم. هەرچەندە زۆربەیی کات گفتوگۆ لەسەربیرۆکە دەکەین، بەلام بێزاریش نابم گەر وا نەکەین، چونکە خێزانین. بەلام بەدەر لە خێزانەکەم بۆ قسەکردن لەگەڵ هەر کەسێکی تردا کارنامەم هەیە و دەزانم دەبێت چی بکەم.

هەتا زیاتر گوێ لەو کەسە بگرم، زیاتر ڕێزی ژیری ئەو کەسە دەگرم. بۆ نموونە، کاتێك لەگەڵ کەسێك دادەنیشم تا ڕێنوێنی بکەم، لێی دەگەڕێم بپرسێت، بەلام زۆرینەی کاتەکە خۆم قسە دەکەم، چونکە من ڕێنماییکارم. بەلام کاتێك لەگەڵ کەسێك دادەنیشم کە ئەو ڕێنماییکارم بێت، زۆرینەی کاتەکە بێدەنگ دەبم. بەلام لە دانیشتنەکانی تردا قسەکردن و گوێگرتنی هەردوو لا هاوسەنگ ڕادەگرم. گرنگ نییە لەگەڵ کێ دادەنیشم، بە هۆکارێك لەگەڵی دادەنیشم و دەمەوێت بزانم من چی دەدەمە ئەو و چی وەردەگرم لەوەوە. ئەمەش لەگەڵ هەموو دانیشتنێکدا دەگونجێت جا چ دانیشتنی کار بێت یان هیی خۆشی.

٤. لەگەڵ کەسانی دروست کۆببەرەوە بۆ بیرکردنەوەی هاوبەش

تا شتی بەنرخت دەست بکەوێت لە بیرکردنەوەی هاوبەشەوە، پێویستە لەگەڵ کەسانێکدا کۆ ببیتەوە کە بیرۆکەیان پێ بێت. تاکوو بزانیت کێ لەدەوری خۆت کۆ بکەیتەوە بۆ بیرکردنەوەی هاوبەش کار بەم پێوانانە بکە و دەبێت لەم جۆرە کەسانە بێت:

- ئەو کەسانەی کە گەورەترین ئاواتیان سەرخستنی بیرۆکەیە.
- ئەو کەسانەی کە دەتوانن بیرۆکەی کەسانی تر بەنرخ بکەن.
- ئەو کەسانەی کە دەتوانن گۆڕانی خێرا چارە بکەن لە کاتی گفتوگۆکەدا.
- ئەو کەسانەی کە بەهێزیی کەسانی تر بەرز دەنرخێنن لەو شتانەی کە خۆیان تێیدا لاوازن.
- ئەو کەسانەی کە تێ دەگەن لە گرنگیی پێگەکەیان لەو کۆبوونەوەیەدا.
- ئەو کەسانەی کە پێش خۆیان باشترینیان دەوێت بۆ تیمەکە.
- ئەو کەسانەی کە دەتوانن بە باشترین شێوە بیرکردنەوەی کەسانی چواردەوریان بخەنە گەڕ.
- ئەو کەسانەی کارامەیی، ئەزموون و سەرکەوتنیان پێیە بۆ ئەو بابەتەی وەبەر باس خراوە.
- ئەو کەسانەی خاوەنداریێتی و بەرپرسیاریێتی هەڵدەگرن لە بڕیارەکاندا.

- ئەو کەسانەی کە کۆبوونەوەکە جێدەهێڵن بە تێڕوانینی "ئێمە" نەك "من".

زۆرینەی کات ئەو کەسەی کە بڕیارە هاوبەشانە لەگەڵی بیر بکەینەوە لەسەر بنەمای هەست، هاوڕێیەتی و باروودۆخ هەڵی دەبژێرین. بەلام ئەوە یارمەتیدەر نابێت لە دۆزینەوە و گەلاڵەبوونی باشترین بیرۆکەدا. ئەو شتەی جیاوازی دروست دەکات ئەو کەسەیە کە لەگەڵی بیر دەکەینەوە، کەواتە کەسی دروست هەڵبژێرە.

٥. بەباشی بیرمەند و هاوکارە باشەکانت هەڵبژێرە

ڕێکخراوە سەرکەوتووەکان بیرکردنەوەی هاوبەش بەکار دەهێنن. گەر سەرکردایەتیی ڕێکخراوێك، بەشێك، دەستەیەك، بکەیت، کەواتە نابێت کەسانێکت نەبێت کە باش بن لە بیرکردنەوەی هاوبەشدا. کە خەڵکی دادەمەزرێنیت، بەدوای ئەو بیرمەندە باشانەدا بگەڕێ کە گرنگی دەدەنە کەسانی تر، ئەزموونیان هەیە لە کاری هەرەوەزیدا و کەسانی ڕاڕا نین. پاشان پارەی باشیان پێ بدە و هانیان بدە تا بەهرەکانی بیرکردنەوەیان بەکار بهێنن و، بیرۆکەکانیان هاوبەشی پێ بکەن. هیچ شتێك بەها زیاد ناکات هێندەی کۆمەڵە بیرمەندێکی باش کە پێکەوە مێشکیان بخەنە گەڕ.

گرنگ نییە خەریکی بەدەستهێنانی چ شتێکیت، دەتوانیت باشتر بیکەیت بە بیرکردنەوەی هاوبەش. هەر لەبەر ئەمەیشە من

زۆرینـــەی ژیـــانم خـــەریکی فێرکـــاریی ســـەرکردایەتیکردنم. ســـەرکردایەتیکردنی بـــاش یارمـــەتیت دەدات کەســـانی دروســـت پێکـەوە کـۆ بکەیتـەوە لـە کـاتێکی دروسـتدا و بـۆ مەبەسـتێکی دروست، تـاکوو هـەمووان بـراوە بـن. هـەموو ئەوەیشـی پێویسـتە کەسانی دروست و ئامادەییانە بۆ بەشداربوون لـە بیرکردنـەوەی هاوبەشدا.

پرسیاری فیکری

ئایا بەردەوام سوود لە بیرکردنەوەی کەسانی تر وەردەگرم پـێش بیرکردنەوەی خۆم و ئەنجامی هاوبەش بەدەست دەهێنم؟

بەشی دەیەم

پەیڕەوکردنی بیرکردنەوەی بەخشندانە

"ناتوانین مەشخەڵێك هەڵگرین و ڕێگەی کەسانی تر ڕووناك بکەینەوە بەبێ ڕووناککردنەوەی ڕێی خۆمان."

_بێن سویتلاند

لەم کتێبەدا زۆر جۆری بیرکردنەوەمان باس کرد کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لەوە زیاتر بەدەست بهێنیت کە بەدەستت هێناوە. ئێستاش دەمەوێت ئاشنات بکەم بە جۆرێکی تری بیرکردنەوە کە دەتوانێت بە ڕێگەیەکی تر ژیانت بگۆڕێت. ڕەنگە دووبارە پێت بڵێتەوە چۆن بڕوانیتە سەرکەوتن.

بیرکردنەوەی بەخشندانە دەتوانێت قازانجێکت بداتێ کە زیاتر بێت لە هیی جۆرەکانی تری بیرکردنەوە. تەماشای هەندێك لە سوودەکانی بکە:

١. بیرکردنەوەی بەخشندانە دەستکەوتی تاکەکەسیت دەداتێ

کەم شت هەن لە ژیاندا هێندەی یارمەتیدانی کەسانی تر دەستکەوتی تاکەکەسیی مەزنترت بدەنێ. چارلس ئێچ بێر باوەڕی وا بووە کە، " بە شێوەیەکی گشتی بەخشەرەکان دڵخۆشن، نەك وەرگرەکان." یارمەتیدانی خەڵکی دڵخۆشییەکی زۆرت دەداتێ.

هەر ڕۆژێك بە خزمەتكردنی كەسانی ترەوە بەسەر ببەیت، شەوەكەی دەتوانیت بێپەشیمانی سەر بخەیتە سەر سەرین و قووڵ لێی بخەویت. لە كتێبی "باشترین شێوازی ڕەفتاركردنی خەڵكی"، ئالان لۆی مككینس گوتویەتی، "لە جیهاندا هیچ كارێك شەرەفمەندانەتر نییە لە هاوكاریكردنی كەسێكی تر و یارمەتیدانی لە سەركەوتنیدا."

گەر زۆرینەی ژیانت بە شوێن دەستكەوتێكی خۆپەرستانەوە بوویت، هێشتایش درەنگ نییە تا دڵ و دەروونت بگۆڕیت. تەنانەت سەرلێشێواوترین كەس، وەك كارەكتەری سكروجی ناو چیرۆكی سروودی كریسمسی چارلس دیكنس، دەتوانێت ژیانی بگۆڕێت و جیاوازییەك دروست بكات بۆ كەسانی تریش. ئەمەیش هەر ئەوە بوو كە ئەلفرێد نۆبڵ كردی. ئەلفرێد نۆبڵ ئەو كەسەی كە ناسراوە وەك دۆزەرەوەی ماددەی دینامیت(مادەیەكی تەقەمەنییە)، جگە لەم دینامیتە ٣٥٥ داهێنانی تری كردووە كە زۆرینەیان لە بواری تەقەمەنیدا بوون. ئەلفرێد نۆبڵ (كیمیاگەر، ئەندازیار، داهێنەر، بازرگان و چاكەكار) بووە، ئەو كەسەیە كە خەڵاتی نۆبڵی داناوە. خەڵاتەكەیش(مەدالیایەكی زێڕ كە وێنەی ئەلفرێد نۆبڵی لەسەر هەڵكۆڵراوە، بڕوانامەیەكی دبلۆم، بڕەپارەیەك)ە. ساڵانە خەڵاتەكە دەدرێتە ئەو كەسانەی كە جێدەستی خۆیان دیاری دەكەن لە بوارەكانی (كیمیا، فیزیا، وێژە، ئاشتی، ئابووری، دەرمانسازی و دەروونزانی)دا. باشە

ئەلفرێد کەسێك بوو کە چەندەها جۆری تەقەمەنی دروست کرد و تەقەمەنییەکانی ژیانی ملیۆنەها کەسی پێ لەناو برا و سەروەتێکی بێشوماری پێ پێکەوەنا، چۆن بوو بە کەسێکی چاکەکاری لەو چەشنەی کە وەسیەتی نووسیوە ساڵانە بڕێك لە پارەکەی بکرێتە دیاری بۆ ئەو کەسانەی جێدەستی خۆیان دیاری دەکەن لەو بوارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان؟ هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە براکەی مرد کەچی لە ڕۆژنامەکاندا لەبریی ناوی براکەی ناوی ئەم نووسرابوو، نووسرابوو ئەلفرێد نۆبڵی بازرگانی مردن و خاوەنی ئەو کۆمپانیا تەقەمەنییەی کە ژیانی زۆر کەسی لەناو برد مرد. ئا لەمەوە نۆبڵ بە خۆیدا چووەوە و سوێندی خوارد هەموو سەروەتەکەی تەرخان بکات بۆ پاراستنی ئاشتی و زانست. ئا بەو جۆرەش خەڵاتی نۆبڵ هاتە بوون.

٢. بیرکردنەوەی بەخشندانە بەها زیاددەکات بۆ کەسانی تر

لە ساڵی ١٩٠٤ باسی ئەندرسن ستانلی لە گۆڤاری براون بووك لە باسی سەرکەوتندا ئەم پێناسەیەی نووسیوە:

سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە باش ژیاوە، زۆر پێکەنیوە و زۆر خۆشەویستی دەربڕیوە، ناپاکی لە متمانەی ئافرەتێکی ڕەسەن نەکردووە، ڕێزی کەسانی زیرەکی گرتووە و منداڵی بچوکی خۆش ویستووە، پێویستی خەڵکی پڕ کردووەتەوە و کاری خۆی بەجێ هێناوە، جیهانی بەجێ هێشتووە باشتر لەو کاتەی تێیدا هاتۆتە بوون و سوودی بە خەڵك گەیاندووە جا چ بە شیعرێکی جوان یان

ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك بوو بێت، سەرکەووتو ئەو کەسەیە کە کەمتەرخەمیی نەکردووە لە ستایشکردنی جوانیی زەویدا، هەمیشە بۆ باشترین گەڕاوە لە کەسانی تر و باشترینی پێ بەخشیوون لەوەی کە هەیبووە، ئیلهامبەخشی خەڵکی بووە و بە ناوهێنانی نزای بۆ دەکرێت.

کاتێك یارمەتیی خەڵکی دەدەیت ئەو کاتە دەست بە ژیان دەکەیت.

٣. بیرکردنەوەی بەخشندانە بزوێنەری چاکەکارییەکانی ترە

زیاد لە هەموو کوالێتییەکانی تر کە دەشێت لە کەسێکدا هەبێت، بیرکردنەوەی بەخشندانە گەورەترین جیاوازی دروست دەکات لە پەرەدان بە چاکەکارییەکانی تریش. پێم وایە ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە توانای بەخشینی بێفیزانە زۆر قورسە. بەخشندەیی پێچەوانەی سروشتی خۆپەرستانەی مرۆڤە. بەڵام گەر تۆ دەتوانیت بەخشندانە بیر بکەیتەوە و ببیتە بەخشەرێك، ئەوا لات ئاسانە پەرە بدەیتە چاکەکارییەکانی تری وەك: ئەمەکداری، خۆشەویستی، ئارامگرتن، ڕێکوپێکی و هتد.

٤. بیرکردنەوەی بەخشندانە کوالیتی ژیان بەرز دەکاتەوە

ئەو گیانی بەخشندەییەی بیرکردنەوەی بەخشندانە دروستی دەکات تایبەتمەندیی سوپاسگوزاربوون بۆ ژیان و تێگەیشتن لە بەها باڵاکان دەداتە خەڵکی. بینینی ئەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتییە و بەخشین لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەدا

کوالێتی ژیانی بەخشەر و وەرگریش بەرز دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەمەیشە پێم وایە:

- هیچ ژیانێك پووچ نییە هێندەی ژیانێکی خۆپەرستانە.
- هیچ ژیانێك خۆش نییە هێندەی ژیانێکی بەخشندانە.

گەر دەتەوێت جیهانە تایبەتییەکەت بەرەوپێش ببەیت، تەرکیز بخە سەر یارمەتیدانی کەسانی تر.

٥. خزمەتکردن

کۆمپانیای مەرکی بواری دەرمانسازی، جگە لە بەرهەمهێنانی دەرمان و قازانجکردن، کاری زیاتری کردووە. ئارەزوویەتی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات. لە ناوەڕاستی هەشتاکان، کۆمپانیاکە دەرمانێکی بەرهەمهێنا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی (ڕیڤەر بلایندنێس) کە نەخۆشییەکی گوازراوە بوو و هۆکاری کوێربوونی ملیۆنان کەس بوو، بەتایبەت لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا. هەرچەندە دەرمانێکی باش بوو بەڵام بەهۆی گرانیی نرخەکەیەوە زۆر کەس نەیاندەتوانی بیکڕن. کەواتە دەبێت کۆمپانیای مەرك چی بکات؟ بەردەوام بوو لەسەر دروستکردنی دەرمانەکە و لە ساڵی ١٩٨٧ ڕای گەیاند ئامادەیە ئەو دەرمانە بەخۆڕایی ببەخشێتە هەر کەس کە پێویستی بێت. لە ساڵی ١٩٩٨ کۆمپانیاکە زیاد لە ٢٥٠ ملیۆن پارچە حەبی بەخۆڕایی بەخشی.

جۆرج دەبلیو مەرکی سەرۆکی کۆمپانیاکە گوتویەتی،" هەوڵ دەدەین هەرگیز بیرمان نەچێت کە دەرمان بۆ خەڵکە، نەك بۆ

قازانج. خەڵك لەپێشترە وەك لە قازانج. گەر ئەمەیشمان بیر بوو، هەمیشە قازانج دەکەین." لەبری هەوڵدان بۆ مەزنبوونت، ببە بە بەشێك لە شتێکی مەزنتر لە خۆت.

٦. بیرکردنەوەی بەخشندانە ناوت بەرز دەهێڵێتەوە

جاك بلەوزێکی سەرۆکی کۆمپانیای ڕاگەیاندنی ترو نۆرس کەمیونیکەیشن، گوتویەتی، "سێ قۆناغەکەی ژیان (فێربوون و پارە بەدەستهێنان و بەخشین)ن. پێویستە قۆناغی یەکەمت تەرخان بکەیت بۆ خوێندن، دووەم بۆ دۆزینەوەی پیشەیەك و دابینکردنی بژێویت، سێیەم بۆ بەخشین. هەر یەك لەم سیانە هۆکاری ڕوودانی ئەوی تریانە." واتە لە خوێندنەوە پیشەیەکت دەست دەکەوێت لە دەستکەوتەکانی ئەو پیشەیشەوە دەتوانیت ببەخشیت.

گەر کەسێکی سەرکەوتوویت، دەتوانیت لەپاش خۆت میراتێك بۆ کەسانی تریش جێ بهێڵیت. بەڵام گەر ئارەزووتە زیاتر بکەیت و، لەپاش خۆت ناوت بەرز بمێنێتەوە، پێویستە لە یادی کەسانی تردا بمێنیتەوە. کاتێك بێفیزانە بیر دەکەیتەوە و یارمەتیی خەڵکی دەدەیت، دەرفەتت دەبێت لەپاش خۆت ناوت بەرز بمێنێتەوە.

چۆن ئەزموونی خۆشیی بیرکردنەوەی بەخشندانە بکەیت؟

پێم وایە زۆرینەی خەڵکی هەست بە بەهای بیرکردنەوەی بەخشندانە دەکەن. بگرە زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن بیرکردنەوەی

بەخشندانە توانایەکە کە پێیان خۆشە پەرەی پێ بدەن. بەڵام هێشتایش زۆرینەی خەڵکی لە سەرلێشێواویدان تا بزانن چۆن بیرکردنەوەیان بگۆڕن. تا بتوانیت بەخشندانە بیر بکەیتەوە، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەو بکە:

١. پێش خۆت بیر لە خەڵك بکەرەوە

ڕەوتی بیرکردنەوەی بەخشندانە بەوە دەست پێ دەکات کە بزانیت هەموو شتێك دەربارە تۆ نییە! ئەمەش پێویستی بە بێفیزی و گۆڕانی تەرکیزت هەیە. کێن بلەنچارد و نۆرمان ڤینسنت پیلْ نووسەرانی پەرتووکی هێزی ڕەوشتی بەڕێوەبردن، نووسیوویانە،" کەسانی بێفیز خۆیان بە کەم نازانن، بەڵکوو کەمتر بیر لە خۆیان دەکەنەوە." گەر دەتەوێت کەمتر خۆپەرست بیت لە بیرکردنەوەتدا، پێویستە بوەستیت لە بیرکردنەوە لە داخوازییەکانی خۆت و تەرکیز بخەیتە سەر پێویستیی کەسانی تر. پاوڵ زی ئەپۆسڵ گوتویەتی،" مەهێڵە خۆپەرستی زاڵ ببێت بەسەرتدا، و بێفیزانە زیاتر بیر لە خەڵکی بکەرەوە وەك لە خۆت. هەر یەك لە ئێمە نابێت تەنیا تەماشای خواستەکانی خۆی بکات، بەڵکوو دەبێت تەماشای خواستی کەسانی تریش بکات." هزری و هەستییانە خۆت پابەند بکە بە تەماشاکردنی خواستی کەسانی ترەوە.

٢. یارمەتیدەر بە لەو دۆخانەی کە خەڵکی پێویستییان بە یارمەتییە

یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە ئامادە بیت ببەخشیت، دووەم هەنگاو ئەوەیە ئامادەیییەکەت بکەیتە کردار. تا بتوانیت ئەمەش بکەیت پێویستە خۆت بخەیتە ئەو ئاستەی کە بتوانیت پێویستیی خەڵك ببینیت و شتێکت لەدەست بێت بۆیان. جۆری بەخشینەکەت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە فێر ببیت چۆن ببەخشیت و بیرکردنەوەی بەخشندانە بکەیتە خوو.

٣. بە بێدەنگی و نەناسراوی ببەخشە

پاش ئەوەی فێری بەخشین و یارمەتیدانی کەسانی تر بوویت، هەنگاوی داهاتووت ئەوەیە کە فێر ببیت ببەخشیت لە کاتێکدا ناتوانیت هیچ شتێك وەربگریتەوە لە بەرانبەر ئەو بەخشینەتدا. ئاسانە گەر ببەخشیت بە ناسراوی بەڵام ئاسان نییە گەر بێت و بتەوێت کەس پێت نەزانێت. ئەو کەسانەی بۆ ناوبانگ دەبەخشن هەر شتێکیان پێ بدرێت لە بەرانبەردا وەری دەگرن. بەڵام سوودمەندبووی ڕووحی، هزری و هەستی تەنیا ئەوانەن کە بەنەناسراوی دەبەخشن. گەر پێشتر بە نەناسراوی نەتبەخشیوە، ئەوا تاقی بکەرەوە.

٤. پەرە بدە کەسایەتیی کەسانی تر

بەرزترین ئاستی بیرکردنەوەی بەخشندانە ئەوەیە کە یارمەتیی کەسێك بدەیت بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی

کەسایەتیی ئەو کەسە و زیادبوونی کامەرانیی. گەر هاوسەرگیریت کردووە یان دایك و باوکیت، ئەوا ئاشنای ئەم جۆرە ئەزموونەیت چونکە خێزانەکەتت پێ گەیاندووە. هاوژینەکەت بەزۆری قەدری چ شتێك دەگرێت: پارە یان ئەو کاتەی بۆی تەرخان دەکەیت؟ منداڵەکەت لە تۆوە چ شتێکی زۆر پێ گەیشتووە: بووکە شووشە یان گرنگیپێدانت؟ ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێت زیاتر خۆتیان دەوێت نەك ئەو شتەی پێیانی دەدەیت.

گەر دەتەوێت ببیتە ئەو کەسەی کە پەرە دەداتە کەسایەتیی کەسانی تر، کەواتە گرنگییان پێ بدە تا بتوانیت هەماهەنگییان بکەیت. هەر پەیوەندییەك وەك هاوبەشی وایە و پەیوەندییەکی سوودگۆڕکێیە. کە پەیوەندی لەگەڵ کەسێك دەبەستیت، بیر بکەرەوە بزانە چۆن بتوانیت یارمەتیی کەسەکەی تر بدەیت تا هەردوو لا براوە بن.

زۆربەی کات پەیوەندییەکان بەم جۆرەن:

من دەیبەمە، تۆ دەدۆڕێیت _ تەنها یەك جار براوە دەبم.

تۆ دەیبەیتەوە، من دەدۆڕێم _ تەنها یەك جار براوە دەبیت.

هەردووکمان دەیبەینەوە _ زۆر جار براوە دەبین.

هەردووکمان دەدۆڕێین _ خوات لەگەڵ، پەیوەندیمان کۆتاییی هات.

باشترین جۆری پەیوەندیش پەیوەندیی براوە بە براوەیە. بۆچی زۆرینەی خەڵکی پەیوەندی لەو جۆرە نابەستن؟ من پێت

دەڵێم بۆ: چونکە زۆرینەی خەڵکی دەیانەوێت دڵنیا بن یەکەم کەس خۆیان دەیبەنەوە. بیرمەندە بەخشندەکان، کە پەیوەندی دەبەستن دەیانەوێت دڵنیا بن کە کەسی بەرانبەر یەکەم کەس دەیباتەوە. ئەوەش جیاوازیی ئەوانە لە کەسانی تر.

٥. بەردەوام بە هاندەرەکانتدا بچۆرەوە

فرانس دی لا ڕۆچیفۆکالڵد گوتویەتی، " هەر شتێك بەخشندانە دیار بوو بەرزخوازییە و چاوپۆشی دەکات لە ئارەزوویەکی بچوك بۆ پاراستنی ئارەزوویەکی گەورەتر." بۆ زۆرینەی خەڵك قورسترین شت جەنگانە لەگەڵ ناخی خۆیاندا تا بتوانن کەسانی تر پێش خۆیان دابنێن. هەر لەبەر ئەمەیشە گرنگە بەردەوام بە هاندەرەکانی بەخشینتدا بچیتەوە تا دڵنیا بیت نابیتەوە بە کەسێکی خۆپەرست.

دەتەوێت بە هاندەرەکانتدا بچیتەوە؟ کەواتە شوێنکەوتەی سەرمەشقییەکەی بنجامین فرانکلین بە. هەموو ڕۆژێك دوو پرسیاری لە خۆی دەپرسی. کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستا، دەیپرسی، "ئەمڕۆ بە نیازم چ کارێکی باش بکەم؟" شەوانیش پێش ئەوەی بخەوێت، دەیپرسی، "ئەمڕۆ چ کارێکی باشم کرد؟" گەر بتوانیت بە شانازی و ڕاستگۆیییەوە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەیتەوە، دەتوانیت لەسەر ڕێگەی ڕاست بمێنیتەوە.

مامۆستای ئەمریکی هۆرەس مان گوتویەتی، "شەرم بتگرێت لە مردن هەتا هەندێك دەستکەوت نەبەیتەوە بۆ مرۆڤایەتی."

بەپێی ئەم پێوەرە لە ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەردا ئاگرکوژێنەرەوەکانی نیویۆرك ئامادەی مەرگ بوون. ئەو خزمەتەی ئەوان کردیان قارەمانانە بوو. ڕەنگە من و تۆ هەرگیز داوامان لێ نەکرابێت ژیانمان بەخت بکەین لەپێناو کەسانی تردا وەك ئەوەی ئەوان کردیان. بەڵام دەتوانین بە جۆری تر ببەخشینە خەڵکی. دەتوانین لەو جۆرە بیرمەندە بەخشندانە بین کە خەڵکی لەپێش خۆیانەوە دادەنێن و بەها زیاد دەکەن بۆ ژیانیان. دەتوانین کاریان لەگەڵ بکەین تا لەو مەودایە دوورتر بڕۆن کە پێشبینییان کردبوو.

پرسیاری فیکری

ئایا بەردەوام گرنگی دەدەمە کەسانی ترو گەشتی ژیانیان، تاکوو بە زۆرترین هەماهەنگییەوە بیر بکەمەوە؟

بەشی یازدەهەم

پشتبەستن بە بیرکردنەوەی ئامانجزانانە

"لێرە هیچ یاسایەك بوونی نییە. دەمانەوێت شتێك بەدەست بهێنین."

_تۆماس ئەدیسۆنی داهێنەر

چۆن ئامانجی ڕێکخراوەکەت، کارەکەت، بەشەکەت، تیمەکەت و گروپەکەت دادەنێیت؟ لە زۆربەی بازرگانییەکاندا ئەمانج بریتییە لە داهات. واتە قازانجی ماددی بڕیار دەدات ئایا سەرکەوتوویت یان نا. بەڵام نابێت پارە پێوانەی سەرەکیی سەرکەوتن بێت. ئایا تۆ سەرکەوتنی کۆتاییی خێزانەکەت بەو بڕە پارەیە هەڵدەسەنگێنیت کە لە کۆتاییی مانگەکە یان ساڵەکەدا دەستتان دەکەوێت؟ ئەی ئەگەر ڕێکخراوێکی قازانجنەویست و خۆبەخشی بەڕێوە ببەیت، چۆن دەزانیت بە هەموو توانات هەوڵت داوە؟ چۆن ئامانجزانانە بیر دەکەیتەوە لەو بارودۆخەدا؟

ئامانجێکی قازانجنەویست

هەمان ئەو پرسیارەی لە سەرەوە پرسیمان، دەبوو ساڵی ١٩٧٦ فرانسس هێسلباین لە خۆی بپرسێت، واتە ئەو دەمەی کە بوو بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی دیدەوانیی کچان کە تایبەتە

بە برەودان بە توانا و کەسایەتیی کچانی گەنج لە ئەمریکا. کاتێک سەرەتا پەیوەندیی کرد بە دیدەوانیی کچانەوە، بوونی بە بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە کۆتا شت بوو کە پێشبینیی دەکرد. خۆی و جۆنی هاوسەری هاوبەش بوون لە ستۆدیۆکانی هێسلبایین کە بازگانییەکی بچوکی خێزانی بوو بۆ تۆمارکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و گرتە ڕیکلامییەکانیان. هێسلبایین خۆی دەقەکانی دەنووسی و هاوسەرەکەیشی دەیکردن بە فیلم. لە سەرەتای پەنجاکاندا، وەك سەرۆکی دیدەوانیی خۆبەخش دیاری کرا بۆ کلێسەی پرێسبیتێریەنی دووەم لە شاری جۆنستاونی سەر بە پێنسلڤینیا. هەر چەندە ئەوە شتێکی ئاسان نەبوو بۆی چونکە کوڕ و کچێکی هەبوو. بەڵام ڕازی بوو بۆ ماوەیەکی کاتی بیکات. دەشێت لەپاشان کارەکەی زۆر خۆش ویستبێت چونکە نۆ ساڵ بەردەم بوو!

پاش ئەمە، بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکە و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی. پاشان بوو بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەنجومەنی دیدەوانیی کچانی تەیلس ڕۆك. لەو دەمەی کە بوو بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی نەتەوەییی دیدەوانیی کچان، ڕێکخراوەکە لە کێشەدا بوو. کەموکورتیی بەڕێوەبردنی هەبوو، گەنجەکان حەزیان لە دیدەوانی نەمابوو، زۆر قورس بوو تا گەنجی تازەپێگەیشتووی خۆبەخش بنێردێن بۆ ڕێکخراوەکە، بەتایبەت بەو ڕۆیشتنە بەرچاوەی ئافرەتان بۆ نێو دنیای کار. هێسلبایین

پێویست بوو دەستبەجێ ڕێکخراوەکە بگەڕێنێتەوە سەر سکەی خۆی.

گوتی،"بۆ ئەمەش چەند پرسیارێکی سادەمان لە خۆمان پرسی، ئیشمان چییە؟ کێ ئامانجمانە؟ ئەو کەسەی ئامانجمانە بایەخ بە چی دەدات؟ گەر تۆش ڕێکخراوی دیدەوانیی کچان، ئای بی ئێم یان ئەی تی تی بیت، پێویستە مەبەستێکت هەبێت و لەپێناویدا کار بکەیت. تەرکیزی هێسلباین لەسەر مەبەستەکەیان وای لێ کرد بزانێت ئامانجی سەرەکیی ڕێکخراوەکە چییە. گوتی، "ئێمە بە یەك هۆکار لێرەین: تا یارمەتیی کچەکان بدەین بگەنە بەرزترین ئاستی تواناداریيان." هەر ئەوەش جیاوازییەکەی دروست کرد، چونکە ئامانجە یارمەتیدەر و کارپێکەرەکان لە مەبەستێکی ڕوونەوە سەرچاوە دەگرن.

کە ئامانجە سەرەکییەکەیانی دیاری کرد، ستراتیژییەکی بۆی دانا تا بەدەستی بهێنێت. بە ڕێکخستنەوەی ستافی ناوخۆیی دەستی پێ کرد. پاشان سیستمێکی پلانیی دروست کرد تا بەکار بهێنرێت لەلایەن هەر ٣٥٠ ئەنجوومەنی هەرێمییەکانەوە. هەروەها ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی بۆ ڕێکخراوەکە خستە ڕوو. هێسلباین تەنیا خۆی نەبەستەوە بە گۆڕانکارییەکان لە سەرکردایەتیکردن و ڕێکخستندا. لە سالانی شەست و حەفتاکاندا، ولاتەکە و کچەکانی گۆڕدران بەلام دیدەوانیی کچان هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکرابوو. هێسلباین ئەو کێشەیەیشی چارەسەر کرد. ڕێکخراوەکە دەستی

بە چالاکییەکانی کردەوە بەپێی کەلتووری تازە. بۆ نموونە، جگە لە نمایشکردن لە ئاهەنگەکاندا. دەرفەتێکی گەورەتری ڕەخساند بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر. هەروەها هەولّی دا بۆ بەشداریکردنی کەمە نەتەوەکانی تریش، دابینکردنی هۆیەکانی فێربوونی دوو زمان، یارمەتیدانی خێزانە کەمدەرامەتەکان. پاشان وتی گەر ئامانجی ئێمە گەیشتنی کچان بێت بە بەرزترین ئاستی توانادارییان، کەواتە بۆ سوورتر نەبین لەسەر یارمەتیدانی ئەو کچانەی بەهۆی ڕێگریی نەریتییەوە کەمتر دەرفەتیان هەیە؟ ئەم ستراتیژییەش زۆر باش کاری کرد و ڕێژەی بەشداریی کەمە نەتەوەکان لە دەیدەوانیی کچاندا سێ قات زیادی کرد.

لە ساڵی ١٩٩٠، پاش ئەوەی ڕێکخراوی دیدەوانیی کچانی کرد بە یەکەمین و باشترین ڕێکخراو، هێسلبابن ڕێکخراوەکەی بەجێ هێشت. بوو بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پیتەر درەکەر فاوندەیشن فۆر نەنپرۆفیت مەنەیجمێنت، پاشانیش بوو بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە. لەپای ئەو گۆڕانکارییە بنچینەیەی لە دیدەوانیی کچاندا کردی، ساڵی ١٩٩٨ مەدالیای زێڕی سەرۆکایەتی بۆ ئازادی وەرگرت کە شەرەفمەندترین خەڵاتی ئەمریکایە. لە کاتی بۆنەکەدا سەرۆک کلینتن لە کۆشکی سپی لە باسی هێسلبابیندا گوتی، " هێسلبابن کارنامەی خۆی بۆ خەڵکلەخۆگرتن و ناوازەبوون هاوبەشی پێ کرد لەگەڵ ڕێکخراوگەلێکی بێشوماردا کە دەرەنجامی ئەم

کارەیشی وەرگرتەوەبە پارە نا، بەڵکوو بە گۆڕینی ژیانی خەڵکی."

بۆچی پێویستە خۆشی ببینیت لە قازانجی بیرکردنەوەی ئامانجزانانە؟

گەر ڕاهاتوویت وا بیر بکەیتەوە ئامانجی هەر کارێك پەیوەندی بە لایەنی ماددییەوە هەیە ئەوا دەشێت شتێکی گرنگ لەدەست بدەیت بۆ خۆت و ڕێکخراوەکەت. لەبری ئەمە وەك کۆتایی یان ئەنجامێکی خوازراو بیر لە ئامانج بکەرەوە، هەر کارێك ئامانجێکی بێهاوتای خۆی هەیە. گەر کارت هەیە، کارەکەت ئامانجێکی هەیە. گەر هاوسەر بیت یان وتارخوێن یان دایك و باوك ئامانجی خۆتت هەیە.

گەر دەتەوێت بیرکردنەوەی ئامانجزانانە تاقی بکەیتەوە، بزانە کە دەتوانێت لەم بوارانەدا یارمەتیت بدات:

١. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە ڕوونێتییەکی زۆرت دەداتێ

جیاوازی چییە لەنێوان کارکردن و یاری بۆڵینگدا؟ کاتێك بۆڵینگ دەکەیت، تەنیا سێ سانیەت پێویستە تا بزانیت چۆن یارییت کردووە! ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە خەڵکی زۆر حەزیان لە وەرزشە. چونکە هیچ چاوەڕوانی و خەملاندنێکیان نییە دەربارەی ئەنجامی کۆتایی.

بیرکردنەوەی ئەنجامزانانەوات لێ دەکات بتوانیت بەئاسانی و بەخێرایی پێشبینی ئەنجامەکان بکەیت. هەڵسەنگێنەرێکت دەداتێ کە بتوانیت دەرەنجامی کارەکەتی پێ هەڵبسەنگێنیت. دەتوانرێت وەك ڕێگەیەکی بەتەرکیز بەکار بهێنریت تا دڵنیات بکاتەوە هەموو کارە بچووکەکانت مەبەستدارن و بەدوای یەکدا دێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی گەورەتر.

٢. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە یارمەتیت دەدات هەموو بارودۆخێك هەڵبسەنگێنیت

کاتێك ئامانجەکەت دەزانیت. لات ئاسان دەبێت بزانیت چۆن دەبیت لە هەر بوارێکدا. کاتێك فرانسس هێسلباین دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی دیدەوانیی کچان، هەموو ئەو شتانەی هەڵسەنگاند کە دژی ڕێکخراوەکە بوون لە گەیاندنی کچەکان بە بەرزترین ئاستی تواناداریيان هەر لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکەوە (کە لە ناوەندێکی کڵێسەییەوە کردی بە ناوەندێکی چالاکی گەنجان.) بۆ ئەو جۆرە باجەی کە کچەکان دەیانتوانی بەدەستی بهێنن. هیچ پێوانەیەکی هەڵسەنگاندن باشتر نییە لە زانینی ئامانجەکەت بۆ پیشاندانی چۆنییەتیی سەرەنجامی کارەکەت.

٣. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە یارمەتییت دەدات باشترین بڕیار بدەیت

بڕیاردان ئاسان دەبێت کاتێك ئامانجەکەت دەزانیت. کاتێك دیدەوانیی کچان تێدەکۆشان لە ساڵانی حەفتاکان، ڕێکخراوە

دەرەکییەکان هەوڵیان دەدا ئەندامەکانی دیدەوانیی کچان قایل بکەن تا ببنە چالاکوانی مافی ژنان و ئەندامانی گەڕۆك. بەلآم لەژێر دەسەلآتی هێسلبایندا، ئاسان بوو بۆ کچانی دیدەوان تا پێیان بلێن نەخێر لە ڕێکخراوەکەی خۆماندا دەمێنینەوە. چونکە ڕێکخراوەکە ئامانجی خۆی دەزانی و دەیویست بە تەرکیز و سۆزێکی بەتینەوە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت.

٤. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە ورەبەرزییت دەداتێ

کاتێك ئامانجەکەت دەزانیت و هەوڵی بۆ دەدەیت، ئەگەری بردنەوەت زیاد دەکەیت. هیچ شتێکیش ورەبەرزییەکی زۆرت ناداتێ وەك بردنەوە. چۆن وەسفی ئەو تیپە وەرزشییانە دەکەیت کە پاڵەوانێتییەك دەبەنەوە، یان ئەو کۆمپانیانەی کە ئامانجەکەیان بەدەست دەهێنن، یان ئەو خۆبەخشانەی مەبەستەکەیان دەکەنە ڕاستی؟ دڵخۆشن. ئامانجپێکان دڵخۆشکەرە. تۆش دەتوانیت ئامانجەکەت بپێکیت گەر بزانیت ئامانجەکەت چییە.

٥. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە لە داهاتووت دڵنیات دەکاتەوە.

گەر دەتەوێت سبەینێ سەرکەوتوو بیت، پێویستە ئەمڕۆ ئەمانجزانانە بیر بکەیتەوە. ئەوەش هەر ئەوە بوو کە فرانسس هێسلباین کردی و دیدەوانیی کچانی خستەوە سەر سکە. تەماشای هەر کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو بکە، بۆت دەردەکەوێت

سەرکردەیەکیان هەیە کە ئامانجی کۆمپانیاکە دەزانێت. بڕیار دەدەن، سەرچاوەکان دابەش دەکەن، خەڵکی دادەمەزرێنن و ڕێکخراوەکانیان ئاڕاستە دەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکەیان.

چۆن خۆشی ببینیت لە قازانجی بیرکردنەوەی ئامانجزانانە؟

قورس نییە تا بەهای بیرکردنەوەی ئامانجزانانە بزانیت. زۆرینەی خەڵکی ڕایان وایە بیرکردنەوەی ئەنجامزانانە قازانجێکی زۆری هەیە. بەڵام فێربوونی چۆنییەتیی بوونت بە بیرمەندێکی ئامانجزان ئاڵنگارییە. بەم شێوەیە فێر ببە:

١. ئامانجی ڕاستەقینەت دیاری بکە

ڕەوتی بیرکردنەوەی بەتەرکیز بەوە دەست پێ دەکات کە بزانیت هەوڵ بۆ چی دەدەیت. ئامانجەکەت هەر وەک تێڕوانین، ئەرک، پەیام و مەبەستی فراوانی ڕێکخراوەیەک شکۆدارە. و هەر وەک ئەوشتەیش تەرکیزدارە کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت لە پرۆژەیەکی تایبەتدا. ئەوەی گرنگە ئەوەیە زۆر ورد بیت. گەر ئامانجت سەرکەوتنە، پێویستت بە کاتێکی زۆرە بۆ بیرکردنەوەی ئامانجزانانە.

یەکەم هەنگاو وەلانانی داخوازییەکانتە. بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەیە کە بەڕاستی دەتەوێت، واتە بنچینەی ڕاستەقینەکەی ئامانجەکەت. هەموو ئەو هەستانەت وەلا بنێ کە بڕیاردانت لێ لێڵ دەکەن. هەر سیاسەتێکیش وەلا بنێ کە دەشێت کار بکاتە سەر

تێڕوانینت. بەڕاستی دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت؟ کاتێك هەموو شتە ناگرنگەکان وەلا دەنێیت، هەوڵ بۆ چی دەدەیت؟ دەبێت چی ڕوو بدات؟ وەڵامی ئەو پرسیارنەت ئامانجی ڕاستەقینەت دیاری دەکەن.

٢. ئامانجەکەت بکە بە گرنگترین شت

ئایا هەرگیز گفتوگۆت لەگەڵ کەسێك کردووە کە نیازی جیاواز بێت لەوەی لە زاری دێتە دەرەوە؟ هەندێك جار بارودۆخەکە ڕەنگدانەوەی ئەو گزییە دەبێت کە لە ناخی بەرامبەرەکەتدا هەیە. هەمان شت ڕوو دەدات گەر کەسێك نەزانێت ئامانجی چییە.

هەمان شت لە کۆمپانیاکاندا ڕوو دەدات. بۆ نموونە، هەندێك جار پەیامە نموونەییە وتراوەکەیان و ئامانجەکەیان یەك ناگرنەوە. مەبەست و قازانجیان لە کێبڕکێدا دەبن. هەر وەك پێشتر ئەم وتەیەی جۆرج دەبلیو مەرکم بۆ نووسین کە گوتویەتی، "هەوڵ دەدەین هەرگیز بیرمان نەچێت کە دەرمان بۆ خەڵکە. نەك بۆ قازانج. قازانج دوای خەڵك دێت، گەر ئێمەش هەمیشە ئەمەمان بیر بێت، ئەوا هەمیشە قازانج دەکەین." بەدڵنیاییەوە بۆیە ئەمەی گوتوە تا بیری کەسەکانی ناو ڕێکخراوەکەی بهێنێتەوە کە قازانج خزمەتکاری مەبەستە، نەك ڕکابەر.

گەر قازانجکردن ئامانجی سەرەکیت بوو، بە مەبەست یارمەتیی خەڵکیت دا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، ئەوا کۆمپانیاکەت تووشی بەلا دەبێت. مەبەستەکەی دابەش دەبێت،

نە یارمەتی خەڵك دەدات، نـە ئـەو قازانجـەش بەدەسـت دەهێنێـت کە ئامانجی بۆی دانابوو.

٣. پلانێکـی سـتراتیژی دروسـت بکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکەت

بیرکردنـەوەی ئامانجزانانـە ئـەنجام وەدەسـت دەهێنێـت. هـەر پلانێك لەڕیی ئەم جۆرەی بیرکردنەوەوە دانرا پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێت بـە ئامانجەکەتـەوە، ئـەو ئامانجـە سـەرەکییەش دەبێت یەك ئامانج بێ نەك دووان و سیان. کە ئامـانج دیـاری کـرا، دەبێت ستراتیژییەك دابنرێت بۆ بەدەستهێنانی. لە ڕێکخراوەکاندا، ئـەم سـتراتیژییە واتـە دیـاریکردنی ئـەو شـتە سـەرەکی و بنچینەییانەی کـە پێویسـتە بەدروسـتی پێکـەوە کـار بکـەن بـۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. ئەمەش بەرپرسیارێتیی سەرکردەیە.

خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە کاتێك ئامانجی هەر کارێك لەو کـارە سەرەکییانە هاتـە دی، ئـەوا ئامـانجی سـەرەکیش دێتـە دی. گـەر سەرجەمی ئامانجە بچوکەکان نەبنە هۆی بەدەسـتهێنانی ئامـانجی سەرەکیت، ئەوا یان سـتراتیژییەکەت کەموکورتـە یـانیش ئامـانجی سەرەکیتت دیاری نەکردووە.

٤. ئەندامەکانی تیمەکەت ببەستەوە بە ئامانجەکەتەوە

کاتێك ستراتیژییەکی باشت هەیە، دڵنیا ببەوە کـە خەڵکەکـەت پابەنـدن بـە سـتراتیژییەکەتەوە. واتـە بـە شـێوەیەکی نموونـەیی، پێویسـتە هـەموو ئەندامـەکانی تیمەکـەت ئامـانجی گـەورەی

ڕێکخراوەکەت و ڕۆڵی تاکەکەسی خۆیان بزانن لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەدا. پێویستە ئامانجی تاکەکەسی خۆیان بزانن و بشزانن چۆن ئەو ئامانجەیان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە.

٥. **پابەندی یەك سیستم بە وبەردەوام چاودێری ئەنجامەکان بکە**

دەیڤ سەزەرلەندی هاوڕێ و سەرۆکی پێشووی یەکێك لە کۆمپانیاکانم باوەڕی وایە هەندێك لە ڕێکخراوەکان دەکەونە کێشەوە بە هەوڵدانیان بۆ تێکەڵکردنی چەند سیستمێك. باوەڕی وایە کە زۆربەی سیستمەکان دەتوانن سەرکەوتن بدەست بهێنن، بەلأم تێکەڵکردنی چەند سیستمێکی جیاواز، یان بەردەوام گۆڕینی سیستمێك بۆ سیستمێکی دەبێتە هۆی شکست.

دەیڤ دەڵێت:

بیرکردنەوەی ئامانجزانانە شتێك نییە تەنها یەك جار بکرێت. بەڵکو پێویستە بەشێکی هەمیشەیی بێت لە سیستمی کار و سەرکەوتن. ناتوانیت تێ بگەیت لە ئەنجامێکی خوازراو گەر جاروبار بیری لێ بکەیتەوە. شتبەدەستهێنان بە بیرکردنەوەی ئامانجزانانە پێویستە ڕێگەی ژیان بێت، چونکە گەر وا نەبێت پەیامێکی ناڕوون دەبێت. من بیرمەندێکی ئامانجزانم. بیرکردنەوەی ئامانجزانانە بەشێکە لە سیستمی سەرکەوتنم.

هەموو ڕۆژێك ئەم بەكار دەبەم، نەك هیچ پێوانە و هەوڵێكی بەفیڕۆچووی تر.

دەیڤ هەموو شەوێك پەیوەندی بە ئەندامەكانی ڕێكخراوەكەوەیەوە دەكرد تا ئەو پرسیارە سەرەكییەیان لێ بپرسێت كە چاوەڕێ بوون گوێبیستی بن. هەمیشە چاوی لەسەر ئامانجی ڕێكخراوەكە بوو بە چاودێریكردنی لە هەموو ناوچەیەكی سەرەكیدا.

گرنگ نییە ئامانجەكەت چییە دەتوانیت پەرەی پێ بدەیت بە بیركردنەوەی ئامانجزانانە. بیركردنەوەی ئامانجزانانە قازانجێكی زۆری هەیە چونكە وا دەكات بیرۆكەكانت بكەیتە ئەنجام. جیاواز لە هەموو ڕەوتە هزرییەكانی تر دەتوانێت یارمەتییت بدات بەرهەمی بیركردنەوەت بدوریتەوە و ئەوە بەدەست بهێنیت كە دەتەوێت.

پرسیاری فیکری

ئایا تەركیزم لەسەر ئامانجەكەمە تا بتوانم زۆرترین قازانج بەدەست بهێنم و بەرهەمی بیركردنەوەم بدورمەوە؟

بیرخەرەوەی کۆتایی

بڕوام وایە خۆشییت لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە هاتووە. کە بەرەوپێش دەچیت لە ژیانتدا هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و، داوات لێ دەکەم کە ئەم وتانە بکەیتە ئەڵقەیەك و لە گوێیان بکەیت:

●هەموو شتێك بە تاقە بیرۆکەیەك دەست پێ دەکات.

"ژیان پێك دێت لەو شتەی کە مرۆڤ تەواوی ڕۆژ بیری لێ دەکاتەوە." _ڕاڵف واڵدۆ ئیمێرسۆن

●بیر لە هەرچی بکەینەوە ئەو شتە کەسایەتی ئێمە دیاری دەکات.کەسایەتی ئێمەش دیاری دەکات سەرگەرمی چ کارێك دەبین.

"کردارەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیەتی."_ جۆن لۆك

●بیرکردنەوەمان چارەنووسمان دیاری دەکات. چارەنووسیشمان ئەو سپاردە دیاری دەکات کە لەدوای خۆمان جێی دەهێڵین.

"ئەمڕۆ لەو جێیەیت کە بیرۆکەکانت گەیاندویانیەتیە ئەوێ. سبەینێش لەو جێیە دەبیت کە بیرۆکەکانت دەتگەیەنن پێی."

_جەیمس ئاڵن

●ئەو کەسانەی دەگەنە لوتکە جیاواز لە کەسانی تر بیر دەکەنەوە.

"هیچ شتێك وەك بیرکردنەوەی سنووردار دەستکەوت سنووردار ناکات، هیچ شتێکیش وەك بیرکردنەوەی بێسنوور ئەگەرەکان بەرفراوان ناکات."_ ویلیام ئارسەر وارد

● دەتوانین شێوازی بیرکردنەوەمان بگۆڕین.

"بیر لەو شتانە بکەرەوە کە ڕاستن، مەزنن، دادپەروەرانەن، پاکن، خۆشەویستن، شکۆمەندن، باشن و ستایشکراون."_پاول زی ئەپۆسلس

دەربارەی نووسەر

جـۆن سـی ماکسـوێڵ نووسـەر، وتاربێـژ، ڕاهێنـەر و شـارەزای بەناوبانگی ئەمریکییە لە بواری سەرکردایەتیکرندا. نووسەری زیاد لە ١٧ کتێبی پڕفرۆشە و، زیاد لە ٢٦ ملیۆن کـۆپی لـە کتێبـەکانی فرۆشـراون و، وەرگێڕدراونەتـە سـەر زیـاد لـە ٥٠ زمـانی زینـدووی دنیا. پڕفرۆشترین نووسەری نیویۆرك تایمز، واڵ ستریت و، بـزنس ویکـە. یـەکێك بـووە لـەو ٢٥ نووسـەر و هونەرمەنـدەی کـە ناویـان هـەبووە لـە دەیـەمین سـاڵیادی خانـەی کەسـانی بـەناوبانگی ئەمازۆنـدا. بـراوەی خـەڵاتی ئاشـتیی جیهـانیی دایکـە تریسـایە. سـاڵانە وتـار دەدات بـۆ کۆمپانیـا بەشـداربووەکانی فۆرچـن ٥٠٠، سـەرکردەی زۆربـەی وڵاتـان، سـەرۆکی گـەورەترین کۆمپانیاکـانی جیهـان، ڕێکخـراوە فـرە چەشـنەکانی وەك ئـەکادیمیای سـەربازیی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە بـاڵی ڕۆژئـاوا و یـەکێتیی تـۆپی پێـی نەتەوەیی.



خاڵی هاوبەشی هەموو کەسە سەرکەوتووەکانی دنیا شێوازی بیرکردنەوەیانە. خاڵی جیاوازی کەسانی ئاسایی و کەسانی سەرکەوتوویش هەر شێوازی بیرکردنەوەیانە. لەم کتێبەدا یازدە جۆری بیرکردنەوەمان بەوردی و پوختی پێ ناساندوون، تا لە ڕێیانەوە فێری شێوازی بیرکردنەوەی کەسانی سەرکەوتوو ببن و بە چەشنێ تر لە ژیان بڕوانن.

Bakhtiary Bookshop
ktebxanay baxtiary
07505000122

بەختیاری
2500 IQD